

قەڵادزێ
4/24

دوو توێژەکی تایبەتە بە 51هەمین ساڵیادی بۆردومان و 43 ساڵەی یادی ڕاپەڕینی قەڵادزێ- مەڵبەندی 24ی ڕاپەڕین بەهاوکاری کوردستانی نوێ ئامادەیکردووە

پێنجشەممە 24 / 4 / 2025

سەرۆک بافڵ جەلال تاڵەبانی:

دەڤەری پشدەر سەرمەشقی شۆڕش و تێکۆشانە

پێویستە دەستی ئاوەدانی زیاتر بۆ ناوچەکە درێژ بکرێت



بافڵ جەلال تاڵەبانی، سەرۆکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە پەیامێکدا بە بۆنەی ٥١ ساڵە یادی بۆردومانی ١٩٧٤/٤/٢٤ و ڕاپەڕینی دیرۆکی ١٩٨٢/٤/٢٤ی قەڵادزێ، ڕایدەگەیەنێت:" بە ڕێزەوە یادی ٥١ ساڵەی کارەساتی بۆردوومانکردنی قەڵادزێ و زانکۆی سلێمانی لەگەڵ یادی ٤٣ ساڵەی یادی ڕاپەڕینی شارەکە دەکەینەوە و سەری ڕێز و نەوازش دادەنوێنین بۆ گیانی پاکی شەهیدان"، جەختیش لەوە دەکاتەوە کە "یادی کارەساتی بۆردوومانی قەڵادزێ و ئەو مەرگەسات و تراژیدییانەی بەسەر گەلەکەماندا هاتووە، دەبێت هاندەرمان بێت بۆ تەبایی و یەکڕیزیی گەلەکەمان"، هەروەها پێداگری لەسەر داواکارییەکانی خەڵکی ناوچەکە دەکاتەوە و دەڵێت: "داواکاریی ئێمە داواکاریی خەڵکە سەربەرزەکەی قەڵادزێیە کە زیاتر دەستی ئاوەدانی بۆ ناوچەکە درێژبکرێت و بە کار و پرۆژە خزمەتیان بکرێت".

دەقی پەیامەکە

ئەمڕۆ بە ڕێزەوە یادی ٥١ ساڵەی کارەساتی بۆردوومانکردنی قەڵادزێ و زانکۆی سلێمانی لەگەڵ یادی ٤٣ ساڵەی یادی ڕاپەڕینی شارەکە دەکەینەوە و سەری ڕێز و نەوازش دادەنوێنین بۆ گیانی پاکی شەهیدان و سڵاوی ئەمەکداری بۆ کەسوکاری سەربەرزیان و بریندارانی دەنێرین.

یادی کارەساتی بۆردوومانی قەڵادزێ و ئەو مەرگەسات و تراژیدییانەی بەسەر گەلەکەماندا هاتووە، دەبێت هاندەرمان بێت بۆ تەبایی و یەکڕیزیی گەلەکەمان و یەکخستنی هەوڵەکانمان بۆ باشترکردنی حکومڕانی و زیاتر خزمەتکردنی خەڵکە خۆشەویستەکەمان تاکو ژیانێکی شایستەتریان بۆ دابینبکەین، بە تایبەت هاونیشتمانییانی دەڤەری پشدەر و بیتوێن کە لە کاروانی کوردایەتیدا سەرمەشقی شۆڕش و تێکۆشان بوون.

داواکاریی ئێمە داواکاریی خەڵکە سەربەرزەکەی قەڵادزێیە کە زیاتر دەستی ئاوەدانی بۆ ناوچەکە درێژبکرێت و بە کار و پرۆژە خزمەتیان بکرێت.

بافڵ جەلال تاڵەبانی

سەرۆکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

مەرگەسات و تراژیدیاکانی گەلەکەمان دەبێت ببنە هۆکاری یەکخستنی هەوڵەکانمان

سەرپەرشتیاری مەڵبەند:
قەڵادزێ و یەکێتی دوانەی قوربانیدان و خەباتن
3

خوێن لە پێناوی ئازادیدا
خۆپیشاندانەکانی ١٩٨٢ی قەڵادزێ و ڕۆڵی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
7

کاتێک شەهید بوون دەبێتە دکتۆرا
فەلسەفەی بەرخۆدان لە دروشمەکانی 1982/4/24ی قەڵادزێدا
8

بەڕێرسیارێتی فەرامۆشکراو
ئەرکی زانکۆکانی سلێمانی و ڕاپەڕین لە پاراستنی یادەوەری قەڵادزێدا
12

سێکوچکەی بەرپرسیارێتی

یادەوەری وەک ئەرکێکی میژوویی

تۆتالیتاریزم هێرش دەکاتە سەر ناوەندە فیکریی و زانستییەکان، چونکە دەزانێت لەوێوە دەنگی ئازادی و دیموکراسی بەرز دەبێتەوە. بۆردومانی قەڵادزێ و زانکۆی سلێمانی لە ٢٤ی نیسانی ١٩٧٤دا هەر ڕووداوێکی تراژیدی نەبوو، بەڵکو هەوڵێکی سیستەماتیک بوو بۆ لەناوبردنی بیری ئازاد و ناسنامەی نەتەوەیی کورد.

یادەوەری بەکۆمەڵ تەنها کردەیەکی سەنتیمێنتاڵی نییە، بەڵکو ئەرکێکی سیاسی و ئەخلاقییە. کاتێک زانکۆیەک یادی قوربانییەکانی خۆی دەکاتەوە، ئەرکێکی سادە ئەنجام نادات، بەڵکو بەردەوامی بە گوتاری بەرەنگاری دەدات. لەم سۆنگەیەوە، یادکردنەوەی ٢٤ی نیسان تەنها یادی کارەساتێک نییە، بەڵکو بەڵێندانەوەیەکە بۆ بەردەوامی خەباتی فیکری و کولتووری.

پێشنیاری دامەزراندنی "سەنتەری هەماهەنگی" نێوان زانکۆی سلێمانی و زانکۆی ڕاپەڕین، تەنها بۆ کۆکردنەوەی بەڵگەنامە نییە، بەڵکو بۆ پاراستنی 'فەزای بیرکردنەوەی ڕەخنەیی'یە کە سەرەتای هەموو ئازادییەکە. فەزایەک کە ڕێزمی بەعس دەیویست لەناوی ببات. ئەم سەنتەرە دەتوانێت ببێتە پردێک لە نێوان کارەساتەکانی ڕابردوو و پێداویستییەکانی داهاتوو، بە دروستکردنی کەشێکی بەرهەمهێنەر بۆ دیالۆگی نەوەکان.

لێرە زانکۆکانی "سلێمانی، ڕاپەڕین" و "کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان"، دەکەونە بەردەم سێ بەرپرسیارێتی سەرەکی میژوویی: پاراستنی یادەوەریی میژوویی، پەروەردەکردنی هۆشیاری ڕەخنەیی، و دروستکردنی پەیوەندی نێوان نەوەکان. سێکوچکەیەکی بەرپرسیارێتی کە نابێت لەیەک دابڕێن. مەترسیدارترین شت لەبیرچوونەوەیە، نەک خودی تراژیدیا خۆی. کاتێک نەوەیەک لەبیری دەچێتەوە چ ستەمێکی لێکراوە، ئەمە سەرەتای دووبارەبوونەوەی کارەساتەکانە.

زانکۆی سلێمانی و زانکۆی ڕاپەڕین نەک تەنها دامەزراوەی زانستین، بەڵکو یاداشتی زیندووی گەلێکن. یاداشتێک کە پێویستە نەک تەنها تۆمار بکرێت، بەڵکو لە فۆرمی بیرکردنەوەی نوێدا بەردەوام بەرهەم بهێنرێتەوە. ئەمەش لە ڕێگەی توێژینەوەی زانستی، فێستیڤاڵی کەلتووری و هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە بەدی دێت.

ئایا ئەم دوو زانکۆیە و کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان، کە سەرمەشقی ڕاپەڕینەکانی ١٩٨٢ و هەشتاکانە بە گشتی، ئەرکی میژوویی خۆیان بەجێ دەگەیەنن؟ ئەمە پرسیارێکە کە نەک تەنها پەیوەندی بە ڕابردووەوە هەیە، بەڵکو پەیوەندی بە ئایندەی کەرامەت و ئازادیی گەلی کوردەوە هەیە.

ڕۆژنامەی قەڵادزێ

مەڵبەندی ٢٤ی ڕێکخستنی ڕاپەڕین:

قەڵادزێ، قوربانی تاوانی جەنگە و پێویستە حکومەتی عیراق قەرەبووی بکاتەوە

لە یادی پەنجا و یەک ساڵەی بۆردومانی قەڵادزێ و چل و سێ ساڵەی ڕاپەڕینە میژوویییەکەیدا، مەڵبەندی ٢٤ی ڕێکخستنی ڕاپەڕینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەم بانگەوازە پڕ لە هیوایە، یادی قوربانیان دەکاتەوە و پەیمانی بەردەوامی بۆ خزمەتی شارەکە و خەڵکەکەی نوێ دەکاتەوە.

دەقی پەیامەکە

"یەکێتی، چۆن لەبەرامبەر زەبر و زەنگی ڕژێمدا پشتی نەکردە قەڵادزێ و خەڵکی کوردستان، ئەمڕۆش ئاوا بەهەگبەی ئاوەدانی زیاتر و دەستی پڕ لەپڕۆژەوە، درود بۆ شەهیدەکانی شار دەنێرێ و سڵاوی بوژانەوە لەخەڵکە خۆڕاگرەکەی دەکات."

پەنجا و یەک ساڵ بەسەر ئەو ڕۆژە ڕەشەدا تێدەپەڕێ کە فڕۆکە مەرگچێنەکانی ڕژێمی بەعس شاری قەڵادزێیان ناپاڵم باران کرد، بەڵام زامەکانی ئەو کۆمەڵکوژییە هێشتان خوێنیان لێدەتکێت و ساڕێژ نەبوون. ڕۆژی ١٩٧٤/٤/٢٤، قەڵادزێ کە لەو کاتەدا میواندارێ زانکۆی سلێمانیشی کرد بوو، لە دڕندانەترین هێرشی ئاسمانیدا کرایە ئامانج. ئەنجامەکەی سەدان شەهید و بریندار لە خەڵکی مەدەنی، ژن و منداڵ، مامۆستا و خوێندکاری زانکۆ بوون، لەگەڵ وێرانبوونی سەنتەری شارەکە. ئەم تاوانە گەورەیە کە لە بەرچاوی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و بە چەکی قەدەغەکراو ئەنجامدرا، نەک هەر تەنها سەرەتای جینۆسایدی گەلی کورد بوو، بەڵکو هەرەسی شۆڕشیشی بەدوای خۆیدا هێنا.

بەڵام قەڵادزێیی خۆڕاگرەکان، ئەم ستەمەیان بێ وەڵام نەهێشتەوە. هەشت ساڵ دواتر، لە هەمان ڕۆژدا - ١٩٨٢/٤/٢٤، بە ڕێبەرایەتی و پشتیوانی ڕاستەوخۆی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ڕاپەڕینێکی مەزنیان دژی دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی ڕژێم بەرپا کرد. نەعرەتەی پێکەوە گرێدانی خەباتی شاخ و شاریان بەرز کردەوە و بووە سەرچاوەی ئیلهام بۆ زۆربەی شار و شارۆچکەکانی باشووری کوردستان.

دوای تێپەڕبوونی نیو سەدە زیاتر بەسەر ئەم کارەساتەدا، جێگەی داخە هێشتا حکومەتی ئێستای عیراق، میراتگری ڕژێمی پێشوو، هیچ هەنگاوێکی جیددی نەناوە بۆ قەرەبووکردنەوەی قەڵادزێ و خەڵکەکەی. بەهۆی خەمساردی ناوەندە پەیوەندیدارەکان و سیاسەتی پەرتکە و زاڵبەی خێڵگەرایی لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا، گەیشتن بە ئامانجی قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتووان نەگەیشتووەتە ئاکام، ئەرکی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستانە دۆسییەی ئاوەدانی قەڵادزێ و قەزای پشدەر لە چوارچێوەی پڕۆژەی گەشەپێدانی نیشتمانی عیراقیدا بکاتە ئەولەویەت بۆ کار لەسەر کردن.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ئەمڕۆ بە گروتینێکی نوێ و بە هەگبەیەک پڕ لە پرۆژەی ئاوەدانی، دێتەوە ناو ئەم یادەوەرییە پڕ لە ئازارە. یەکێتی، هەروەک چۆن لە ڕۆژانی سەختدا پشتی نەکردە خەڵکی قەڵادزێ و تەنهای نەکردن، ئەمڕۆش دووپاتی دەکاتەوە کە بەردەوام بێت لە پشتیوانی و خزمەتکردنی شارەکە و دانیشتوانەکەی.

لەم یادەوەرییە میژوویییەدا، مەڵبەندی ٢٤ی ڕێکخستنی ڕاپەڕین دروود بۆ گیانی پاکی شەهیدەکان دەنێرێت، سڵاو لە خەڵکە خۆڕاگرەکەی قەڵادزێ و قەزای پشدەر دەکات، ستایشی سەرمەشقی ڕاپەڕیوانی هەشتاکان دەکات و دووپاتی دەکاتەوە هەوڵی بێوچان دەدات بۆ ئاوەدانی و خۆشگوزەرانی زیاتری قەڵادزێ و قەزای پشدەر بەگشتی.

مەڵبەندی ٢٤ی ڕێکخستنی ڕاپەڕین

قەڵادزێ یادەوەری بۆردومان و ڕاپەڕین بەرز ڕادەگرێت

شاری قەڵادزێ یادی دوو کارەساتی میژوویی دەکاتەوە - ٥١ ساڵەی بۆردومانی ٢٤ی نیسانی ١٩٧٤ و ٤٣ ساڵەی ڕاپەڕینی ٢٤ی نیسانی ١٩٨٢ - بە چەندین چالاکی و بەرنامەی هونەری، ڕۆشنبیری، زانستی و کەلتووری.

مەراسیمی یادی شەهیدان بە سەرپەرشتی بەڕێوەبەرایەتییەکانی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی ڕاپەڕین و قەڵادزێ بەڕێوەدەچێت. بۆنەکە بە بەشداری مەڵبەندی ٢٤ی ڕێکخستنی ڕاپەڕین، کۆمیتەکانی ڕێکخستنی سنووری مەڵبەند، تێکۆشەرانی یەکێتی و فراکسیۆنەکانی یەکێتی لە عیراق و کوردستان، تیمی یەکێتی لە حکومەتی خۆجێیی ڕاپەڕین و خەڵکی تێکۆشەری قەڵادزێ و قەزای پشدەر بەگشتی لە گۆڕستانی قەڵادزێ ئەنجام دەدرێت. هاوکات لەگەڵ دانانی تاجە گوڵێنەی ڕێز و وەفاداری، چەندین سروود و لاواندنەوە لەلایەن پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی ڕانیەوە پێشکەش دەکرێن. هەروەها پەیمانگەی کۆمپیوتەری قەڵادزێی ناحکومی و ژمارەیەک لە خوێندنگەکانی قەڵادزێ چەندین نمایش و چالاکی هونەری و کەلتووری ئەنجام دەدەن. هەر لەو ڕۆژەدا، زانکۆی ڕاپەڕین بە هاوکاری دامەزراوەی سەرۆک جەلال تاڵەبانی، چەندین چالاکی ئەنجام دەدات، لەوانە:

کردنەوەی پێشانگەیەکی وێنەیی بۆردومان و ڕاپەڕینی شاری قەڵادزێ، ئەنجامدانی سیمپۆزیۆمێکی ئەکادیمی کە چەندین پانێڵ لە خۆدەگرێت. کردنەوەی سەنتەرێکی ئەکادیمی ڕاوێژکاری و ڕێنمایی دەروونی لە کەمپەسی قەڵادزێ

گۆڤاری میتانیا کە سەر بە بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری و هونەری ڕاپەڕینە، کۆڕیادێکی تایبەت بە قەڵادزێ سازدەدات کە تیایدا چەندین پانێڵ لە خوێندنەوەی جیاواز بۆ کارەسات و ڕاپەڕینی ٢٤ی نیسان پێشکەش دەکرێن.

ماڵی کەلەپووری و ڕۆشنبیری قەڵادزێ، ڕێپێوانێک لە پارکی پیرەمێردەوە بۆ پارکی شار ڕێکدەخات بە بەشداری: دوو ئالای کوردستان، حەوت دەفژەن، چوار مەشخەڵی ئاگر، فلیکسێکی گەورە، سی بۆ چل خوێندکاری زانکۆ لە بەردەم پارک، مەقامێک پێشکەش دەکرێت و ٢٤ کۆتر لەلایەن خوێندکارانی زانکۆوە ئازاد دەکرێن. هەروەها فیستیڤاڵی خانمان لە ناو پارک، هەڵدانی خێوەتێکی ١٥ بە ١٥ متر لەناو پارک، و شەوە ئاهەنگێکی گۆرانی ڕەسەنی کوردی لە ناو ماڵی کەلەپووری ئەنجام دەدرێت.

کۆلێژی پەروەردە لەزانکۆی ڕاپەڕین
بەهاوبەشی دامەزراوەی سەرۆک جەلال تاڵەبانی
دامەزراوەی سەرۆک جەلال تاڵەبانی
PRESIDENT JALAL TALABANI FOUNDATION
مؤسسة الرئيس جلال طالباني
چەند چالاکیەک لە ساڵیادی
(٢٤ی ٤ی بۆردومان و ڕاپەڕینی شاری قەڵادزێ)
ڕێکدەخەن


ئیدارەی ڕاپەڕین ١٣ پڕۆژەی ستراتیژی ئاشکرا دەکات

لە هەنگاوێکی گرنگدا بۆ گەشەپێدانی سنووری ئیدارەی سەربەخۆی ڕاپەڕین، بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە ڕاپەڕین چەندین پڕۆژەی ستراتیژی پێشنیاز کردووە کە جەخت دەکاتەوە لەسەر دروستکردنی کۆمەڵێک بۆند و بەنداو لە ناوچە جیاوازەکانی سنوورەکەدا. بەپێی زانیارییەکان، ئەم پڕۆژانە بەشێکن لە پلانی پەرەپێدانی ژێرخانی ئیدارەی ڕاپەڕین و ئامانجی سەرەکییان باشتر کۆنترۆڵکردنی سەرچاوەکانی ئاو و گەشەپێدانی بوارەکانی کشتوکاڵی و گەشتیارییە لە ناوچەکەدا.

پڕۆژەکان بەسەر ناوچە جیاوازەکانی وەک ڕانیە، قەڵادزێ، ژاراوە، هەڵشۆ، هێرۆ، ناودەشت و ئیسێوادا دابەش دەبن و پێکهاتوون لە: بۆندی مروە، بۆندی دێگە، بەنداوی ئالاوە، بەنداوی بەلک، بۆندی وشکەدۆڵ، بۆندی دوگۆمان، بۆندی دەرگەڵە، بەنداوی دۆڵێ ڕەسووی، بۆندی ماخۆبزنان، بەنداوی ئیشکەڕۆ، بەنداوی باراوە، بۆندی پلێنگان و بەنداوی پاشکۆتەڵ.

ئەگەرچی هێشتا وردەکارییەکانی کاتبەندی جێبەجێکردن و بودجەی تەرخانکراو بۆ ئەم پڕۆژانە ئاشکرا نەکراون، بەڵام چاوەڕوان دەکرێت کە دروستکردنی ئەم بۆند و بەنداوانە کاریگەرییەکی ئەرێنی هەبێت لەسەر ژیانی دانیشتوانی ناوچەکە و ببێتە هۆی گەشەسەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتی.

سەید جەزا سەید مەجید – سەرپەرشتیاری مەڵبەندی ٢٤ی ڕێکخستنی ڕاپەڕین

قەڵادزێ و یەکێتی دوانەی قوربانیدان و خەباتن



چاوپێکەوتن : قەڵادزێ

لە یادی پەنجا و یەک ساڵەی مەرگەساتی بۆردومانی قەڵادزێ و چل و سێ ساڵەی یادی ڕاپەڕینی مێژوویی شارەکەدا، سەید جەزا سەید مەجید، ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و سەرپەرشتیاری مەڵبەندی ٢٤ی ڕێکخستنی ڕاپەڕین، لە دیدارێکی تایبەتدا بۆ ڕۆژنامەی "قەڵادزێ" ڕوانگەیەکی قوواڵ سەبارەت بە مێژوو، ئێستا و داهاتووی قەڵادزێ و قەزای پشدەر دەخاتە ڕوو، کە تەنیا جوگرافیایەک نین، بەڵکو هێمایەکی نەتەوەیین لە خۆڕاگری و بەردەوامبوون.

"قەڵادزێ و یەکێتی دوانەیەکی لێکدانەبڕاوی خەبات و قوربانیدانن" - ئەم وتەیە چوارچێوەی سەرەکی دیدی سەید جەزا بوو بۆ ئەو پەیوەندییە مێژوویەی نێوان شارەکە و یەکێتیی نیشتمانی کوردستان. لە چەمکێکی قوواڵتردا، ئەم پەیوەندییە تەنها پەیوەندییەکی سیاسی نییە، بەڵکو پەیوەندییەکی چارەنووسسازە لە نێوان بزووتنەوەیەکی سیاسی و جوگرافیایەکی مرۆیی کە زۆرترین قوربانیانداوە لە پێناو ئازادی و مافە نەتەوەییەکاندا.

"بەشکۆوە یادی پەنجا و یەک ساڵەی مەرگەسات و چل و سێ ساڵەی ڕاپەڕینی قەڵادزێ دەکەینەوە و یاد و یادەوەرییەکانی شەهیدان و بریندار و قوربانیانی قەڵادزێ و زانکۆی سلێمانی و سیمبولی شەهیدانی ڕاپەڕینی ١٩٨٢ دایکە ئامینە و خوشکە سنەوبەر لە شارەکەدا بەرز و پیرۆز و زیندوو ڕادەگرین." لەم ڕستانەدا، سەرپەرشتیاری مەڵبەند پەیوەندییەکی زۆر گرنگ دەخاتە بەرچاو - پەیوەندی نێوان قوربانیدانی ١٩٧٤ و ڕاپەڕینی ١٩٨٢، ئەو دوو ڕووداوەی کە شاری قەڵادزێ و قەزای پشدەریان لە شارێکی ئاساییەوە گۆڕی بۆ سیمبولێکی نیشتمانی.

بۆ تێگەیشتنی قوواڵتر لە گرنگی ئەم دوو ڕووداوە، سەید جەزا شرۆڤەیەکی تایبەتی پێشکەش دەکات: "بۆردومانی ١٩٧٤/٤/٢٤ و ڕاپەڕینی ١٩٨٢/٤/٢٤ی قەڵادزێ لە یەککاتدا هەم هێمای خۆڕاگری و بەپێوە مانەوەی خەڵکە تێکۆشەرەکەیەتی بەرامبەر زوڵم و ستەمکاری ڕژێمی بەعسی لەناوچوو، هەم سەلمێنەری ئەو ڕاستیەشن کە هیچ هێز و دوژمنکارییەک ناتوانێ ئیرادەی میللەتەکەمان تێکبشکێنێت، ئەوتا ئەوەی دواجار لەناوچوو ڕژێمی بەعس بوو، قەڵادزێ بەپێوە و زیندوو مایەوە." ئەمە فەلسەفەیەکی قووڵە لەسەر بەردەوامبوونی گەلان و هێزی ویست و ئیرادەی نەتەوەیی، کاتێک کە زەبروزەنگ نەیتوانیوە خەڵکی قەڵادزێ بە چۆکدابهێنێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە، بووەتە هاندەر بۆ ڕاپەڕین و بەرەنگاری زیاتر.

سەرپەرشتیاری مەڵبەندی ٢٤ی ڕێکخستنی ڕاپەڕین، پەیوەندی قوواڵی نێوان قەڵادزێ و یەکێتی لە ڕوانگەیەکی مێژووییەوە دەخاتەڕوو: "یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ڕابردودا چۆن لەبری پشتکردنە خەڵک و بەتەنها جێهێشتنی قەڵادزییەکان لەتۆڵەی شەهیدانی ١٩٧٤دا بە ڕاپەڕین لەسەر دەستی خەڵکی شارەکە وڵامی ڕژێمی دایەوە، ئەمڕۆش ئاوا هەڵگری یەک خەم و خەونن، قەڵادزێ بۆماوەیەکی درێژ ناوەندی سەرکردایەتی یەکێتیی و شۆڕش بووە، بۆیە خەمی قەڵادزێ خەمی یەکێتی و خەمی یەکێتی خەمی قەڵادزییەکانە." لێرەدا، سەید جەزا باس لە پەیوەندییەکی ستراتیژی و مێژوویی دەکات کە پەیوەندی نێوان گەل و ڕێکخراوێکی سیاسی پیشان دەدات کە لە ناخۆشی و ئازار و خەباتدا پێکەوە هاوبەش بوون.

لە بەشێکی گرنگی دیدارەکەدا، سەرپەرشتیاری مەڵبەند، باس لە بەرپرسیارێتی ئاوەدانکردنەوەی شارەکە دەکات: "ئەوەی قەڵادزێی وێرانکرد حکومەتی ئەوسای عیراق بوو کە حکومەتی ئێستای میراتگرییەتی، بۆیە ئەرکی دەوڵەتی عیراق و ئەرکی حکومەتی هەرێمیشە وەک بەرهەمی ئەو ڕەنج و قوربانیدانەی قەڵادزێ و خەڵکی کوردستان قەرەبوی قەڵادزێ و قەزای پشدەر بکەنەوە و خزمەتی زیاتری ئەو ناوچەیە بکەن." لەم ڕوانگەیەوە، سەید جەزا فەلسەفەیەکی سیاسی گرنگ دەخاتەڕوو - ئەوەی کە میراتگری دەوڵەتەکان بەرپرسیارێتییان هەیە لە ئاست کردەوەکانی پێشوودا، هەروەها ئەرکی حکومەتی هەرێمیش کە لە ئەنجامی خەباتی ئەم شارە و شارەکانی تری کوردستان دروستبووە، ئەوەیە کە باشترین خزمەت پێشکەش بکات.

سەرپەرشتیاری مەڵبەندی ٢٤ی ڕاپەڕین لە بەشێکی تایبەتی دیدارەکەدا، داوای دادپەروەری لە لە دادگای باڵای تاوانەکانی عیراق دەکات و دەڵێت: "داوا لە دادگای باڵای تاوانەکانی عیراق دەکەین، دۆسیەی ئاوەدانکردنەوەی خەڵکە چوارچێوەی پڕۆژەی گەشەپێدانی نیشتمانی عیراقیدا بجوڵێنێت. چونکە ئەم داواکارییە تەنها مەسەلەیەکی ماددی نییە، بەڵکو جێبەجێکردنی ئەو دانپێدانانە فەرمییە مێژوویەشە لەلایەن دەوڵەتی عیراقەوە، کە پرسی بۆردومان و ڕاگواستنی زۆرەملێیانەی قەڵادزێی وەک جینۆساید ناساندوە. بۆیە دەڵێم، ئەرکی ئێمە تەنها بەدواداچوونی یاسایی نییە، بەڵکو پەیگیری بەردەوامە بۆ ئەوەی چیتر دۆسیەی قەڵادزێ و پشدەر لە ئاوەدانکردنەوە، بوژاندنەوە و قەرەبووکردنەوەدا فەرامۆش نەکرێت. ئەمە ئەرکێکی مێژوویی و نەتەوەییە سەر شانی هەموومان، و ئێمە هەتا سەرکەوتنی تەواوی ئەم داوا ڕەوایە، هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵ خەڵکەکەماندا دەبین."

سەید جەزا سەید مەجید، زۆر بە ڕوونی، باس لە پلانەکانی یەکێتی بۆ قەڵادزێ و قەزای پشدەر دەکات: "قەڵادزێ و قەزای پشدەر شایەنی باشترین خزمەت و خەڵکەکەی دەبێ باشترین جۆری خزمەتگوزارییان بۆ دەستەبەر بکرێ و پێشکەش بکرێت. "لەگەڵ ئیدارەی ڕاپەڕین و لایەنە پەیوەندیدارەکان بێگومان بەپشتیوانی ڕاستەوخۆی سەرۆک "بافڵ جەلال تاڵەبانی" سەرۆکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و دەوڵەتمەدار بەڕێز "قوباد تاڵەبانی" سەرقاڵی هەڵگرتنی تەواوی ئاستەنگەکانی بەردەم گەشەپێدانی شارەکە و بوژاندنەوەی ژیان گوزەرانی خەڵکی شارەکەین، دەستپێکردنەوەی پڕۆژە وەستاوەکان لەچوارچێوەی ئەم هەوڵانەدایە و بڕیار وایە بەم نزیکانەش جێبەجێکردنی پڕۆژەی نوێ دەست پێدەبکرێت."

لێرەدا، سەرپەرشتیاری مەڵبەند ئاماژە بە چەند خاڵی گرنگ دەکات باس لە 'شایستەیی' قەڵادزێ بۆ خزمەتگوزاری باشتر دەکات، ئەمەش بە ئاماژەیەک بۆ مێژووی قوربانیدان. ناوی سەرۆکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، "بافڵ جەلال تاڵەبانی" و دەوڵەتمەدار "قوباد تاڵەبانی" دەهێنێت وەک پشتیوانی سەرەکی ئەم هەوڵانە، ئەمەش نیشانی دەدات کە پرسی قەڵادزێ لەسەر ئاستی بەرزی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حکومڕانی لە حکومەتی نوێی هەرێمی کوردستان وەک پڕۆگرامی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان جێگای گرنگیپێدانە. باس لە "دەستپێکردنەوەی پڕۆژە وەستاوەکان" و "جێبەجێکردنی پڕۆژەی نوێ" دەکات، کە نیشانەی بەڵێنێکی کردەییە بۆ ئاوەدانکردنەوە.

دواتر، سەید جەزا دیدگەیەکی فراوانتر بۆ گەشەپێدانی قەڵادزێ دەخاتەڕوو: "هاوکات لەگەڵ بوژاندنەوەی پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان و جێبەجێکردنی پڕۆژەی نوێ، گەشەپێدانی بزاوتی ڕۆشنبیری و هونەری قەڵادزێ و قەزای پشدەر و دەقەری ڕاپەڕین بەگشتی ئامانجمانە و بەکردەوە کار لەسەر بۆژانەوەی بواری کولتوری و کەلەپوری و هونەری و ڕۆشنبیرییەکان دەکەین." ئەمە دیدگەیەکی تەواوکارە کە تێیدا گەشەپێدان تەنها لە ڕەهەندی فیزیکی و خزمەتگوزاریدا نابینرێت، بەڵکو ڕەهەندی کولتووری، هونەری و ڕۆشنبیریش دەگرێتەوە.

سەید جەزا سەید مەجید، لە کۆتایی دیدارەکەیدا، پەیامێکی ڕوون دەنێرێت بۆ خەڵکی قەڵادزێ - پەیامێک کە تێیدا جەخت لەسەر درێژەدان بە ئەزموونی هاوبەش و چارەنووسی یەکگرتوو دەکاتەوە. لەم ڕوانگەیەوە، قەڵادزێ تەنها شارێک نییە کە چەندین دەیە پێش ئێستا قوربانی داوە، بەڵکو هێمایەکی زیندووە بۆ بەردەوامی خەبات و گەیشتن بە ئامانجەکان.

ئەم دیدارە، لە چەندین ڕەهەندەوە، وێنەیەکی زیندوومان پێشکەش دەکات لە پەیوەندی نێوان یەکێتی و قەڵادزێ - پەیوەندییەک کە لە قووڵایی مێژوودا ڕەگی داکوتاوە، لە ئێستادا بەردەوامە، و بۆ داهاتووش نەخشەڕێگەیەکی ڕوون و دیاریکراوی هەیە. شاری قەڵادزێ و قەزای پشدەر، وەک سەید جەزا جەختی لێدەکاتەوە، تەنها شوێنێک نییە لەسەر نەخشە، بەڵکو چیرۆکێکی بەردەوامە لە خۆڕاگری، قوربانیدان و سەرکەوتن لە ڕووبەڕووبوونەوەی ستەم و چەوسانەوەدا. بۆیە، خەمی قەڵادزێ خەمی یەکێتییە و خەمی یەکێتی'ش خەمی قەڵادزییەکانە.

داوا لە دادگای باڵای تاوانەکانی عیراق دەکەین، دۆسیەی ئاوەدانکردنەوەی قەڵادزێ و قەرەبووکردنەوەی خەڵکە زیانلێکەوتووەکەی لە چوارچێوەی پڕۆژەی گەشەپێدانی نیشتمانی عیراقیدا بجوڵێنێت

قەڵادزێ تەنها شارێک نییە کە چەندین دەیە پێش ئێستا قوربانی داوە، بەڵکو هێمایەکی زیندووە بۆ بەردەوامی خەبات و گەیشتن بە ئامانجەکان

ڕاپەڕینی قەڵادزێ ١٩٨٢

کاتێک خوێندکاران میژووییان نووسییەوە

مەهدی ئەحمەد مەحمود

بزووتنەوە خوێندکارییەکانی جیهان وەک هێزێکی کاریگەر لە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا ڕۆڵیان گێڕاوە. ئەمە لە بزووتنەوەی ٤ی ئایاری چین ١٩١٩وە بگرە بۆ ڕاپەڕینی ١٩٦٨ی فەرەنسا، لە خەباتی مافە مەدەنییەکانی ئەمریکا تا ڕاپەڕینی تیانەنمەن، خوێندکاران توانیویانە ببنە پێشەنگی گۆڕانکاری و میژوو بنووسنەوە. لەم چوارچێوەیەدا، ڕاپەڕینی خوێندکارانی قەڵادزێ لە ٢٤ی نیسانی ١٩٨٢ نموونەیەکی دەرەوشاوەیە لە خەباتی خوێندکاران و نەتەوەیی کورد دژی زوڵم و ستەمی ڕژێمی بەعس.

ڕاپەڕینی ٢٤ی نیسانی ١٩٨٢ی قەڵادزێ ڕووداوێکی هەڕەمەکی نەبوو، بەڵکو دەرەنجامی کۆمەڵێك هۆکاری میژوویی و سیاسی بوو. هەشت ساڵ پێش ٢٤ی نیسانی ١٩٧٤، ڕژێمی بەعس بۆردومانێکی دڕندانەی ئاسمانی بە بۆمب و ناپاڵم بۆ سەر شاری قەڵادزێ و کەمپی زانکۆی سلێمانی ئەنجامدا. ئەمە بوو بەهۆی شەهیدبوونی ١٦٣ خوێندکار و هاووڵاتی مەدەنی و بریندارکردنی زیاتر لە ٣٠٠ کەسی دیکە. لە ماوەی چەند خولەکێکدا، زۆربەی گەڕەك و ماڵ و دوکانەکانی شار خاپوور کران. پێش ئەوە، قەڵادزێ لە ساڵەکانی ١٩٦٣ و ١٩٦٦دا خراپترین بۆردومانی

> ڕاپەڕینی ٢٤ی نیسانی ١٩٨٢ی قەڵادزێ ڕووداوێکی هەڕەمەکی نەبوو، بەڵکو دەرەنجامی کۆمەڵێك هۆکاری میژوویی و سیاسی بوو

ئاسمانی لەلایەن ڕژێمەکانی عیراقەوە بەرکەوتبوو. هەروەها ڕێککەوتننامەی جەزائیر لە ١٩٧٥ لە نێوان عیراق و ئێران، کە بووە هۆی بەهێزبوونی ڕژێمی بەعس و لاوازکردنی شۆڕشی کورد، کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر گەنجان و خوێندکارانی کورد هەبوو.

لە ٢٤ی نیسانی ١٩٨٢، لە یادی هەشتەمین ساڵیادی بۆردومانەکەی ١٩٧٤دا، خوێندکاران و خەڵکی شاری قەڵادزێ بە سەرپەرشتی ڕێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ڕاپەڕین. ئەم ڕاپەڕینە نموونەیەکی سەرکەوتووی خەباتی ڕێکخراو و ئاشتیخوازانە بوو کە تێیدا نوێنەری وەك نمایشی هونەری سیاسی (شانۆگەری کاوەی ئاسنگەر) و بەکارهێنانی تابلۆ و پەیکەر و نمایشە هونەرییەکان بینران. ئامانجە سەرەکییەکانی ڕاپەڕینەکە بریتی بوون لە ڕەتکردنەوەی سیاسەتی بەعەرەبکردن، پاراستنی ناسنامەی کوردی، دەربڕینی ناڕەزایەتی سیاسی بەرامبەر دەستدرێژییەکانی ڕژێم و داواکردنی ماف و ئازادییە سەرەتاییەکان.

ڕژێمی بەعس ئەمجارەش دڕندانەتر لە جاران وەڵامی ڕاپەڕیوانی دایەوە. لە ڕێگەی جاشەکانیەوە کە لەسەر قەڵات و گردی حوسنی جێگیری کردبوون، کەوتە گیانی هاونیشتیمانیان و ژمارەیەك شەهید و بریندار کرد، لەوانە مامۆستا سنەوبەر محمود و دایکە ئامینە. هەروەها خوێندکار ئامانج زاهیر ڕشید (تەیمور) کە بریندارببوو، دوای ماوەیەك شەهید بوو. هەروەها عومەر خدر نورەدینی بریندار کرا و زیاتر لە ٧١ کەس دەستگیر کران کە زۆربەیان خوێندکار و لە ڕیزی ڕێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا بوون، لە نێویاندا ١٦ کچ و ژن هەبوون.

کەسایەتییە دیارەکانی ئەم ڕاپەڕینە زۆر بوون، لەوانە شەهید مامۆستا محمد سوڵتان کە دوای ڕاپەڕین بوو بە پێشمەرگە، مامۆستا سەعید عبدالله عبدالرحمن، مامۆستا خالید محمد ڕسوڵ (هەڵاج)، کاکەمین قادر مینە (چیا) کە خوێندنی ماستەری بۆ ڕاپەڕین جێهێشت، خەسرەو قادر عبدالله کە قۆناغی سێیەمی کۆلێژی پزیشکی بوو، مستەفا ابراهیم دەرۆش (شاسوار) کە ماڵەکەیان بنکە و لانەی کۆبوونەوە بوو، هەروەها کوڕەکانی عبدالله ڕەش و دایکیان و دەیانی تریش.

ڕاپەڕینی ٢٤ی نیسانی ١٩٨٢ی قەڵادزێ کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر میژووی خەباتی کورد جێهێشت. ئەم ڕاپەڕینە هۆشیاری سیاسی و نەتەوەیی گەلی کوردی بەرزکردەوە و خەباتی شاخ و شاری ناوێتەی یەکتری کرد. هەروەها پەیامێکی ڕوونی بۆ ڕژێمی بەعس هەبوو کە گەلی کورد ئامادەیی خۆی بۆ بەرەنگاربوونەوە و کۆڵنەدان نیشاندا. ئەم ڕاپەڕینە بناغەیەکی پتەو بوو بۆ ڕاپەڕینی ٥ی ئازاری ١٩٩١ لە شاری ڕانیە و یارمەتیدەر بوو کە بیرۆکەی خەبات و بەرخۆدان لە ناو کورددا بەتایبەت لە ناو خوێندکاران بڵاوببێتەوە و زۆربەی شار و شارۆچکەکانی کوردستان بگرێتەوە.

٤٣ ساڵ بەسەر خۆپیشاندانە میژوورییەکەی ٢٤ی نیسانی ١٩٨٢دا تێپەڕیوە، بەڵام کاریگەری و بایەخی ئەو ڕووداوە تا ئەمڕۆش لە ناو بزووتنەوەی خوێندکاری و میژووی خەباتی مەدەنی کوردیدا دیارە. ئەم خۆپیشاندانە بۆ یەکەمجار لە میژووی عیراقدا نیشانیدا کە خوێندکاران دەتوانن لە دەرەوەی خواستەکانی حزبی بەعس کۆببنەوە و ناڕەزایەتی خۆیان دەربڕن. بۆ ڕێزگرتن لەم ڕاپەڕینە گرنگە دروستکردنی مۆزەخانەی تایبەت بۆ پاراستنی میراتی ڕاپەڕینەکە، خوێندنی میژووی ئەم ڕاپەڕینە لە قوتابخانە و زانکۆکان، ڕێککخستنی چالاکییە زانستی و ئەدەبی و هونەرییەکان بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدان، پەیوەندیکردن لەگەڵ خوێندکاران و لاوان لە ڕێگەی کەمپ و گەشتە میژووییەکان و ناساندنی ڕاپەڕینەکە لە ئاستی جیهانی، هەروەها گێڕانەوەی شایستەی دارایی بۆ زیندانیانی سیاسی ڕاپەڕینی ٢٤ی نیسانی ١٩٨٢ کە لێیان ڕاگیراوە.

قەڵادزێ قوربانی سیاسەتی ڕژێمەکانی عیراق و داواکاری ئاوەدانکردنەوە

ئامادەکرنی: ڕزگار سەید جەبار

لە قووڵایی میژووی هاوچەرخی کوردستاندا، قەڵادزێ و قەزای پشدەر وەك نموونەیەکی تراژیدی لە پەیوەندی نێوان دەسەڵات و پەراوێزە ئیتنییەکان دەردەکەوێت. ئەمە لە دامەزراندنی دەوڵەتی عیراقەوە بگرە تا دەگاتە ڕووخانی ڕژێمی بەعس، ناوچەکە بووە بە ئامانجی سیاسەتی سیستەماتیکی چەوساندنەوە، وێرانکاری و پاکتاوی ئیتنی.

بۆمبارانی ١٩٧٤: تاوانێک بە پاساوی یەکپارچەیی

٢٤ی نیسانی ١٩٧٤، ڕژێمی عیراق بەسەرکردایەتی سەدام حوسێن، هێرشێکی ئاسمانی بێبەزەییانەی کردە سەر قەڵادزێ بە ناپاڵم و چەکی قەدەغەکراو کە بە پێی یاسای نێودەوڵەتی، دەچێتە خانەی تاوانی جەنگەوە. لێکۆڵینەوە فەلسەفییەکان لە چەمکی "شەڕی ڕەوا" و تیۆرەکانی جەنگی مایکڵ ڤاڵزەر، پرسیار دەخەنە سەر بنەمای ئەخلاقی ئەو هێرشانە کە بە بیانووی پاراستنی یەکپارچەیی خاکی وڵات ئەنجام درابن. دەسەڵاتی عیراقی لە ڕوانگەی فەلسەفەی هۆبزییەوە، ئەمنییەتی دەوڵەتی بەرزتر دانابوو لە مافی ژیانی تاکەکان، بەڵام ئایا کوشتنی هاوڵاتیانی سڤیل دەکرێت بە هیچ لۆژیکێکی سیاسی پاساو بدرێت؟ تەنانەت تیۆرەکانی ماکیاڤێلیش سنووردێك بۆ "ئامانج پاساوی ئامراز دەدات" دادەنێن.

ڕاگواستنی ١٩٨٩: کۆتایی هێنان بە شوناسی شوێن

سێرجیس ئارەنت لە شیکردنەوەکانیدا بۆ تۆتالیتاریزم، باس لەوە دەکات کە سڕینەوەی شوناس و پچڕاندنی پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ شوێن، یەکێکە لە میکانیزمەکانی سەرکوت. بۆردومانکردن و ڕاگواستنی دانیشتوانی قەڵادزێ لە ٢٦ی حوزەیرانی ١٩٨٩، دەرخەری ئەوەیە کە ڕژێمی بەعس تەنها هەوڵی لەناوبردنی خەڵکی نەدەدا، بەڵکو دەیویست ڕیشەی کولتووری و کۆمەڵایەتیشیان هەڵبکەنێت جیاوازییە کولتوورییەکان، هەوڵی دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی یەکچەشن دەدات. ئەو سیاسەتەی کە بەعس بەرامبەر قەڵادزێ و ناوچەکانی دیکەی کوردستان پەیڕەوی کرد، نموونەیەکی ئاشکرای ئەم ستراتیژییە بوو.

بەرپرسیارێتی ئێستا: لە قەرەبووکردنەوەوە بۆ دادپەروەری تێپەڕی

ئارێنت لە کتێبی "بەرپرسیارێتی و بڕیار"دا، جەخت لەوە دەکاتەوە کە نەوەی ئێستا بەرپرسیارێتی ئەخلاقییان هەیە بەرامبەر بە تاوانەکانی ڕابردوو، ئەگەرچی ڕاستەوخۆ بەشداریان نەکردبێت. لەم سۆنگەیەوە، ئەرکی حکومەتی عیراق و هەرێمە تەنها قەرەبووکردنەوەی مادیی زیانلێکەوتووان نییە، بەڵکو پێویستە هەنگاوی جددی بنێن بۆ دادپەروەری تێپەڕی و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ڕابردوودا. بەپێی تیۆرەکانی دادپەروەری جۆن ڕاولز، دەشێت سیستەمێکی دادپەروەر لەسەر بنەمای یەکسانی و جیاکاری ئەرێنی بنیات بنرێت. قەڵادزێ پێویستی بە پرۆژەی ناوەدانکردنەوەیەکی تایبەتە کە ڕەنگدانەوەی قەرەبووکردنەوەی زوڵمی میژوویی بێت، نەك تەنها پرۆژەی گەشەپێدانی ئاسایی.

ئەنجامگیری: پێویستی پێداچوونەوەی میژوویی

کیس بێکەر لە کتێبی "پێویستی لەبیرکردن مەترسی لەبیرچوونەوە"دا، پێیوایە ئەگەر کۆمەڵگەیەك میژوو تاریکەکانی خۆی ڕوو لە ڕوو نەبێتەوە، ناتوانێت بە تەواوی بەرەو پێشەوە هەنگاو بنێت. قەڵادزێ تەنها ناوچەیەکی وێرانکراو نییە، بەڵکو سیمبولێکە بۆ دەرئەنجامی بیرکردنەوەیەکی پاوانخواز و تۆتالیتار کە نکۆڵی لە مافی جیاوازییەکان دەکات. پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی قەڵادزێ پێویستە لەگەڵ پرۆسەیەکی هاوتەریبی پێداچوونەوە بە میژوودا هاوڕێ بێت، تاکو وانەکانی ڕابردوو ببنە هەوێنی چاکسازی سیستەمی سیاسی ئێستا و ڕێگر بن لە دووبارەبوونەوەی کارەساتەکان. پارادۆکسی ئێستای دۆخی قەڵادزێ ئەوەیە نە حکومەتی عیراق و نە حکومەتی هەرێم، نەیانتوانیوە ستراتیژییەکی هەمەلایەنە بۆ قەرەبووکردنەوە و ئاوەدانکردنەوەی ئەو ناوچەیە بخەنە گەڕ. ئەمەش پێویستی بە گوتارێکی نوێی سیاسی هەیە کە لەسەر بنەمای دادپەروەری، بەرپرسیارێتی و ئاشتەوایی دامەزرابێت.

> بۆردومانکردن و ڕاگواستنی دانیشتوانی قەڵادزێ لە ٢٦ی حوزەیرانی ١٩٨٩، دەرخەری ئەوەیە کە ڕژێمی بەعس تەنها هەوڵی لەناوبردنی خەڵکی نەدەدا، بەڵکو دەیویست ڕیشەی کولتووری و کۆمەڵایەتیشیان هەڵبکەنێت



پڕۆژەی مۆنۆمێنتی شەهیدانی قەڵادزێ و ساڵانێک لە چاوەڕوانی

ئیبراهیم محێدین*

پـڕۆژەی مۆنۆمێنتی شەهیدانی قەڵادزێ چیرۆکی خەونێکی گەورەیە کە هێشتا نەهاتۆتە دی. ئەم پڕۆژە نیشتمانییە ساڵی ٢٠٠٧ کەسوکاری سەربەرزی شەهیدان، ڕۆشنبیران و هونەرمەندانی سنوورەکە وەک داواکارییەک بەرزیانکردەوە بۆ یەکەی کارگێڕیی ناوچەکە، سەرۆکایەتیی شارەوانی قـەڵادزێ و دەزگای شەهیدانی قەڵادزێ. خۆشبەختانە، ئەم لایەنانە بە گرنگییەوە پێشوازییان لە پڕۆژەکە کرد و پەسەندیان کرد، بەو پێیەی کە ئەم پڕۆژەیە پەیوەستە بە سەروەرییەکانی شارێکەوە کە تیایدا هەم قوربانی و هەم ڕاپەڕینی گرتۆتە خۆی.

شاری قەڵادزێ و ناوچەی پشدەر میراتگری مێژوویەکی دەوڵەمەندن. ئەم ناوچەیە وەک شوێنێکی مێژوویی خاوەن پێگەی جوگرافی و ستراتیژی گرنگ، لە ڕەوڕەوەی مێژوودا چەندین جار ڕووبەڕووی پەلاماری دوژمنکارانە بۆتەوە لـەلایـەن ڕژێمە داگیرکەرەکانەوە. لە بەرامبەریشدا، خەڵکی ناوچەکە و شۆڕشگێڕانی کورد بەناچاری لەپێناوی پاراستنی خاک و خەڵکەکەیاندا پـەنـایـان بـۆ دەستـەملانـێـی چیاکان بردووە بۆ بەرگری، کە بووەتە مەیدانی بەرەنگاربوونەوە و شوێنی هەڵگیرسانەوەی شـۆڕش. هەر لەو پێناوەشدا، ناوچەکە خاوەنی سەدان شەهیدە و دەیان داستان و نەبەردی تێدا تۆمار کراوە.

ئـەم ناوچەیە بـووە شاهیدی یەکەمین تاوانی بەکارهێنانی چەکی قەدەغەکراوی نێودەوڵەتی لە جـۆری ناپاڵم لە ساڵی ١٩٧٤. لەلایەکی دیکەشەوە، ڕۆڵەکانی ئـەم شـارە خـۆڕاگـرە ڕاپەڕینی ١٩٨٢ی بەعس-تۆقێنیان بەرپاکرد بە سەرپەرشتی ڕێکخستنە نهێنییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کـوردسـتـان و بەشێک لـە حزبەکانی دیکە. ڕژێمی بەعس بۆ تۆڵەکردنەوە و چاوترساندنی خەڵکەکەی و ڕووخاندنی وردی جەماوەر، دڕندانە پەلاماریدان و گوندەکانیانی بە چەند قۆناغێک ڕاگواست، هەر لە ساڵانی ١٩٧٧ تا کۆتا قۆناغی ڕاگواستـن کـە خـودی شـاری قـەڵادزێی گرتەوە لە ٢٦ی حوزەیرانی ١٩٨٩دا.

سـەربـاری ئـەوانـەش، پێویستە بوترێت سنوورەکە خاوەنی چەندین سـەروەری و داستانی نەمر و لەبیرنەکراوە کە بەشێک لە ڕۆڵەکانی خوێنی خۆیان بەخشیوە لـە شـۆڕشـەکـانـدا، تایبەت لـە شۆڕشی نوێی گەڵەکەماندا. ئەمانەش هەموویان بوونەتە سەروەریی و ناسنامەی ئەم شارە و ناوچەکانی دەوروبـەری، لە کاتێکدا تاوانەکانیش بوونەتە پەڵەیەکی ڕەش بە تەوێڵی بەعسەوە. دەتوانرێت ئەم سەروەرییانە لەناو مۆنۆمێنتێکدا بناسێنرێن و نەرشیف بکرێن بۆ نەوەکانی ئێستا و داهاتووەمان.

بـەڵام لەگەڵ ئـەوەی ساڵانێکی زۆرە لە چـاوەڕوانـی تـەواوکـردنـی قۆناغەکانی مۆنۆمێنتی شەهیدانی قەڵادزێ داین، کە ئەم داواکارییە ساڵانە دووبارە دەکەینەوە و لە یـادەکـانـدا بەڵێن بە کەسوکاری سەربەرزی شەهیدان دەدرێت، بەداخەوە تائێستا بە تـەواو نەکراوی ماوەتەوە. سـەرەڕای ئـەوەی بـەردەوام جەخت کـراوەتـەوە لەسەر تـەواوکـردنـی، دوای چارەسەرکردنی چەند گرفتێک لە پارچە زەوییەکانی ناو پارکەکە، توانرا یەکخستنی بۆ بکرێت. هەروەها مۆنۆمێنتەکە پڕۆپۆزەڵ و دیزاینی تەواوکراوە و پێداچوونەوەشی بۆکراوە لەلایەن سەرۆکایەتیی شارەوانی قەڵادزێ و بەڕێوەبەرایەتیی شەهیدانی پشدەر و چەندین ڕێکخراو و هونەرمەند و چالاکوانی ئەم شـارە، کە ئاماژە بێت بۆ کارەسات و ڕاپەڕین و شەهیدکردنی خوێندکارانی زانکۆ لە ٢٤ی نیسان.

دوای بەردەوامیی بەدواداچوون لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی شەهیدانی سلێمانی و ئیدارەی ڕاپەڕین و قایمقامیەتی قەزای پشدەر و سەرۆکایەتیی شارەوانی قـەڵادزێ، تـوانـرا دوا هـەوڵ لـە ساڵی ٢٠١٣دا گوزمەیەکی بۆ تەرخان بکرێت کە بریتی بوو لە یەک ملیار و ٢٠٠ ملیۆن دینار لەسەر بودجەی پترۆ دۆلار لە ئیدارەی ڕاپەڕین. کۆمپانیای گۆمان لە ٧ی کانوونی دووەمی ٢٠١٤دا دەستی بە کارەکانی کرد و توانرا لە ١٠٪ی کارەکان ئەنجام بدات. بـەڵام بـەداخـەوە، بەهۆی هاتنی شەڕی داعش و قەیرانی دارایـیـەوە، کارەکانی وەستاوە تائێستا، سەرەڕای چەندین جار هەوڵدانمان، هیچ پێشکەوتنێک نەکراوە.

دواییـن هەوڵمان سەردانێک بوو لەگەڵ بەڕێز بەڕێوەبەری گشتیی شەهیدانی سلێمانی و قایمقامی قەڵادزێ بۆ وەزارەتی شەهیدان لە ٢٠ی ئەیلوولی ٢٠٢٢، بەڵام تائێستا هیچ ئەنجامێکی نەبووە. ئەمە لە کاتێکدایە کە دەبینین لە ناوچەکانی تر گوزمەی دارایی زۆر، بۆ پڕۆژەی خزمەتگوزاری و ئاوەدانی جۆراوجۆر جێبەجێ دەکرێن.

ئەم نووسینەی ئێمە بەرزکردنەوەی دەنگی ناڕەزایی دانیشتووانی ناوچەکەیە بەگشتی و کـەسـوکـاری شەهیدانە بەتایبەتی. ئەگەرچی بەری تێکۆشانی ڕابردووی ئەوان بووەتە مایەی بنیاتنانی حکومەتی هەرێم، بەڵام بەداخەوە ئەم پڕۆژە گرنگە پشتگوێ خراوە. ئەوەش ڕوونە کە بە تەواوکردنی ئەم مۆنۆمێنتە، دەبێتە ڕەمزێک بۆ هەموو ئەو کارەسات و ڕووداوانـەی بەسەر ئەم شـارەدا هاتووە و دەبێتە شوێنێکیش بۆ ڕووفـاتـی هەموو ئـەو قوربانییانەی لە قەڵادزێ و سنوورەکەدا شەهید بوون.

بۆیە جێی خۆیەتی بڵێین کارێکی پێویست و هەنووکەییە حکومەتی هەرێم بە دەنگ ئەم پڕۆژەیەوە بێت و بەگوێرەی ئەو دیزاینە جێبەجێی بکات. ئەمە نەک تەنها داواکاری کەسوکاری شەهیدانە، بەڵکو ویستی هەموو خەڵکی ناوچەکەیە کە دەیانەوێت یادی قوربانیدانەکانی ڕابـردوو بپارێزن و بۆ نەوەکانی داهاتوویان بگوازنەوە.

*بـەڕێـوەبـەری شەهیـدان و ئەنفالکراوانی قەڵادزێ.

قەڵادزێ ڕەزامەندی کۆمەڵێک پڕۆژەی گرنگ وەردەگیرێت

ئامادەکردنی: ڕەها چادۆستی

شـاری قـەڵادزێ بـەرەو قۆناغێکی نوێی گەشەپێدان و خزمەتگوزاری هەنگاو دەنێت. سەرۆکی شارەوانی شارەکە، ئەندازیار ئارام محمد، لە لێدوانێکدا ڕایگەیاند کە بەگوژمەی شەش ملیار دینار، ڕەزامەندی کۆمەڵێک پـڕۆژەی گرنگ بۆ شاری قەڵادزێ وەردەگیرێت. ئەم پڕۆژانە دوای ئامادەکردنی دەرخستە و نووسراو، نووسراوی ئیدارەی سەربەخۆی ڕاپەڕین و هەوڵی سەرپەرشتیاری ئیدارەی ڕاپەڕین، هیوا قەرەنی، ڕەزامەندییان وەرگرتووە.

پـڕۆژە پەسەندکراوەکان زیاتر لە حـەوت پـڕۆژەی گرنگ و ستراتیژی دەگـرنـەوە کە لە چەندین بـواری جیاوازی خزمەتگوزاری شارەوانیدا دەبن. یەکێک لە گرنگترین پڕۆژەکان بریتییە لە دروست کردنی شەقامی شەست مەتری قۆناغی پێنجەم، کە بەگوژمەی دوو ملیار و سەد و بیست و هەشت ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار دەبێت. ئەم شەقامە یەکێکە لە پڕۆژە بەردەوامەکانی شارەوانی کە چەندین قۆناغی پێشتری بە سەرکەوتوویی تەواو کراون و ئێستا بەرەو قۆناغی پێنجەم هەنگاو دەنێت.

پڕۆژەیەکی گرنگی دیکە بریتییە لە نۆژەنکردنەوە و قیرکردنی شەقامە سەرەکیەکانی ناو بازار و ڕێگە سەرەکیەکان بەگوژمەی نۆسەد و نەوەد و حەوت ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار. ئەم پڕۆژەیە کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر جوڵەی هاتوچۆی ناو بازاڕی شار و چالاکییە بازرگانییەکان، کە دەبێتە هۆی ڕەوانتر کردنی هاتوچۆ و کەمکردنەوەی ڕاوەستانی ئۆتۆمبێلەکان.

لەلایەکی دیکەوە، دوو پڕۆژەی هاوشێوەی گرنگ تایبەتن بە ڕێگەسازی و کاری کۆنکرێت کردن و ڕاکێشانی ئاوەڕۆ. یەکەمیان بۆ بەشێک لە کۆڵانەکانی گەرەکی شەهیدان و ڕاپەڕین بەگوژمەی شەش سەد و شەست و سێ ملیۆن و هەشت سەد هەزار دیناره. دووەمیان بۆ گەرەکەکانی ئاشتی و هەنارۆک بەگوژمەی شەش سەد و پەنجا و دوو ملیۆن و هەشت سەد و پەنجا هەزار دیناره. ئەم دوو پڕۆژەیە گرنگی تایبەتیان هەیە چونکە کێشەی ئاوەڕۆ و کەموکوڕی ڕێگەوبان لە گەرەکەکاندا چارەسەر دەکەن، کە کێشەیەکی هەمیشەیی دانیشتوانی ئەو ناوچانەیە.

هەروەها، پڕۆژەی تەواو کاری پارکی سەرنێل بەگوژمەی دوو سەد و نەوەد و دوو ملیۆن و چوار سەد و پێنج هەزار دینار، و تەواو کاری پردی دەروازە بەگوژمەی دوو سەد و هەشتا و چوار ملیۆن دینار، دوو پڕۆژەی گرنگی دیکەن کە پەسەند کراون. پارکی سەرنێل وەک شوێنی حەوانەوە و پشوودانی هاووڵاتیان، و پردی دەروازە وەک پردێکی ستراتیژی شار، دەبنە هۆی باشترکردنی ژینگەی شار و زیادکردنی ئاستی خزمەتگوزارییەکان.

پڕۆژەیەکی دیکەی پەسەندکراو بریتییە لە دانانی کربستۆن و قیر کردنی شەقامی ٣٠ مەتری ئیمام قاسم / کارەبا، بەگوژمەی شەش سەد و شەست و سێ ملیۆن و حەوت سەد و پەنجا هەزار دینار. ئەم پڕۆژەیەش گرنگی تایبەتی هەیە بۆ ڕێکخستنی شەقامەکانی ناوچەکە و باشترکردنی جوانی و ڕێکوپێکی شار. لە بارەی پڕۆژەکانی ساڵی ٢٠٢٤شـەوە، سەرۆکی شارەوانی قـەڵادزێ باسی لەو کارانە کرد کە پێشتر ئەنجامیانداوە، کە بریتین لە ڕێگەسازی و کاری کۆنکریت کردنی بەشێکی کۆڵانەکانی ئیمام قاسم و گەڕەکی فەرمانبەران بەگوژمەی ٥٠٠ ملیۆن دینار. هەروەها نۆژەنکردنەوەی شەقامەکانی ناو بازار و ڕێگە سەرەکیەکان بەگوژمەی یەک ملیار دینار، تەواوکاری شەقامی شەست مەتری قۆناغی سێیەم بەگوژمەی یەک ملیار دینار و تەواوکاری شەقامی شەست مەتری قۆناغی چوارەم بەگوژمەی یەک ملیار و سێسەد ملیۆن دینار.

ئەم پڕۆژانە سەرجەمیان نیشانەی گرنگیپێدانی شارەوانی و ئیدارەی سەربەخۆی ڕاپەڕینن بە پێشخستنی ژێرخانی شاری قەڵادزێ و باشترکردنی دۆخی خزمەتگوزارییەکان. چاوەڕوان دەکرێت جێبەجێکردنی ئەم پڕۆژانە کاریگەری ئەرێنی لەسەر ژیانی ڕۆژانەی هاووڵاتیان و سیمای گشتی شار هەبێت و ببنە هۆی گەشەپێدانی زیاتری ئەم ناوچەیەی هەرێمی کوردستان.

قەڵادزێی بڕینەکان و بەرخۆدان

ڕێبوار ئەحمەد*

ئەمڕۆ، لە کاتێکدا قەڵادزێ یادی دوو ڕووداوی مێژوویی دەکاتەوە، دەبێت هەموومان بوەستین و تێڕامانێك بکەین لە مێژووی پڕ لە ئازار و خۆڕاگری ئەم شارە. پەنجا و یەك ساڵ دوای بۆردومانی خوێناوی ٢٤ی نیسانی ١٩٧٤ و چل و سێ ساڵ دوای ڕاپەڕینی مەزنی ٢٤ی نیسانی ١٩٨٢، ئەم قەڵادزێ هێشتا نموونەی زیندوویێتی و خۆڕاگری میللەتێکە کە هەرگیز نەچەماوەتەوە.

لە ٢٤ی نیسانی ١٩٧٤دا، فڕۆکەکانی ڕژێمی بەعس بە شێوەیەکی نامرۆڤانە شاری قەڵادزێیان کردە ئامانج. لەگەڵ ئەوەی زامێکی قوواڵیان لەسەر دڵی شارەکە جێهێشت، بەڵام نەیانتوانی ورەی خەڵکەکەی بشکێنن. لە ٢٤ی نیسانی ١٩٨٢دا، خوێندکاران و خەڵکی شارەکە بە ڕابەرایەتی ڕێکخستنەکانی یەکێتی ڕاپەڕینێکی مەزنیان دژی ستەم و چەوسانەوەی ڕژێمی بەعس بەرپا کرد و سەرجەم شارەکانی تری گرتەوە. کە سەرەڕای سەرکوتکردنی توند، پەیامێکی ڕوونی گەیاند: گەلی کورد هەرگیز واز لە خەباتی ڕەوای خۆی ناهێنێت. خوێندکاران و گەنجان ئەو ڕۆژە سەلماندیان کە کوڕ و کچی سەردەمەکەی خۆیانن.

٢٤ی نیسان لە مێژووی قەڵادزێدا ڕۆژی بڕینەکان و هەستانەوەیە. ئەگەر بۆردومانی ١٩٧٤ کاردانەوەی توندی دیکتاتۆریەت بوو بێت بەرامبەر بە خەڵکی قەڵادزێ ئەوا ڕاپەڕینی ١٩٨٢ چەخماخەی سەرهەڵدانەوە و سەرچاوەی هێز و بەرخۆدان بوو بە ڕووی ستەم و فاشییەتدا. ئەمە ئەو شتەیە کە مێژووی کوردی پێ دەناسرێتەوە. لە یادی شەهیدان و قوربانییانی قەڵادزێدا، دەبێ وانەی مێژوویی لێوە فێربین و یادکردنەوەی ئەم ڕۆژانە یارمەتیمان بدات لە بیرمان بێت کە خەبات بۆ داکۆکی لە مافەکانمان بەردەوامە. هەروەها دەرفەتێك بن بۆ ئەوەی جیهان لە کارەساتەکانی گەلی کورد ئاگادار بکەینەوە. وەك بەڕێوەبەر و بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی ڕاپەڕین، پێداگری لەسەر گرنگی پاراستنی یادەوەری مێژوویی ئەم ڕووداوانە دەکەین و پێویستە هەموو هەوڵەکانمان بخەینە گەڕ بۆ تۆمارکردنی دەنگ و وێنەی ئەو کەسانەی ئەم ڕووداوانەیان بینیوە و بیانپارێزین پێش ئەوەی لەدەستیان بدەین. ئەم مێژووە گرنگە بە شێوازی نوێ و سەردەمیانە بگەیەنینە منداڵان و گەنجانمان. ئەم ڕووداوانە وەك بەشێك لە تاوانەکانی دژی مرۆڤایەتی بناسێنین لە ئاستی نێودەوڵەتیدا.

قەڵادزێ ئەمڕۆ، بە هەموو بڕینەکانیانەوە، بەردەوامە لە ژیان و بنیاتنانەوە. ئەمە مەزنترین سەرکەوتنە بەسەر ئەو سیاسەتەی دەیویست ئەم شارە لەناوببات. لەم یادەدا دووبارە پەیمان نوێ دەکەینەوە بۆ پاراستنی یادگارییەکان و بەردەوامبوون لە خەبات بۆ دادپەروەری.

*بەڕێوەبەری گشتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی ڕاپەڕین.

ڕێگەی مەرزی کێڵێ بۆتە مایەی نیگەرانی گەشتیاران و ناڕەزایەتی هاوڵاتیان

ئامادەکردنی: ڕێباز مام شۆرش

ڕێگەی مەرزی کێڵێ، کە یەکێکە لە گرنگترین ڕێگەکانی ناوچەکە، قەڵادزێ، دارەشمانە، کێڵێ و سنوور پێکەوە گرێدەدات، لە دۆخێکی نالەبارداید کە نیگەرانی و ناڕەزایی لای هاوواڵاتیان و شۆفێران دروست کردووە. ئەم ڕێگە ستراتیژییە کە دەروازەیەکی سەرەکییە بۆ ناوچەکە و ڕۆژێکی گرنگی لە گەشەی ئابووری و گەشتیاریدا هەیە، ماوەی ساڵێکە چاککردنی بە کۆمپانیایەك سپێردراوە، بەڵام سەرەڕای تێپەڕبوونی ماوەیەکی درێژ، هێشتا کارەکانی تەواو نەبوون و پێشکەوتنیش بەو خێراییە نییە کە چاوەڕوان دەکرا.

دۆخی ئێستای ڕێگەکە گەیشتۆتە ئاستێك کە نەك تەنها بۆتە سەرچاوەی ناڕەزایی ڕۆژانەی خەڵك بەڵکو کاریگەری قووڵی لەسەر دۆخی ئابووری ناوچەکەش داناوە. بەهۆی خراپی ڕێگەکە هاوواڵاتیان و گەشتیاران ناچارن شەش کیلۆمەتری سەخت و پڕ کێشە ببڕن لە ڕێگەیەکدا کە بەشی زۆری گڵە و لە کاتی بارانبارینداً دەبێتە قوڕ. لە زۆر شوێنی ڕێگەکەدا تەنانەت ئۆتۆمبێلە گەورەکان دەچەقن بەهۆی هەورازی زۆرەوە، بارهەڵگرە قورسەکان ناتوانن بە ئاسانی پێیدا تێپەڕن. ئەم دۆخە بۆتە هۆی ئەوەی ژمارەیەکی بەرچاو لە گەشتیارانی ناوخۆیی و دەرەکی کە پێشتر ڕوویان لە ناوچەکە دەکرد، ئێستا سەردانی ناکەن. ئەمەش کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر داهاتی دانیشتوانی ناوچەکە داناوە، بەتایبەت ئەوانەی کاسبی و پیشەکانیان پەیوەستە بە خزمەتگوزاری گەشتیاری.

لە٢٥ی نیسانی ٢٠٢٤دا، وەزیری ئاوەدانکردنەوەی هەرێم لە مەراسیمێکدا بەردی بناغەی پڕۆژەی چاککردنی ڕێگەی کێڵێی دانا و بەڵێنی بە دانیشتوانی ناوچەکە دا کە پڕۆژەکە لە کاتی خۆیدا تەواو دەبێت. بەپێی پلانی سەرەتا، دەبوایە پڕۆژەکە لە ماوەی ١٨٠ ڕۆژدا تەواو بکرایە، بەڵام دوای تێپەڕبوونی ئەو ماوەیە، کارەکان هێشتا بەردەوامن و بەپێی چاوەڕوانییەکان، تا ماوەیەکی دیکەش درێژە دەکێشن. ئەم دواکەوتنە بۆتە هۆی نیگەرانی و بێهیوایی زیاتری دانیشتوانی ناوچەکە کە چاوەڕێی تەواوبوونی پڕۆژەکەن.

پڕۆژەی چاککردنی ڕێگەی کێڵێ، بەپێی زانیارییە فەرمییەکان، بودجەیەکی بەرچاوی بۆ تەرخان کراوە. بودجەی سەرەتایی پڕۆژەکە بریتی بووە لە ٢،٨٧٥،٥٠٠،٠٠٠ دینار، بەڵام دواتر گۆڕمەیەکی تریش بۆ زیاد کراوە کە بڕەکەی ٣،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠ دیناره (سێ ملیار دینار). ماوەی دیاریکراو بۆ تەواوکردنی پڕۆژەکە ٣٠٠ ڕۆژی ڕۆژمێرییە، درێژی ڕێگەکەش ١٠ کیلۆمەترە کە بەپێی پلان دەبێت پانی ٨ مەتر بێت لەگەڵ شانی ٢ مەتری لە هەر لایەك. جێبەجێکردنی پڕۆژەکە لەلایەن کۆمپانیای کاوەوە دەکرێت، کە بەپێی گرێبەستەکە، دەبێت کۆمەڵێك کاری گرنگ ئەنجام بدات.

کاڕە سەرەکییەکانی پڕۆژەکە چەندین لایەنی گرنگی چاککردنی ڕێگاکە دەگرنەوە کە بەشێوەیەکی تەواو لە بەڵگەنامەی گرێبەستەکەدا دیاری کراون. سەرەتا، دەبێت هەڵگرتنەوەی قیر و ڕێکخستنەوەی ڕێگاکە و جۆگای تەنیشت بە درێژی ١٠ کیلۆمەتر ئەنجام بدرێت. پاشان کاری بڕین و فراوانکردنی ڕێگاکە بە بڕی زیاتر لە ١٠،٠٠٠ (دە هەزار) مەتری سێجا و پڕکردنەوەی چەند وێستگەیەك بە بڕی زیاتر لە ١٢،٠٠٠ (دوازدە هەزار) مەتری سێجا دەکرێت. هەروەها تێکەڵەڕێژ کردنی ڕێگاکە بە پانی ١٢ مەتر، فەرشی دوو چین بەردی شکاو بە ئەستووری ٣٠ سانتیمەتر و پانی ٨.٣ مەتر، و فەرشی دوو چین قیری ستابلایزەر و بایندەر بە پانی ٨ مەتر لە پلانەکەدا گەنجێندراون. جگە لەمانەش، دروستکردنی چوار ئاوبارەی کۆنکرێتی و لادانی کاتی بە درێژی ٦ کیلۆمەتر، بەشێکی تری کارەکانن کە دەبێت بەپێی گرێبەستەکە ئەنجام بدرێن.

سەرەڕای بودجەی زۆر و پلانی فراوان، بەڵام تا ئێستا پێشکەوتنی کارەکان لەو ئاستەدا نییە کە دانیشتوانی ناوچەکە چاوەڕوانی دەکەن. ئەمەش بۆتە هۆی دروستبوونی ناڕەزایی بەرفراوان لای هاوواڵاتیان و شۆفێران کە ڕۆژانە ئەو ڕێگەیە بەکاردەهێنن. هاوواڵاتیان بەردەوام گلەیی و سکاڵایان هەیە لە دژی خاوی پڕۆژەکە و داوا دەکەن کە بەرپرسانی پەیوەندیدار فشار بخەنە سەر کۆمپانیای جێبەجێکار بۆ خێراکردنی کارەکان. هەروەها داوا دەکەن کە چاودێرییەکی وردتر بۆ جۆری کارەکان بکرێت تا دڵنیا بن کە بەپێی ستاندارد تەکنیکییەکان جێبەجێ دەکرێن.

یەکێك لە کێشە سەرەکییەکانی ئێستا ئەوەیە کە ڕێگەی کاتی کە بۆ هاتوچۆ دروستکراوە، بەهۆی نەبوونی چاودێری و چاکسازی بەردەوام، لە دۆخێکی خراپدایە. ئەمەش وای کردووە کە تەنانەت هاتوچۆی کاتیش لەو ناوچەیەدا ببێتە کێشە. هاوواڵاتیان داوا دەکەن کە لانیکەم چاکسازی بۆ ڕێگای کاتی بکرێت هەتا پڕۆژەی سەرەکی تەواو دەبێت، تا بەو شێوەیە کەمترین ناستەنگ بۆ هاتوچۆ و گواستنەوە دروست ببێت. گرنگی ڕێگەی مەرزی کێڵێ تەنها لە پەیوەندیکردنی ناوچەکاندا کورت نابێتەوە، بەڵکو کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی دانیشتوانی ناوچەکە هەیە. ئەو ناوچەیە پێشتر مەڵبەندێکی گرنگی گەشتیاری بوو کە سەردانکەرانی زۆری بەرەو خۆی ڕادەکێشا، بەڵام بەهۆی دۆخی ئێستای ڕێگەکەوە، کەم بوونەتەوە. ئەمەش کاریگەری نەرێنی لەسەر داهاتی دانیشتوان و بارودۆخی ئابووری ناوچەکە بەگشتی داناوە. هەر بۆیە زۆر گرنگە کە بەرپرسانی پەیوەندیدار گرنگی زیاتر بەم پڕۆژەیە بدەن و هەوڵی خێراکردنی کارەکانی بدەن.

لەلایەکی تر، دواکەوتن لە تەواوکردنی پڕۆژەی چاککردنی ڕێگای کێڵێ تەنها کێشەی گواستنەوە نییە، بەڵکو کاریگەری نەرێنی لەسەر متمانەی هاوواڵاتیان بە حکومەت و دەسەڵاتی ناوچەیی داناوە. دانیشتوانی ناوچەکە وا هەستدەکەن کە بە شێوەیەکی جددی مامەڵە لەگەڵ کێشەکانیان ناکرێت و ئەولەویەتی پێویست بە پڕۆژەی چاککردنی ڕێگەکەیان نادرێت. ئەمەش بۆتە هۆی دروستبوونی کەلێنێك لە متمانە لە نێوان هاوواڵاتیان و بەرپرسان.

سەرەڕای ئەم کێشانە، بەڵام هێشتا هیوا هەیە کە بە چڕتر کردنی کارەکان و زیادکردنی چاودێری، پڕۆژەکە لە ماوەیەکی گونجاودا تەواو بکرێت. بەتایبەت کە بودجەی زۆری بۆ تەرخان کراوە و پلانێکی تەکنیکی باشیشی بۆ دارێژراوە. ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە جێبەجێکردنی پڕۆژەکە بە شێوەیەکی خێراتر و بە کوالیتی بەرزتر بەڕێوە بچێت.

دواجار، دەکرێت بوترێت کە چارەسەرکردنی کێشەی ڕێگەی مەرزی کێڵێ پێویستە ببێتە ئەولەویەتێکی سەرەکی بۆ بەرپرسانی ناوچەکە و حکومەت. تەنها بە تەواوکردنی ئەم پڕۆژەیە دەتوانرێت هاتوچۆ لە ناوچەکەدا ئاسان بکرێت و جارێکی دیکە ببێتەوە بە مەڵبەندی ڕاکێشانی گەشتیاران. ئەمەش لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی باشتر کردنی بارودۆخی ئابووری ناوچەکە و بەرزکردنەوەی ئاستی ژیانی دانیشتوانەکەی.



خوێن لە پێناوی ئازادیدا

خۆپیشاندانەکانی ١٩٨٢ی قەڵادزێ و رۆڵی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

شەهلا قادر محەمەد



ئەوەی بەردەستە، توێژینەوەیەکە سەبارەت بە یەکێك لە گرنگترین خۆپیشاندانە جەماوەرییەکانی مێژووی هاوچەرخی کوردستان. خۆپیشاندانەکانی ساڵی ١٩٨٢ی قەڵادزێ کە لە یادی بۆردومانە خوێناوییەکەی ساڵی ١٩٧٤ی شاری قەڵادزێدا ڕوویدا و دواتر بۆ شارەکانی تری کوردستانیش پەلی هاویشت، لە قەڵادزێوە بۆ ڕانیە، چوارقورنە، پێنجوێن، سلێمانی، هەڵەبجە، هەولێر و کەرکوك.

بەیانییەکی ساردی بەهاری ساڵی ١٩٨٢ پۆلپۆل خەڵکی قەڵادزێ بەرەو گۆڕستانی شەهیدان کەوتنە ڕێ. ئاسمانی شارەکە هەورێکی تەنك داپۆشیبوو، ڕۆشنایی خۆر لە درزی هەورەکانەوە وەك هێمایەك بۆ هیوا و ڕووناکی دەردەکەوت. کەش و هەوا و دەنگی پێی خەڵکەکە، نائەی دایکی شەهیدان دوور دەڕۆیشت. خاتوو گوڵناز حەمە، کە ئەوسا کچێکی گەنجی ١٦ ساڵان بووە، وەسفی ئەو بەیانییە دەکات: "هەموو بەیانییەك کاتێك چاوم هەڵدەهێنا، یەکەم شت کە دەمبینی زنجیرە چیا سەخت و سەرکەشەکانی ئاسۆس و قەنەدیل بوون، بەڵام ئەو بەیانییە جیاواز بوو. کاتێك دایکم دەرگەی ماڵەوەی کردەوە، بینیم خەڵکی شار، پیر و گەنج، ژن و پیاو، هەموو بەرەو گۆڕستان دەڕۆن. باوکم چاوی پڕ بوو لە فرمێسك، دەستی گرتم و وتی: 'ئەمڕۆ ڕۆژی ئەوەیە قەرزی خوێنی براکانت بدەینەوە'، هەستێکی سەیر هەموو شارەکەی داگرتبوو. بەتەواوی بۆنی شۆڕش و خوێن و بوێری لێدەهات" لەو سەردەمە، عیراق نزیکەی سێ ساڵ بوو لە جەنگێکی خوێناویدا بوو لەگەڵ ئێران. ئەم جەنگە، هەزاران قوربانی لە هەموو پێکهاتەکانی وڵاتەکە خستبووە سەر مەیدانی شەڕ و بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی وڵاتی بەتەواوی تێکدابوو. ڕژێمی بەعس بەردەوام بوو لە سیاسەتی بەعەرەبکردن و ڕاگواستنی خەڵکی کورد لە زێدی خۆیان. هەزاران گوند و ئاوایی کوردنشین وێران کرابوون و سەدان هەزار کورد زۆرەملێ ڕاگوێزرابوون. ئەمانە بارگرژییەکی گەورەی دروست کردبوو. ئامادەیی خەڵك بۆ ڕاپەڕین و شۆڕش لە ترۆپکدا بوون. یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئەو بارگرژییەی بە باشی خوێندبۆوە و توانیبووی ڕێکخستنی نهێنی بەهێز لە شارەکاندا بنیات بنێت.

ئەوەی کە یەکێتیی جیا دەکردەوە لە هێزەکانی تر، تێگەیشتنێکی قوواڵ بوو لە پەیوەندی دیالەکتیکی نێوان خەباتی چەکداری لە شاخ و خەباتی مەدەنی و جەماوەری لە شار. مام جەلال لەسەرەتای دامەزراندنی یەکێتییەوە جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە سەرکەوتنی شۆڕش پێویستی بە بەشداری و پشتیوانی جەماوەری شارەکانە. ساڵەکانی ١٩٨٠-١٩٨٢، یەکێتی توانی تۆڕێکی بەهێزی ڕێکخستنەیان پێك دەهێنا. مانگێك پێش یادەکە، ئەم ڕێکخستنانە دەستیان بە ئامادەکاری کرد: بڵاوکردنەوەی بەیاننامە و نامیلکە، دروستکردنی دروشم و وێنەی شەهیدان، ڕێکخستنی تیمەکانی خۆپاراستن، دیاریکردنی ڕێگەی خۆپیشاندان و بڵاوکردنەوەی پەیام لە ڕێگەی مزگەوتەکانەوە. ئەمە پەیوەندی قووڵی لەگەڵ توێژە جیاکان دروستکرد- خوێندکاران، مامۆستایان، کرێکاران، کاسبکاران و ژنان.

هەر کە هەواڵی خۆپیشاندانەکانی قەڵادزێ و سەرکوتکردنی بە شارەکانی تر گەیشت، خەڵك پەرۆش و نیگەران بوون بۆ قەڵادزێ. لە چوارقورنە و پێنجوێن و ڕانیە خۆپیشاندان دەستی پێکرد، بە بەشداری ژمارەیەکی زۆری خوێندکار، مامۆستا و کاسبکار. لە سلێمانی خۆپیشاندانەکە بەرفراوان بوو و بەرەو ناوەندی شار هەنگاوی نا، شەقامەکانی سەرا و مەولەوی و بازاڕ پڕبوون لە خۆپیشاندەر. سەرنجڕاکێشترین خۆپیشاندان لە کەرکوك بوون، شارێکی تێکەڵاو کە بە هۆی تەعریبەوە، ڕێژەی عەرەب تێیدا زۆر بوو. لەگەڵ ئەوەشدا، بەهێزی ڕێکخستنی نهێنی لە شارەکاندا دروستبکات کە نەك هەر خەریکی کۆکردنەوەی زانیاری و پشتیوانی لۆجیستی بوون، بەڵکو کاریان لەسەر هۆشیارکردنەوەی خەڵك و ئامادەکارییان بۆ ڕاپەڕینێکی گشتی دەکرد.

لە قەڵادزێدا - شارێکی سنووری و نزیك سەرکردایەتی یەکێتیی، پەیوەندی نێوان شار و شاخ بەهێزتر و ڕاستەوخۆتر دەردەکەوت. شانەکانی یەکێتی ٣-٥ کەسی بوون، هەریەکەیان لە ڕێگەی بەرپرسێکی تایبەتەوە پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخستنی باڵاتردا هەبوو. مانگی پێش خۆپیشاندانەکە، پەیوەندی نێوان ڕێکخستنەکانی شار و پێشمەرگە و سەرکردایەتی یەکێتیی لە شاخ چڕتر ببوونەوە. هەندێك بەرپرسەکان بە نهێنی گەیشتنە شار و کۆبوونەوەیان لەگەڵ ڕێکخستنەکان کرد. ئەمە سەرەتای جێبەجێکردنی ستراتیژیەتی "ڕاپەڕینی شارەکان" بوو کە دواتر لە ١٩٩١ بە تەواوی سەرکەوت.

یەکێك لە تراژیدیا هەرە گەورەکانی کورد، بێدەنگی و پشتگوێخستنی سیستەماتیکی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە. خۆپیشاندانەکانی قەڵادزێ و شارەکانی تری کوردستان لە ساڵی ١٩٨٢، نموونەیەکی بەرچاوی ئەم پشتگوێخستنەن. میدیا جیهانییەکان بە تەواوی بێدەنگ بوون. سەدان شەهید و هەزاران بریندار و دەستگیرکراو، میدیای جیهانی نەیبینین. ئەمەش چەند هۆکارێکی هەبوون: عیراق هاوپەیمانی ستراتیژی زۆربەی وڵاتانی ڕۆژئاوا و عەرەبی بوو، کۆمپانیا نەوتییەکانی ڕۆژئاوا بەرژەوەندی ئابووری گەورەیان لە عیراقدا هەبوو، داخرانی سنوورەکان و نەبوونی ئازادی جووڵە بۆ ڕۆژنامەنووسان و نەبوونی میدیای کوردی کاریگەر لە دەرەوەی وڵات.

ڕێکخستنەکانی یەکێتیی لە دەیەی هەشتاکان، زۆر چالاك بوون. مامۆستایان و خوێندکاران بەشی هەرە گەورەی ئەم خۆپیشاندانێکی بەرفراوان ساز کرا کە تێیدا هەشت کەس شەهید بوون، ٩٥ کەس بریندار و زیاتر لە ٢٥٠ کەسیش دەستگیر کران.

ڕۆڵی ژنان لە خۆپیشاندانەکاندا یەکێك لە خاڵە گرنگەکانی ڕاپەڕینەکە بوو. پێش خۆپیشاندانەکان، ژنانی چالاك لە ڕێکخستنەکانی یەکێتی دەستیانکرد بە کۆکردنەوەی ژنان و کچان بۆ بەشداریکردن. ئەوان بوون بە چەند گرووپی بچووك و هەر گرووپە لە گەڕەکێکدا کاری دەکرد، سەردانی ماڵانیان دەکرد و قسەیان لەگەڵ ژنان دەکرد. لەگەڵ ئەوەی کۆمەڵگەکە پارێزگاری و نەریتی بوو، بەڵام هەستی نەتەوەیی بەهێز وایکرد ژمارەیەکی زۆری ژنان بەشداری بکەن. بەشداری ژنان پەیامێکی گرنگی هەبوو - یەکڕیزی هەموو چین و توێژەکانی گەلی کوردستان. شەهید بوونی دایکە ئامینە و مامۆستا سنەوبەر بوونە هێمای قوربانیدانی ژنانی کورد لە پێناوی ئازادیدا.

خۆپیشاندانەکانی ١٩٨٢ کاریگەرییان لەسەر چەندین ئاست هەبوو. لەسەر ئاستی نەتەوەیی، بوونە هۆی بەهێزترببوونی هەستی یەکبوون و یەکگرتوویی لە نێوان خەڵکی شارەکانی کوردستان. لەسەر ئاستی سیاسی، بوونە هۆی بەهێزبوونی متمانەی خەڵك بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. لەسەر ئاستی ستراتیژی و تاکتیکی خەبات، بوونە هۆی گەلالەبوونی ستراتیژی نوێی خەبات کە لەسەر بنەمای هەماهەنگی نێوان خەباتی شاخ و جەماوەری لە شار بینا کرابوو. لەسەر ئاستی دەروونی و کۆمەڵایەتی، ترسی خەڵکی شارەکانیان لەناوبرد. خەڵك فێربوون کە دەتوانن ڕووبەڕووی ڕژێم ببنەوە، وانەیەك کە بۆ خەباتی درێژخایەنی کورد زۆر گرنگ بوو.

دوای ٤٣ ساڵ، میراتی شەهیدان و داواکارییەکانی قوربانییان، هێشتا پرسێکی گرنگی کۆمەڵگەی کوردییە. زۆربەی شەهیدان و بریندارەکان و زیندانییە ئازادکراوەکانی خۆپیشاندانەکانی ١٩٨٢ تا ئێستا نە لە حکومەتی ناوەندی و نە لە حکومەتی هەرێم مافیان وەرنەگرتووە. زۆربەیان لە هەژاری و نەبوونیدا دەژین. هەوڵی کۆمەڵێك لە تێکۆشەران ئەوەیە کە ئەو مێژووە زیندوو ڕابگرن و نەوەی نوێ فێر بکەن کە ئازادی بە خوێن و قوربانی بەدەست هاتووە.

خۆپیشاندانەکانی ١٩٨٢ی قەڵادزێ و شارەکانی تری کوردستان، نیشاندەری ڕۆحی بەرخۆدان و خۆڕاگری گەلی کوردن. ڕۆڵی پێشەنگانەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە خۆپیشاندانەکان نابێ فەرامۆش بکرێت. قەڵادزێ، ئەو شارە خۆڕاگرە کە چەندین جار لە مێژووی کوردستاندا قوربانی گەورەی داوە — بۆردومانەکەی ١٩٧٤، خۆپیشاندانەکانی ١٩٨٢ و ڕاگواستن ١٩٨٩ - سیمبولی خۆڕاگری و بەرخۆدانی نەتەوەیەکە. وەك سەرۆك مام جەلال لە ساڵڕۆژی خۆپیشاندانەکاندا وتی: "قەڵادزێ و خۆپیشاندانەکانی ١٩٨٢ نەتەنها بەشێکن لە مێژووی خەباتی نەتەوەیی کورد، بەڵکو وانەیەکن بۆ نەوەکانی داهاتوو کە فێریان دەکات ئازادی بەبێ قوربانی و خەبات بەدەست نایەت. ڕێگەی ئازادی پڕە لە قوربانی، بەڵام کۆتاییەکەی ڕووناکە."

کاتێک شەهید بوون دەبێتە دکتۆرا

فەلسەفەی بەرخۆدان لە دروشمەکانی 1982/4/24ی قەڵادزێدا

ڕاپۆرتێکی شیکاری:
ئازاد حەمەد ئەمین

لەبیرکردن و وەبیرهێنانەوە لە ئاستی نەتەوەییدا

کاتێک لە ٢٤ی نیسانی ١٩٧٤دا، چوار فڕۆکەی جۆری سیخۆی ڕووسی بە فەرمانی سەدام حسێن ئاسمانی شاری قەڵادزێیان داپۆشی و بە بۆمبی ناپاڵمی قەدەغەکراو ئاگریان بەسەر خەونی ئازادی و هیوای ژیانی ئاساییدا بارااند، ئەو کردەوەیە تەنها هێرشێکی سەربازی نەبوو، بەڵکو هەوڵێك بوو بۆ لەناوبردنی فەزای فیکری و کولتووری کە زانکۆی سلێمانی و خوێندکارەکانی نوێنەرایەتیان دەکرد. بە واتایەکی ئەنترۆپۆلۆژی، ئەو هێرشە هەوڵێك بوو بۆ سڕینەوەی ناسنامەیەکی زیندوو بە ڕێگەی لەناوبردنی ژێرخانی فیکری و مەعریفی. ٥١ ساڵ دوای ئەم ڕووداوە، پرسیاری سەرەکی ئەوەیە: ئایا کارەسات، مەرگەسات و تراژیدیا چۆن دەبنە بەشێکی زیندوو لە زاکیرەی کۆمەڵگە؟ چۆن لە قوربانی بوونەوە پەڕینەوە بۆ خاوەن مێژوو بوون دروست دەبێت؟ لە میتۆدە نوێیەکانی لێکۆڵینەوەی پۆست-کۆلۆنیاڵدا، چەمکی "مەرگەسات" تەنها وەك ڕووداوێکی مێژوویی سەیر ناکرێت، بەڵکو وەك دۆخێکی بەردەوام و فەزایەکی فیکری و ڕۆحی کە ناسنامەی کۆمەڵگە و تاکەکان پێکدەهێنێت. بەم پێیە، بۆردومانی قەڵادزێ و زانکۆی سلێمانی دەبێتە نوقتەیەکی وەرچەرخان کە تێیدا زمانی سیاسی و فەلسەفی کورد گۆڕانکاری بەسەردا دێت.

لە چەمکی "قوربانی" بۆ چەمکی "بەرخۆدان"

لە پەنجا ساڵی ڕابردوودا، ئەو جیاوازییە دیالەکتیکییەی کە لە نێوان چەمکەکانی "قوربانی بوون" و "بەرخۆدان"دا هەبووە، یەکێك بووە لە گۆڕانکارییە فیکرییە سەرەکییەکانی گوتاری سیاسی و فەلسەفی کوردی. لە سەرەتای کارەساتەکەوە، تا ڕادەیەك زمانی قوربانی بوون زاڵ بوو، کە لە بنەماکانی خۆیدا پێویستی بە "ئەوی تر" هەبوو بۆ بەخشینی مانا. ئەم ئەوی تره دەکرا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بێت، یان ویژدانی مرۆڤایەتی. بەڵام لە ڕاپەڕینی ٢٤ی نیسانی ١٩٨٢دا، کە تێیدا خەڵکی قەڵادزێ بە دروشمی "گوللە و پەت و سێدارە، ناترسێنێ ئەم شارە" و "هێزی گەل لەبن نایە، شەهید بوون دکتۆرایە" هاتنە سەر شەقام، پەڕینەوەیەکی فەلسەفی بنەڕەتی ڕوویدا؛ پەڕینەوە لە زمانی قوربانی بوونەوە بۆ زمانی بەرخۆدان و خاوەندارێتی مێژوو.

دروشمەکان وەک تێکستی کولتووری-سیاسی

دروشمی "گوللە و پەت و سێدارە، ناترسێنێ ئەم شارە" تەنها هاوارێکی شۆڕشگێڕانە نییە، بەڵکو ڕاگەیاندنی هەڵوێستێکی فەلسەفییە کە لەودا تاك و کۆمەڵگە ڕووبەڕووی ترسناکترین ئامرازەکانی دەسەڵات دەبنەوە. لێرەدا "شار" لە مانای جوگرافیەکەی دەردەچێت و دەبێتە نوێنەری کۆی ناسنامەیەکی زیندوو. ئەم دروشمە پێماندەڵێت مەرگ، کە ئامرازی کۆتایی دەسەڵاتی ستەمکاریە، هیچ کاریگەرییەکی لەسەر ئیرادەی خۆڕاگری نییە. "هێزی گەل لەبن نایە، شەهید بوون دکتۆرایە" دروشمێکی هێشتا قووڵتڕە، کە تێیدا شەهادەت وەك ئەزموونێکی مەعریفی سەیر دەکرێت. لێرەدا، "شەهید" وەك چەمکێکی ئەپیستەمۆلۆژی، فۆرمێکی مەعریفی پێشکەش دەکات کە تێیدا مەرگ تەنها کۆتایی ژیان نییە، بەڵکو بەرهەمهێنانەوەی مانایەکی نوێیە. "دکتۆرا" وەك بەرزترین ناستی زانست، هاوتەریبە لەگەڵ شەهادەت وەك بەرزترین ناستی خۆبەخشین. لە دروشمی "بیست و چواری چوارە، جێی کەڵبەی سەگی هارە"، پەیوەندییەکی ئاڵۆز دروست دەبێت لە نێوان مێژوو (٢٤ی٤) و چەمکی بەربەریەت، کە لێرەدا بە هێمای "سەگی هار" دەردەبڕێت. لێرەدا دەسەڵاتی زاڵ، نەك هەر وەك ستەمکار، بەڵکو وەك هێزێکی دژە-کولتووری و دژە-مەعریفی پێناسە دەکرێت. بەم شێوەیە، خۆڕاگری تەنها دژایەتی سیاسی نییە، بەڵکو پاراستنی ناستێکی بەرزی مرۆڤایەتی و کولتوورە.

تێگەیشتنی قەڵادزێ

وەک فەزایەکی نوێی سەمبۆلیک

ئەگەر بەپێی میتۆدی پیەر نۆرا (Pierre Nora) مامەڵە لەگەڵ قەڵادزێ بکەین، دەبینین کە ئەم شارە بووەتە "شوێنی یادەوەری" کە تێیدا بیرەوەرییە تاکەکەسییەکان دەبنە بەشێك لە زاکیرەی کۆمەڵگە. ئەم فەزایە سیمبولیکە، بە وتەی میشێل فۆکۆ، دەبێتە "هێتروتۆپیا" یان فەزایەکی جیاواز کە تێیدا یاساکانی دەسەڵاتی زاڵ لەکار دەکەون و سیستەمێکی نوێ لە بەها و مانا دروست دەبێت. گێڕانەوەی شایەتحاڵێکی وەك "تەها عەلی ئەمین"، کە لە کەبابخانەکەدا ڕووبەڕووی بۆردومان بووەتەوە، دەمانخاتە ناو ئەو فەزا سیمبولیکەوە کە تێیدا ژیانی ئاسایی (نان خواردن لە کەبابخانە) و تراژیدیای مێژوویی (بۆردومان) پێکەوە دەبەستێن. تەها دەڵێت: "... لە سەروی بازاری قەڵادزێ ... هەر ئەوەندە کە کەبابەکەیان هێنا، بوو بە شەوە زەنگ و تەپووتۆزێکی زۆر، چاوچاوی نەدەبینی - کورد وەتەنی بوو بەو ڕۆژەی کە سیاوەشی تێدا کوژرا..." ئەم بەراوردکردنە لەگەڵ کوشتنی سیاوەش، پاڵەوانی میتۆلۆژیای ئێرانی کۆن کە بە ناهەق کوژرا، پەیوەندییەکی قوواڵ دروستدەکات لە نێوان کارەساتی قەڵادزێ و چەمکە مێژوویی و میتۆلۆژییەکان. ئەمە نیشانیدەدا کە چۆن ڕووداوێکی تراژیدی هاوچەرخ دەبێتە بەشێك لە میتۆلۆژیای نەتەوەیی. لەم ڕێگەیەوە، بیرەوەری تاکەکەسی دەبێتە بەشێك لە گێڕانەوەی ئەفسانەیی گەل، کە تێیدا مەرگی ناعادیلانە هەمیشە دێتە یاد و هێزی بەرخۆدان بەرهەمدەهێنێتەوە.

پەیوەندی نێوان جەستە و ناسنامە

لە پرۆسەی بەرخۆداندا

قەڵادزێ ٥١ ساڵ دوای کارەساتەکە، هەر وەك جودیت باتلەر بۆ چەمکی جەستە لە بەرخۆداندا باسی دەکات، دەبێتە شوێنێك کە تێیدا جەستەکان (شەهیدەکان، بریندارەکان) لە سنووری جەستەیی بوون دەردەچن و دەبنە بەشێك لە گوتاری سیاسی-فەلسەفی. بە تایبەتی لە ڕاپەڕینی ١٩٨٢ دا کە مامۆستا سنەوبەر و دایکە ئامینە شەهید دەبن، ڕۆڵی ژن وەك بەشێکی سەرەکی لەم پرۆسەی بەرخۆدانە دەردەکەوێت. لێرەدا دەبینین کە بۆردومانکردنی قەڵادزێ (١٩٧٤) و ڕاپەڕین دژی یادی ئەو کارەساتە (١٩٨٢) پێکەوە دەبنە دوو لایەنی هەمان پرۆسەی مێژوویی؛ لەلایەك، دەسەڵاتی زاڵ هەوڵ دەدات جەستەکان و فەزای شار لەناوببات؛ لەلایەکی ترەوە، ئەو جەستانە خۆیان دەبنە فەزای بەرخۆدان. ئەمەش ئەو شتەیە کە فەیلەسووفی فەڕەنسی جاك ڕانسیێر پێی دەڵێت "دابەشکردنی هەستپێکراو" (distribution of the sensible)، واتە ئەوەی دەبینرێت و نابینرێت، ئەوەی دەبیسترێت و نابیسترێت، ئەوەی مافی قسەکردنی هەیە و نییەتی.

دروشمەکان وەک هەڵگری جەستەی کۆیی

دروشمی "هێزی گەل لەبن نایە، شەهید بوون دکتۆرایە" دیاردەیەکی گرنگمان بۆ ئاشکرا دەکات؛ چۆن جەستەی تاك دەبێتە بەشێك لە جەستەی کۆیی (collective body). لێرەدا، شەهیدبوون وەك چالاکییەکی ئاگامەندانە و دروستکەری مەعریفە (دکتۆرا) دەبینرێت، نەك وەك قوربانیبوونێکی نەویستراو. شەهید، بە مردنی، نەك تەنها قوربانی، بەڵکو بەرهەمهێنەری زانستێکی نوێیە کە پەیوەندی بە پێکهاتنی کۆمەڵگە و ناسنامەوە هەیە. گۆڕینی فۆرمی جەستەی تاك بۆ جەستەی کۆیی لە پرۆسەی بەرخۆداندا، هەر وەك جودیت باتلەر باسی دەکات، هەنگاوێکی گرنگە لە پرۆسەی دروستکردنی ناسنامەی نەتەوەیی. ئەمەش لە دروشمی "گوللە و پەت و سێدارە، ناترسێنێ ئەم شارە" دەردەکەوێت، کە تێیدا "شار" دەبێتە یەکەیەکی زیندوو بە توانای هەست و بەربەرەکانێ. لێرەدا، "ناترسێنێ" گوزارشت لە هەستێکی کۆیی دەکات، کە تێیدا مەرگی تاك هێزی کۆمەڵگە لاواز ناکات، بەڵکو بەهێزتری دەکات.

دوناوچەیی بوون و مەنفا

وەک دوو ڕووی بەرخۆدان

خەڵکی قەڵادزێ دوای کارەساتەکە تەنها دوو ڕێگەیان لەبەردەمدا بوو: یان "دوناوچەیی بوون" (displacement) وەك ئەوەی تەها عەلی دەڵێت "لەگەڵ دایکم وخوشك وبراکانم بەرەو دێی شیوەرەز بەرێکەوتن"، یان مەنفا "و دوای ماوەیەك لە ئێران یەکترمان بینییەوە". ئەم دۆخە، بەپێی تیۆرییەکانی ئێدوارد سەعید دەربارەی مەنفا، دەبێتە بەشێك لە ناسنامەی هاوچەرخی کورد. مەنفا تەنها دووری جوگرافی نییە، بەڵکو دۆخێکی مەعریفییە کە تێیدا کەس لە دووفاقیدا دەژی؛ لە نێوان ئێستا و ڕابردوو، لە نێوان شوێن و بیرەوەری. لە ١٩٧٨-١٩٧٩ دا ڕژێمی بەعس سیاسەتی ڕاگواستنی خەڵکی قەڵادزێ و دەوروبەری بۆ "ئۆردوگا زۆرەملێکان" پەیڕەو کرد و گوند و شارەکەشیان تێکدا. ئەم ڕاگواستنە زۆرەملێیە، لە ڕوانگەی پۆست-کۆلۆنیالیزمەوە، جۆرێکە لە "epistemicide" یان "کوشتنی مەعریفی"؛ هەوڵێکە بۆ لەناوبردنی پەیوەندی خەڵك لەگەڵ مێژوو و جوگرافیای خۆیان، بۆ دابڕاندنی پەیوەندییەکانی ماناداری لەگەڵ شوێن و لەناوبردنی زانستی لۆکاڵی دەربارەی ژینگە و کولتووری ناوچەیی.

مەنفا وەک فەزای بەرخۆدانی نوێ

دروشمەکانی ڕاپەڕینی ١٩٨٢ سەرەڕای کارەساتەکان و ڕاگواستنەکان، دەیسەلمێنن کە فەزای جوگرافی لە پرۆسەی بەرخۆداندا دیار نییە، بەڵکو فەزای فیکری و مەعریفی بایەخدارە. کاتێك دروشمی "بیست و چواری چوارە، جێی کەڵبەی سەگی هارە" بەرز دەکرێتەوە، سنوورەکانی جوگرافیای سیاسی دەشکێنرێن و بەرخۆدان لە فەزا و کاتی دیاریکراودا بەرجەستە دەبێتەوە. هەر بۆیەش بە سەدان کەس لە خەڵکی قەڵادزێ کە لە سلێمانی، هەولێر، کەرکووك، ئێران، ئەوروپا و شوێنەکانی تر بوون، ئەو ڕۆژەیان بە شێوەیەك لە شێوەکان کردە ڕۆژی خۆڕاگری دژی لەبیرکردن.

دەرەنجام: لە "سڕینەوە"وە بۆ "نووسینەوە"

قەڵادزێ، وەك شوێنێکی سیمبولیك، چیرۆکی سڕینەوە و نووسینەوەیە. ڕژێمی بەعس هەوڵیدا بە بۆردومانکردن و ڕاگواستن، فەزای فیزیکی و مەعریفی قەڵادزێ بسڕێتەوە، بەڵام دوای ٥١ ساڵ، ئەم کارەساتە بووەتە بەشێکی زیندوو لە مێژووی نەتەوەیی کورد. لە دۆخی پاش-کۆلۆنیالیدا، پرۆسەی وەبیرهێنانەوە و نووسینەوەی مێژوو، بەشێکی سەرەکی لە پرۆسەی بەرخۆدانە. دروشمەکان لەم پرۆسەیەدا، نەك تەنها بەیاندنی هەڵوێست، بەڵکو ئامرازی دروستکردنی سەردەم و فەزای نوێن. قەڵادزێ نموونەیەکی زیندوو و بەردەستە لەسەر ئەوەی کە چۆن مێژووی ستەم دەکرێت ببێتە مێژووی بەرخۆدان، چۆن فەزای سڕینەوە دەکرێت ببێتە فەزای نووسینەوە، و چۆن کارەساتی مرۆیی دەکرێت ببێتە بەشێك لە گێڕانەوەی مێژوویی و فەلسەفی گەلێك.



گرفتەکانی سێکتەری تەندروستی پشدەر



ئامادەکردنی: بەرهەم فەهمی

خزمەتگوزاری کەرتی گشتی تەندروستی بە گوێرەی ویست و داخوازیەکانی خەڵکی لە سنوری پشدەر و قەڵادزێ کەمی کردووە، ئەمەش بارگرانی زیاتری خستووەتە سەر شانی هاوڵاتیان. لە میانەی ئەم ڕاپۆرتەدا، دۆخی ئێستای کەرتی تەندروستی لە شاری قەڵادزێ و سنوری پشدەر دەخەینە ڕوو و گرفتە سەرەکییەکان و ئامارە بەردەستەکان بە شێوەیەکی گشتگیر لێکدەدینەوە.

پێویستە لە سەرەتادا دان بەوەدا بنێین کە باشتر کردنی کەرتی تەندروستی پرۆسەیەکی ئاڵۆز و سەختە و پێویستی بە کات و وەبەرهێنانی گونجاو هەیە. هەروەها، بەپێی فەرهەنگی کۆمەڵگەی کوردی، خزمەتگوزاریە بێبەرامبەرەکان زۆرتر بایەخیان پێدەدرێت و شوێنە خزمەتگوزارییەکان قەرەباڵغتر دەبن، ئەمەش دەبێتە هۆی پاڵەپەستۆیەکی زیاتر لەسەر سیستەمی تەندروستی گشتی. سەرەڕای ئەو خزمەتانەی پێشکەش بە هاوڵاتیان کراون، سنوری پشدەر بە گشتی لە گرفتەکانی کەرتی تەندروستی بەدەر نییە.

گرفتە سەرەکییەکان

کەرتی تەندروستی لە شاری قەڵادزێ و سنوری پشدەر کۆمەڵێک گرفتی هەمەلایەنەی هەیە کە کاریگەرییان لەسەر ئاست و چۆنیەتی خزمەتگوزارییەکان هەیە. کەمی کادری پسپۆڕ گرفتێکی گەورەیە، بەهۆی دوورەدەستی ناوچەکەوە، پسپۆڕانی پزیشکی کەمتر ئامادەن تواناکانیان لێرە بۆ خزمەتکردن بەسەر بەرن. ئەمە وای کردووە کە هاوڵاتیانی ناوچەکە بۆ چارەسەری نەخۆشییە ئاڵۆزەکان ناچار بن ڕوو لە شارەکانی هەولێر و سلێمانی بکەن، کە ئەمەش بارگرانی ماددی و مەعنەوی زیاتر دەخاتە سەر شانیان. هاوکات، کەمی ژمارەی فەرمانبەر لە بەشەکانی کەرتی تەندروستی بەهۆی وەستانی دامەزراندن، گرفتێکی بەرچاوی دیکەیە. کەمی کادری نەخۆشەوانی و ستافی پزیشکی کاریگەری نەرێنی لەسەر چۆنیەتی خزمەتگوزارییەکان هەیە، بەتایبەت لە کاتە قەیرانامێزەکان و کاتی زیادبوونی ژمارەی نەخۆشەکان. لە لایەکی دیکەوە، کەمی ئامێر و تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو گرفتێکی سەرەکی دیکەی کەرتی تەندروستییە لەم ناوچەیەدا. نەبوونی جیهازی پێشکەوتووی وەک MRI و جیهازی جیاکردنەوەی خانەکانی خوێن بۆ بانکی خوێن، بۆ سنورێکی گەورەی وەک پشدەر پێویستییەکی حاشا هەڵنەگرە. هەروەها، کەمی یان ناتەواوی جیهازی سۆنەر کێشەیەکی دیکەیە، بەجۆرێک کە لە تەواوی سنوری پشدەر تەنها یەک دانە لە نەخۆشخانەی شەهیدانی قەڵادزێ بەردەستە، کە ئەویش بۆ ماوەی چەند مانگێکە لەکار کەوتووە.

دواکەوتن و وەڵام نەدانەوەی وەزارەتی دارایی بۆ کڕین و چاککردنەوەی پێداویستییەکانی نەخۆشخانە، گرفتێکی دیکەی بەردەم کەرتی تەندروستییە لە سنوری پشدەر. ئەمە وای کردووە کە زۆرێک لە پێداویستییە سەرەتاییەکان دابین نەکرێن و یان ئامێرە لەکارکەوتووەکان بۆ ماوەیەکی درێژ چاک نەکرێنەوە. نەبوونی ژمارەی پێویستی نۆتۆمبێلی ئەمبولانس و شۆفێر، گرفتێکی گەورەی دیکەیە کە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر گەیاندنی نەخۆشە کتوپڕەکان بۆ نەخۆشخانە هەیە. هەروەها کەمی و کۆنی نۆتۆمبێلەکان، دەبێتە هۆی دواکەوتن لە گەیاندنی نەخۆشەکان، کە لە زۆر حاڵەتدا ئەم دواکەوتنە دەتوانێت ژیانی نەخۆش بخاتە مەترسییەوە. گرفتێکی دیکەی گرنگ، نەبوونی بینای تایبەت بە پزیشکی داد لە سنوری قەڵادزێیە، کە ئەمە ئەرکێکی لە پێشینەی حکومەتە بۆ ئەم سنورە بەرفراوانەی پشدەر. نەبوونی ئەم خزمەتگوزارییە وادەکات کە لە حاڵەتی پێویستی بە ڕاپۆرتی پزیشکی داد، حاڵەتەکان بۆ سەنتەرەکانی دیکە بنێردرێن، کە ئەمەش دەبێتە هۆی دواکەوتن لە ئیجرائاتە یاساییەکان. کۆنی و بێکەڵک بوونی مەڵبەندە تەندروستیەکان و کەمتەرخەمی لە دروستکردن و نۆژەنکردنەوەیان لە لایەن لایەنی مەعنی و پەیوەندیدار، کێشەیەکی دیکەی بەرچاوی کەرتی تەندروستی لە ناوچەکەیە. زۆرێک لە بیناکانی مەڵبەندی تەندروستی پێویستیان بە نۆژەنکردنەوە هەیە و بەشێکیان پێویستیان بە بیناسازی نوێیە. نەبوونی پزیشکی گشتی لە مەڵبەندە تەندروستیەکانی ناو شار و ناحیەکان، گرفتێکی دیکەیە کە کاریگەری لەسەر دابەشبوونی نایەکسانی خزمەتگوزارییەکان هەیە. ئەمە وادەکات کە هاوڵاتیان بۆ چارەسەری نەخۆشییە سادەکانیش ناچار بن سەردانی نەخۆشخانەی گشتی بکەن، کە ئەمەش بارگرانی زیاتر لەسەر نەخۆشخانەکان دروست دەکات.

دەستکەوت و خزمەتگوزارییەکان

سەرەڕای ئەو هەموو کەم و کوڕیانەی کە باسکران، دەتوانین بڵێین کە ئامارى ساڵی ڕابردوو جێگەی دڵخۆشییە، چونکە کەرتی تەندروستی لەم سنورەدا خزمەتێکی بەرچاوی پێشکەشی هاوڵاتیان کردووە. بەپێی ئامارێکی نەخۆشخانەی گشتی قەڵادزێ، لە ساڵی ٢٠٢٤، خزمەتگوزارییەکی بەرفراوان پێشکەش کراوە کە گرنگترینیان: نەخۆشخانەکە لە ساڵی ڕابردوودا خزمەتگوزاری بۆ ڕێژەیەکی بەرچاوی هاوڵاتیان دابین کردووە. بەپێی ئامارەکان، نزیکەی دە هەزار کەس بە نەخۆشی داخیل کراون بۆ چارەسەر، کە ئەمە ژمارەیەکی بەرچاوە بۆ نەخۆشخانەیەکی ناوچەیی. هەروەها ٨٣٨ نەخۆش بە ئەمبولانس بۆ شارەکانی هەولێر و سلێمانی بەڕێکراون، کە ٨٢٤ یان بۆ سلێمانی و ١٤ یان بۆ هەولێر بوون. خزمەتگوزارییەکانی نەخۆشخانەکە تەنها سنووردار نەبوونە بە چارەسەری نەخۆشی، بەڵکو خزمەتگوزاری پشکنینی پێش هاوسەرگیری، پۆلیسی دادوەری، و خزمەتگوزاری تایبەت بە چاوپزیشکیش دابینکراوە. بەپێی ئامارەکان ١١٢٢ پرۆسەی هاوسەرگیری پشکنینیان بۆ کراوە، ٢٨٢ کەیسی پۆلیس بۆ دادگا هەبووە، و چوار هەزار و دە کەس پشکنینی چاویان بۆ کراوە. هەروەها نەخۆشخانەکە تۆمارێکی وردی لەدایکبوونی منداڵان و حاڵەتە تایبەتەکانی هەیە. بۆ نموونە، تۆمار کراوە کە ٣٣ منداڵی دووانە لەدایک بوون، کە ٢٠ دانەیان دووانەی کوڕ و ١٣ یان دووانەی کچ بوون. هەروەها تۆماری وردی حاڵەتەکانی مردن و ڕووداوەکانی هاتوچۆش هەیە، بەپێی ئامارەکان ١٨٤ کەس مردوون کە ٥٠ یان نێر و ١٣٤ یان مێ بوون، و ٢٠٨ بریندارى ڕووداوی هاتوچۆ هەبووە.

ڕاسپاردە و پێشنیارەکان

بۆ بەرەوپێش بردنی کەرتی تەندروستی لە سنوری قەڵادزێ و پشدەر، کۆمەڵێک ڕاسپاردە و پێشنیار دەخەینە ڕوو: پێویستە وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی دارایی گرنگی زیاتر بدەن بە دابینکردنی ئامێری پێشکەوتوو وەک MRI و جیهازی جیاکردنەوەی خانەکانی خوێن بۆ نەخۆشخانەی گشتی قەڵادزێ. دانانی پلانێکی ستراتیژی بۆ ڕاکێشانی پزیشکی پسپۆڕ بۆ کارکردن لە ناوچەکە، لە ڕێگەی دابینکردنی هاندەری ماددی و دەرماڵە و شوێنی نیشتەجێبوونی گونجاو. پێویستە لایەنی پەیوەندیدار گرنگی زیاتر بدات بە نۆژەنکردنەوەی مەڵبەندە تەندروستییەکان و دروستکردنی بیناى نوێ بۆ پزیشکی داد. زیادکردنی ژمارەی نۆتۆمبێلی ئەمبولانس و دامەزراندنی شۆفێری پسپۆڕ بۆ باشترکردنی خزمەتگوزاری گواستنەوەی نەخۆشان. کردنەوەی خولی ڕاهێنان و بەرزکردنەوەی توانای کادرە تەندروستییەکانی ناوچەکە بۆ باشترکردنی ئاستی خزمەتگوزارییەکان. وەزارەتی تەندروستی پێویستە پلانێکی کورتخایەن و درێژخایەن دابنێت بۆ چارەسەرکردنی کەمی کادری پزیشکی و نەخۆشەوانی لە مەڵبەندە تەندروستییەکانی ناو شار و ناحیەکان.

تۆڵە و زامەکانی قەڵادزێ ژبیر ناکەین

عمر قادر وسو

ئامانج لە زیندوو هێشتنەوە و یادکردنەوەی ڕووداوە مێژوویییەکان - چ کارەسات و کۆمەڵکوژی کە دەرهەق بە گەلەکەمان کراوە یان بەگژاچوونەوەی پێشمەرگانە و ڕاپەڕینە جەماوەرییەکان - بۆ ئەوەیە بە چاوێکی خەمخۆرانە و هەستێکی زامدارەوە سەیری ئەو ڕووداوە ناخۆش و ناشایستانە بکەین کە بەسەر خەڵک و وڵاتماندا هاتووە. دەبێت لە هزر و زەینی خەڵکدا بە زیندوویی بمێنێتەوە و نەوەی نوێ لە درێندەیی دوژمنان و هەڵمەتی شێرانەی باوانمان ئاشنا و پەیوەست بکەین.

هۆکاری کێشە و مەینەتییەکانی گەلەکەمان لەوە سەرچاوەی گرتووە کە گەلی کورد و نیشتمانەکەی کەوتۆتە ناو گەلانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست. ئەم ناوچەیە مێژووەکەی و ڕووداوەکانی پڕ نەهامەتی بووە بۆ ئێمە و دوژمنان هەمیشە هەوڵیانداوە ڕوخساری نەتەوایەتیمان بسڕنەوە. لەبەرئەوە کوردیش وەک سەرجەم گەلانی تر هەمیشە بۆ ڕزگاری قوربانی زۆری داوە و ماوەی بە داگیرکەران نەداوە خاکەکەی داگیر و وێران بکەن. کورد وەکو بنکەیەکی بەهێز بۆ لەبەریەک هەڵتەکاندنی ڕژێمە کۆنەپەرستەکان و داگیرکەران لەسەر پێی خۆی وەستاوە.

قەڵادزێ بەپێی هەڵکەوتەی جوگرافی خۆی هەرگیز نەچۆتە ژێر ڕکێفی فرمانە ناڕەواکانی حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق. لە دێر زەمانەوە مەیدانی شۆڕشگێڕی و خاوەنی فەرهەنگی پێشکەوتوو بووە. هەمیشە پشت و پەنای شۆڕش و پردی پەیوەندی نێوان پێشمەرگە و خەڵک بووە و بەردەوام سەری لە دوژمنی فاشیست شێواندووە بە چالاکی جۆراوجۆر. بەعسییە ڕەفتارفاشیەکان لە ڕۆژانی سەرەتای حوکمڕانیانەوە سروشتی فاشیستی و خوێنڕێژی خۆیان بەرامبەر کورد ئاشکرا کردووە. قەڵادزێیان وەک دومەڵێک لەسەر دڵی خۆیان سەیر کردووە و چەندین جار پەلاماری وەحشیانەی ئەو دەڤەرەیان داوە.

بەڵام ڕقی پیرۆزی خەڵک و هاوکاری پێشمەرگە و ڕێکخستنە نهێنییەکانی (ی.ن.ک)، کە هەمیشە هاندەر و پشتیوانی خەڵک و خەباتە جەماوەرییەکان بوو، ساڵی ١٩٨٢ ڕقی پیرۆزی خۆیان بە بەعسییەکان ڕشت. لە ڕێگەی خۆپیشاندانێکی ڕێکخراو ڕووبەڕوویان بوونەوە و توانیان چەندین داواکاری و دەسکەوتی گرنگ بەدەست بهێنن و سەر بە ڕژێم شۆڕ بکەن و داواکارییەکانی جەماوەر بسەپێنن. دواتر ناوچەکانی تریش تاقیکردنەوەکەی قەڵادزێیان گواستەوە بۆ شارەکانیان، لەوانە شاری ڕانیەی قارەمان. لە پاشان ڕاپەڕین زۆربەی شارەکانی تری کوردستانی گرتەوە و بووە سەرەتایەکیش بۆ ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ کە سەرتاپای کوردستانی گرتەوە و سەرجەم خاکی کوردستان ڕزگارکرا.

ئەوەی جێگەی داخە لە ئێستادا خەڵک بەدەست چەندین قەیرانەوە دەناڵێنن. لە کاتێکدا مۆدێلی دەوڵەتی ستەمکار و زۆردار و خۆسەپێن و دیکتاتۆریەت لەناو هەموو نەتەوەکان ڕەتکراوەتەوە، بەداخەوە لایەنێکی سیاسی ماوەنادا هاوڵاتی کورد چێژ لە ڕووخانی ڕژێمی ڕەفتار فاشی لەگۆڕنراو ببینێ و ناچاری دەکات ئاوڕ لە ڕابردوو بداتەوە. ئەمەش بەهۆی دەست تێکەڵاوکردن و پەلکێش کردنی دوژمنان بۆ ناو خاکی هەرێم، دزین و بەهەدەردانی سامانی نیشتمانی و تاکڕەوی لە حوکمڕانیدا، کە ئەرکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیشی قورس کردووە. یەکێتی هەمیشە هەوڵدەدات هەرێم ببێتە نەخشێکی بنەڕەتی و نمونەیی هەرێمێکی بەهێز و هاوسەنگ و دیموکرات و ڕاوەدوونانی ناکۆکی و ململانێ لەنێوان حزبەکان و مامەڵەکردن لەگەڵ یەکتری لە هەرێمێکی فیدڕاڵی سەرکەوتوو. قەڵادزێ لەو پێناوەدا هەمیشە قەڵای تێکۆشان، هەڵمەت و ڕاپەڕین بوونە. لە مێژوودا بەم شێوەیە ناسراون و بەردەوام بەو شێوەیەش دەمێننەوە.

مەرگی ناسنامە و دینامیکی توندوتیژیی کۆڵۆنیالی

شرۆڤەیەکی پۆست-کۆڵۆنیالی بۆ بۆردوومانی قەڵادزێ

سەردار ستار عبدالکریم

مەرگی ناسنامە و دینامیکی توندوتیژیی کۆڵۆنیالی

بۆردوومانی قەڵادزێ لە ٢٤ی نیسانی ١٩٧٤ نموونەیەکی بەرچاوە لە توندوتیژیی سیستەماتیکی دەوڵەت دژ بە نەتەوەکان. ئەم کارەساتە، وەک زۆربەی کارەساتە سیاسییەکانی هاوشێوە، خاوەنی چەندین ڕەهەندی لێکدابڕاو نەبوو، بەڵکو بەرهەمی پێکهاتەیەکی جیۆپۆلیتیکی و میژوویی ئاڵۆز بوو.

ئەم بۆردوومانە ڕووداوێکی سەربەخۆ نەبوو، بەڵکو ئەڵقەیەک بوو لە ئەڵقەکانی زنجیرەی سیاسەتی دەوڵەتی بۆ بێهێزکردنی ناسنامەی نەتەوەیی کورد. بەکارهێنانی بۆمبی ناپاڵم لەسەر شارێکی مەدەنی نمایشێکی زەقی ئەو نایەکسانییە بوو لە هێز کە دەوڵەتی عیراق بەکاریهێنا بۆ سەرکوتکردنی خواستی ڕەوای خەڵکی کورد بۆ خوێندن بە زمانی خۆیان و خاوەندارێتی دامەزراوەی کلتووری و زانستی.

سروشتی تراژیدیای قەڵادزێ لە هەڵبژاردنی ئامانجەکانەوە دەردەکەوێت: هێرشی سەرەتایی لەسەر شوێنی خوێندکاران بوو، واتە بۆردوومانکردنی دامەزراوەیەکی زانستی، کردەوەیەک کە نیشانەی هێرشکردنە سەر ئایندەی نەتەوەیەک. زانکۆی کورد لە ڕوانگەی دەسەڵاتی بوو، چونکە مەترسییەکی ستراتیژی بوو، چونکە جێگەیەک بوو بۆ گەشەکردنی هزر و ڕۆشنبیری.

چەمکی "جینۆسایدی"ی کلتووری و شەڕی مەعریفی

پرسیاری ئەوەی ئایا ئەم بۆردوومانە بە جینۆساید دادەنرێت، پرسیارێکی جەوهەرییە. تیۆریستە پۆست-کۆڵۆنیالیستەکان وەک رافائیل لێمکین و دواتر نگوگی وا ئیۆنگۆ، چەمکی "جینۆسایدی کلتووری" یان خستۆتە ڕوو کە تێیدا کوشتنی مرۆڤەکان تەنها بەشێکە لە پرۆسەیەکی فراوانتر کە ئامانجی سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەییە. بۆردوومانی قەڵادزێ لەبنەڕەتدا نموونەیەکی ڕوونە لەم جۆرە جینۆسایدە: لەناوبردنی شوێنی فێربوون و پەروەردە بە ئامانجی بچووککردنەوەی توانای بەرهەمهێنانی زانست و کلتووری کوردی. لێرەدا کوشتن تەنها ئامرازێکە بۆ تۆقاندن و سڕینەوەی بوونێکی کلتووری و مەعریفی. ئەم هێرشە لە کۆنتێکستی خەباتی مەعریفی-کلتووریدا دەبێ هەڵسەنگێنرێ. بوونی زانکۆی سلێمانی لە قەڵادزێ لەبنەڕەتدا هەوڵێک بوو بۆ بەرگریکردن لە ناسنامەی نەتەوەیی لە ڕێگەی پەروەردە و بەرهەمهێنانی زانست. دەسەڵات ئەم دامەزراوەیەی وەک هەڕەشەیەکی ستراتیژی لەسەر مۆنۆپۆلی دەوڵەت بەسەر پەروەردە و کلتووردا بینی.

هەڵسەنگاندنی دیالەکتیکی بڕیاری گواستنەوەی زانکۆ

هەڵسەنگاندنێکی قوواڵی بڕیاری گواستنەوەی زانکۆ دەریدەخات کە ئەم هەنگاوە سەرەڕای نیاز نا باشی لەپشتیەوە، لە ڕووی ستراتیژییەوە لاوازییەکی گەورەی تێدا بوو. بڕیاری گواستنەوەی زانکۆی سلێمانی بۆ قەڵادزێ هەڵەیەکی مێژوویی و ڕامیاری گەورە بوو، چونکە نەتوانرا سنووری ماتریالی و واقیعییەکانی توانای شۆڕش لەبەرچاو بگیرێت. ئەو واقیعیەتەی کە "گەر کورد بتوانێ، هەموو خاکی کوردستانیش ڕزگارکا، ناتوانێ، ئاسمانەکەی ڕزگارکا" کرۆکی ئەم ناتەواوییەی خەباتی چەکداری لەو قۆناغەدا دەردەخات. ئەمە مەسەلەیەکی بنەڕەتییە لەزۆرینەی زۆری خەباتە ڕزگاریخوازییەکاندا دەبینرێت: نایەکسانیی هێز لە نێوان دەوڵەتی خاوەن سوپا و فڕۆکە و هێزێکی چەکداری لۆکاڵی. لێرە پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا هەبوونی زانکۆ لە قەڵادزێ بەهایەکی ستراتیژی هەبوو کە لەگەڵ مەترسیی بۆردوومانکردن هاوتا بێت؟ ئایا ڕزگارکردنی خاک بێ توانای پاراستنی، لەڕاستیدا ڕزگارکردنە؟ ئەمە پارادۆکسێکی سەرەکییە زۆربەی بزووتنەوە سیاسیەکان پێیدا تێپەڕیون، بەڵام کەمتر شیکراوەتەوە.

پێکهاتەی دووبەش و لاوازیی ستراتیژی بەرگری

ڕاستییەکی گرنگ لەم کۆنتێکستەدا بریتییە لە دابڕانی نێوان شار و شاخ. ئەو بۆچوونەی کە "بەپێچەوانەوە دەبووایە، خەباتی شار و شاخ، پێکەوە گرێبدرانایە" باس لە پێکهاتەیەکی دووبەش دەکات کە زۆربەی بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکان لە جیهانی سێیەمدا پێیدا تێپەڕیون. پێکهاتەی دووبەشی شار-شاخ یان سەربازی-سیاسی، ئاکامی ڕاستەوخۆی هەلومەرجی کۆڵۆنیالیزم و پۆست-کۆڵۆنیالیزمە. لە زۆربەی بزووتنەوەکاندا، وەک بزووتنەوەی ڕزگاریی فیەتنام، ئەلجەزائیر، یان ئەریتریا، ئەم دیالەکتیکی نێوان سەربازی و سیاسی بە شێوەیەکی گونجاوتر بەڕێوەبراوە. پرسیاری گرنگ ئەوەیە: چۆن زانکۆ لە قەڵادزێ دەکرێتەوە بەبێ ئەوەی هێزی بەرگری هەبێت؟ ئەو ڕاستییەی کە "هیچ جۆرە ئامادەکارییەک، بۆ کردنەوەی زانکۆ نەکرابوو" باس لە کەمیی ڕوانگەی ستراتیژی و پلانی درێژخایەن دەکات.

دۆخی نێودەوڵەتی و لاوازیی دیپلۆماسی

مەرگەساتی ٢٤-٤-١٩٧٤ی قەڵادزێ لە خاڵێکدا ڕوویدا کە بارودۆخی نێودەوڵەتی بەتەواوی لە بەرژەوەندی شۆڕشی کوردیدا نەبوو. سەردەمەکە گۆڕابوو، دۆستەکانی گەلی کورد و شۆڕشەکەی کەمبوونەوە و بەعس گەلێ هەنگاوی ڕامیاری و دیپلۆماسی گەورە و گرنگی نابوو. بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی لە هەر شوێنێکی جیهاندا بێت، ئەگەر دۆخی نێودەوڵەتی لەباردا نەبێت، دەرفەتی سەرکەوتنی کەم دەبێتەوە. ئەمە دەرسێکە کە لە فیەتنام، گینیا-بیساو، ئەنگۆلا و هەموو شوێنێک کە شۆڕش سەرکەوتنی بەدەستهێناوە، دیتوومانە. سەرکەوتنی خەباتی ڕزگاریخوازی تەنها بەندە نییە بە قارەمانێتی شۆڕشگێڕان، بەڵکو بەندیشە بە ئاستی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و پشتیوانی دەرەکییەوە. کارەساتی قەڵادزێ نیشانی دەدا کە لاوازیی دیپلۆماسی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، بوونی داڕێژەرێکی بلیمەتی ستراتیژیی ناتوانێت قەرەبوو بکاتەوە، بەتایبەت کاتێک کە خەبات لە دژی دەوڵەتێکە کە خاوەنی فڕۆکە جەنگییەکانە.

بەرگری لە ڕێگەی یادەوەری و گێڕانەوە

یەکێک لە ڕەهەندە گرنگەکانی خەباتی کلتووری کورد، گرنگیی یادەوەری وەک چەکێکی بەرگرییە. ئەو ڕاستییەی کە "تا یەک قەڵادزێیی بەتایبەتی و کوردێکی نیشتمانپەروەر بەگشتی بمێنێ، هەرگیز یادی ڕۆژە خوێناویەکان و تاوانەکانی بەعسی داگیرکەریان بیرناچێتەوە" دەریدەخات کە یادەوەری بەکۆمەڵ چەکێکی کاریگەرە لە دژی فەرامۆشکردن و نکۆڵیکردن. لە کۆنتێکستی تیۆری پۆست-کۆڵۆنیالیزمدا، یادەوەری بەکۆمەڵ و گێڕانەوەی کارەساتەکان بەشێکی سەرەکییە لە بەرگریی کلتووری. کاتێک هێزە کۆڵۆنیالیستەکان هەوڵی سڕینەوەی مێژوو و ناسنامەی نەتەوەیەک دەدەن، ئەرکی نووسەر و خەڵکی ئەو نەتەوەیە دەبێت بنووسن، بگێڕنەوە و لە یادیان بێت. تەنانەت ئەگەر نەتوانن بۆردوومان بوەستێنن، دەتوانن یادەوەری زیندوو بهێڵنەوە. ڕاپەڕینی ١٩٨٢ی قەڵادزێ، کە لە یاد ڕۆژی بۆردوومانەکەی ١٩٧٤دا ڕوویدا، نموونەیەکی بەرچاوە لەوەی کە چۆن یادەوەریی بەکۆمەڵ دەبێتە سەرچاوەی خەباتی بەردەوام. گرنگیی ئەم یادەوەرییە ئەوەندە زۆرە کە حکومەتی هەرێم ڕۆژی ٢٤ی نیسانی بە شێوەیەکی فەرمی، بە ڕۆژی ڕەوانشادانی زانکۆ داناوە.

دیالەکتیکی وێرانکردن و بونیادنان

کارەساتی قەڵادزێ وێنەیەکی بەهێزی دیالەکتیکی وێرانکردن و بونیادنان دەخاتە بەردەست. لەلایەکەوە بەعس هەوڵی وێرانکردنی شار و ناسنامەی نەتەوەیی دەدات، لەلای دیکەوە کورد هەوڵی بونیادنانی دامەزراوەی زانستی دەدات. هەموو بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازی بە دوو ئەرکی سەرەکیدا تێدەپەڕێت: ڕووخاندنی بونیادی کۆن (لێرەدا بەرگریکردن لە داگیرکاری) و دروستکردنی بونیادی نوێ (لێرەدا بونیادنانی دامەزراوەی نەتەوەیی). هەردوو ئەم ئەرکە هاوکات دەبێت ئەنجام بدرێن، بەڵام هێندە قورسن کە زۆر جار بزووتنەوەکان لە یەکێکیاندا سەرکەوتوو نابن. کارەساتی قەڵادزێ نیشانیدەدات کە چۆن هەوڵی بونیادنانی زووڕەس بەبێ ئەوەی هێشتا سیستەمی کۆنی داگیرکاری ڕووخابێ و توانای بەرگری هەبێت، دەبێتە هۆی کارەساتی نوێ. ئەمە دیالەکتیکێکی ئاڵۆزی پرۆسەی ڕزگاری نەتەوەیی لە هەموو شوێنەکانی جیهانی پۆست-کۆڵۆنیالە.

ئەنجامگیری

بۆردوومانی قەڵادزێ بەتەنها ڕووداوێکی مێژوویی لۆکاڵی نییە، بەڵکو نموونەیەکی بەرچاوە لەو دینامیکە ئاڵۆزەی نێوان داگیرکاری و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کە لە زۆربەی وڵاتانی دنیای سێیەمدا بینراوە. ئەم کارەساتە چەندین وانەی گرنگ لەخۆدەگرێت: پێویستیی هاوسەنگکردنی بونیادنان و بەرگری. گرنگیی ستراتیژیی درێژخایەن و ڕیالیزم لە خەباتی نەتەوەییدا. دینامیکی ئاڵۆزی نێوان خەباتی سەربازی، کلتووری، و دیپلۆماسی. گرنگیی بەهێزکردنی یادەوەریی بەکۆمەڵ وەک بەشێکی سەرەکی لە پرۆسەی بەرگری لە ناسنامەی نەتەوەیی.

بۆردوومانی قەڵادزێ نەک تەنها کوشتنی کەسەکان، بەڵکو هەوڵی کوشتنی شوناسێکی تەواو بوو، هەوڵێک کە لە بنەڕەتدا شکستی هێنا، چونکە هەنووکە بەشێکە لە یادەوەریی بەکۆمەڵی گەلی کورد. ئەو ڕاستییەی کە نەتەوەی کورد لە مێژووی لەخوێنهەڵکێشراوی خۆیدا، گەلێ کارەسات، کوشتنوبڕین، کاولکاری، ماڵوێرانی و دەربەدەری دیوە، بەڵام ئەم کارەساتە تایبەتمەندییەکی جیاوازی هەیە، دەریدەخات کە لە مێژووی خەباتی نەتەوەکاندا، هەندێک ڕووداو لە هەموو ڕووداوەکانی دیکە گرنگترن و کاریگەریی درێژخایەنیان لەسەر وشیاریی نەتەوەیی هەیە.



لە هیرۆشیما و ناگازاکییەوە تا قەڵادزێ

ویستی کورد بۆ مانەوە بەهێزترە لە هەموو چەکەکان

هەرژان سامان سەلیم



مێژوو لە نازاری قوربانییەکانیدا دەنووسرێتەوە. کاتێك ناوی هیرۆشیما و ناگازاکی دێ، خەیاڵمان بەرەو ئەو ساتە تاریکە دەڕوات کە تیایدا تەکنەلۆژیای مرۆیی - کە لە پێناو پێشکەوتندا داهێنرابوو - بووە ئامرازی لەناوبردنی ژیان. ئێستا دەمەوێت ناوێکی دیکە بە یادەوەری مرۆڤایەتی بسپێرم: قەڵادزێ. لە گۆشەیەکی کەمتر ناسراوی جیهاندا، لە ٢٤ی نیسانی ١٩٧٤، هەمان لۆژیکی مەرگهێنەر خۆی دووبارە کردەوە، بەڵام ئەمجارە لەژێر ناوێکی دیکە: "پاراستنی سەروەری دەوڵەت."

ژێر ئاسمانێکی داخراو: دینامیکی تۆندوتیژی دەوڵەت

لە ژێر ئەو ئاسمانە شینەی کە دواتر بە دووکەڵی ناپاڵم تاریك بوو، قەڵادزێ ژیانێکی ئاسایی دەژیا. شارێك لە نێوان دوو زێدا، کە لە مێژوودا وەك قەڵایەك بۆ پاراستنی کولتوور و ناسنامەی کوردی بەرگریی کردبوو. بەیانی ٢٤ی نیسانی ١٩٧٤، کاتژمێر ٩:٤٥، دوو فڕۆکەی سۆخۆی ڕووسی سەر بە سوپای عیراق بۆمبی ناپاڵمیان بەسەر قوتابخانەکان، نەخۆشخانە، خوێندگەی کچان و شوێنی حەوانەوەی خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی (کە بۆ قەڵادزێ گواستراببووەوە) بارراند.

ئەوەی ڕوویدا ئاکامی ئەو ستراتیژیەتە سەربازی-سیاسیە بوو کە دەوڵەتی عیراق و دەیان دەوڵەتی دیکە لە مێژووی نوێدا پەیڕەویان کردووە: بەکارهێنانی تۆندوتیژی بێسنوور دژی ئەو نەتەوە و کەمایەتیانەی کە بە "هەڕەشە" دادەنرێن. کوشتنی ١٣٤ کەس و بریندارکردنی ١٥٢ی دیکە - کە زۆرینەیان ژن، منداڵ و بەسااڵچوو بوون - تەنها ژمارە نین، بەڵکو نیشانەی نایەکسانییەکی قووڵە لە پەیوەندی نێوان دەوڵەت و ئەو کۆمەڵگەیانەی کە دەیەوێت کۆنترۆڵیان بکات.

ئەم دینامیکە تۆندوتیژە بەرئەنجامی هەمان لۆژیکە: دەسەاڵتێك کە بۆ پارێزگاری لە خۆی، هەموو سنوورەکانی ئەخلاقی و یاسایی دەبەزێنێ. لە هیرۆشیما و ناگازاکی، ئەمریکا بە پاساوی "کورت کردنەوەی جەنگ و ڕزگارکردنی ژیانی سەربازەکانی خۆی" چەکی ئەتۆمی بەکارهێنا. لە قەڵادزێ، ڕژێمی بەعس بە پاساوی "بەرگری لە یەکپارچەیی خاکی عیراق" بۆمبی ناپاڵمی بەکارهێنا. هەردوو پاساوەکە یەك بنەمای فەلسەفییان هەیە: گیانی مرۆڤەکان یەکسان نین؛ ژیانی هەندێك گرووپ کەمتر بەهادارە.

زانکۆی لەناوبراو: تۆندوتیژی مەعریفی وەک ستراتیژیەتی کۆلۆنیالی

لە قەڵادزێ، هەڵبژاردنی ئامانجەکان مانایەکی قووڵی هەبوو. کاتێك فڕۆکەکان یەکەمجار زانکۆی سلێمانی‌یان لە قەڵادزێ کردە ئامانج، پەیامەکە ڕوون بوو: ئامانجی سەرەکی مەعریفە و زانستە. لێرەدا، وەك لە هەموو سیستەمە کۆلۆنیالییەکاندا، دەسەاڵت هەوڵدەدات مۆنۆپۆلی بەرهەمهێنان و بااڵوکردنەوەی زانیاری بکات. کاتێك کورد سیستەمی پەروەردەی خۆیان دروست دەکەن، چ بە زمانی کوردی بێت یان بە ناوەڕۆکێك کە ناسنامەی نەتەوەیی بەهێز دەکات، وەك هەڕەشەیەکی ستراتیژی دەبینرێت. ئەم تۆندوتیژییە مەعریفییە بنەمایەکی تیۆری تۆکمەی هەیە کە تیۆریستە پۆست-کۆلۆنیالیستەکان، بە تایبەت نگوگی وا ثیۆنگۆ، بە وردی ڕوونیان کردۆتەوە. بەپێی ئەم تیۆرانە، سەرکوتی کۆلۆنیالی چەند قۆناغێك دەگرێتەوە: یەکەم، سەرکوتی فیزیکی گرووپەکە؛ دووەم، سەرکوتی کولتووری و زمانەکەی؛ سێیەم، سەرکوتی مێژوو و یادەوەرییەکانی. لە قەڵادزێ، ئەم سێ قۆناغە پێکەوە گرێدران کاتێك ناپاڵم بەشەکانی زانکۆ، قوتابخانە و گەڕەکەکانی ساوتاند.

لێرەدا پێویستە بپرسین: بۆچی زانکۆیەکی بچووك لە شارێکی دوورەدەست ئەوەندە مەترسیدار بوو بۆ دەوڵەتێکی بەهێزی وەك عیراقی ئەوکات؟ وەاڵمەکە ڕوونە: مەترسییەکە لە توانای زانکۆ بۆ بەرهەمهێنانی هزری سەربەخۆ و ڕەخنەگر بوو. نگوگی وا ثیۆنگۆ بەڕوونی ئەم خاڵە دەرخستووە: "کاتێك گرووپێکی ژێردەست دەستدەکات بە بەرهەمهێنانی زانست و مەعریفە بە زمان و چێوەی خۆی، ڕێگەیەکی بێگەڕانەوە بەرەو ڕزگاربوون دەکاتەوە."

ناسنامە لەژێر هەڕەشەدا: پرۆسەی ناونانەوە وەک بەرگری

شەڕی ناسنامە لە قەڵادزێ بەشێوەیەکی سیمبولیك لە ناوەکەیدا دەردەکەوێت. قەڵادزێ، کە لە دەورانی عوسمانیدا نەتوانرا بکرێت بە "حەمیدیە" (هێما بۆ سوڵتان عەبدولحەمید)، نموونەیەکی بەرچاوە لە بەرگری کولتووری. ئەمە خاڵێکی گرنگە کە فەیلەسووفی ئەڵمانی وولتەر بێنیامین لە تێزەکانی مێژوودا ئاماژەی پێدەکات: "ناونانی شوێنەکان یەکەمین جەنگی بەرگری لە دژی داگیرکاریە." ساڵی ١٩٨٩، کاتێك ڕژێمی بەعس هەڵمەتی "دووبارە ڕێکخستنەوەی ناوچەکان"ی ڕاگەیاند و قەڵادزێی بە TNT تەقاندەوە و خەڵکەکەی بۆ کۆمەڵگە زۆرەملێیەکانی بازیان و خەبات ڕاگواستن، یەکەمین هەنگاوی سڕینەوەی شار لە مێژوودا هەڵگیرا. مزگەوتەکان، قوتابخانەکان، خانووەکان و بازاڕەکان - کە بەڵگەی فیزیکی شارستانیەت و مێژووی قەڵادزێ بوون - وێران کران. ئەمە دیسان هەمان ستراتیژیەت بوو کە کۆلۆنیالیزم هەمیشە بەکاریهێناوە: سڕینەوەی بەڵگەکانی بوونی کولتوورێك تا لەناوبردنی جەستەیی خەڵکەکەش ئاسانتر بکات.

بەاڵم وەك ئەدوارد سەعید دەڵێت: "ناسنامە تەنها لە نێو زمان، کولتوور و مێژوودا بوونی هەیە، نەك لە جەستەی فیزیکی مرۆڤەکان و خاکدا." بۆیە دوای ڕاگواستنی قەڵادزێ، تەنانەت لە کەمپەکانی بازیان و خەباتیشدا، خەڵکەکە بەردەوام بوون لە ناساندنی خۆیان وەك "قەڵادزێیی." یان "پشدەری" ئەم خۆڕاگرییە سیمبولیکە دەریدەخا هەرچەندە دەوڵەت دەتوانێت جەستەکان ڕابگوێزێت، بەاڵم ناتوانێت یادەوەری بەکۆمەڵ و ناسنامەی کولتووری بسڕێتەوە.

شووشەی مێژوو: ڕاپەڕینی بەردەوام وەک ئاماژەی بەرهەڵستی

ڕاپەڕینی ٢٤ی نیسانی ١٩٨٢ی قەڵادزێ، کە لە یادی هەشت ساڵەی کارەساتی بۆردومانەکەدا ڕوویدا، ئەو شووشەیەی مێژووە کە تیایدا ڕابردوو و ئێستا تێکەڵ دەبن تا ئایندە دیاری بکەن. بە ڕێبەرایەتی خوێندکاران و ڕێکخستنەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، خەڵکی قەڵادزێ لە گۆڕستانی شەهیدان کۆبوونەوە تا یادی قوربانییەکان بکەنەوە. ئەم یادکردنەوەیە خۆی کردارێکی بەرهەڵستی بوو، چونکە هەر یادکردنەوەیەك بەرەنگاربوونەوەی فەرامۆشکردنی زۆرەملێیە کە ڕژێمەکان دەیسەپێنن. لەم یادکردنەوەیەدا، خۆپیشاندەران بەرەو ناوەندی شار ڕێپێوانیان کرد و بەرەو بارەگای حزبی بەعس چوون. ئەم هەنگاوە - بەرەنگاربوونەوەی ڕاستەوخۆی ڕەمزەکانی دەسەاڵت - نموونەیەکی بەرچاوە لەوەی کە وولتەر بێنیامین پێی دەڵێت "کاتی ئێستا" ساتێك کە تیایدا مێژووی ڕابردوو و ئێستا تێکەڵ دەبن بۆ ئەوەی چرکەیەکی شۆڕشگێڕی دروست بکەن. لە ئەنجامی بەرەنگاربوونەوەدا، دوو ژن (سنۆبەر محمود، مامۆستا، و دایکە ئەمینە) لە ڕووبارى زێی بچووکدا خنکان و ٤٩ خوێندکار و ٥٠ منداڵ دەستگیر کران، بەاڵم ئەم کرداره وەك مۆمێك بوو کە هەرگیز نەکوژایەوە. دواتر، لە ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١دا، قەڵادزێییەکان خێراترین کاردانەوەیان دژ بە ڕژێم نیشاندا. ئەو شووشەیەی مێژوو کە لە ١٩٧٤ و ١٩٨٢دا دروست بوو، لە ١٩٩١دا گەیشتە لووتکە و دواتر لە ١٩٩٢دا بووە مۆمێکی هەمیشە داگیرساو کاتێك حکومەتی هەرێم ڕۆژی ٢٤ی نیسانی بە ڕۆژی شەهیدانی زانکۆ ناودێر کرد.

جینۆساید و ئەرکی یادکردنەوە: بەرەو دەرسێکی مێژوویی

بۆردومانی قەڵادزێ و هەڵمەتەکانی دواتری ڕژێم دژ بە کورد، تایبەت ڕاگواستنی زۆرەملێی شارەکان و کەمپینی ئەنفال، بەشێکن لە جینۆسایدێکی کولتووری و فیزیکی فراوانتر. ڕافائیل لێمکین، وشەی "جینۆساید"ی لە ساڵی ١٩٤٤دا داهێنا و پێناسەی کرد وەك "پلانێکی ڕێکخراو لە کرداره جۆراوجۆرەکان کە ئامانجی لەناوبردنی بنچینەکانی ژیانی گرووپێکی نەتەوەییە، بە ئامانجی لەناوبردنی گرووپەکە." ئەم پێناسەیە بە تەواوی لەسەر کارەساتی قەڵادزێ جێبەجێ دەبێت. تراژیدیای قەڵادزێ، وەك هیرۆشیما و ناگازاکی، لەسەر بنەمای لۆژیکێکی هاوبەش دامەزراوە: لۆژیکی تۆندوتیژی دەوڵەت دژی ئەو گرووپانەی کە بە "ئەویتر" دادەنرێن. لە ژاپۆن، ئەمریکاییەکان بۆمبە ئەتۆمییەکانیان تاقیکردەوە لەسەر شارە مەدەنییەکان؛ لە قەڵادزێ، بەعس تاکتیکی ناپاڵمی تاقیکردەوە لەسەر قوتابخانە و زانکۆیەك کە تەنها "تاوانی" فێرکردنی زانست بوو بە کوردی.

ئەرکی ئێستای ئێمە، وەك هەموو نەوەکانی دوای جینۆساید، یادکردنەوە و دەرسوەرگرتنە. ئەم یادکردنەوەیە نابێت تەنها لە یادەوەری قوربانییەکاندا سنووردار بکرێت، بەڵکو دەبێت ببێتە ئامرازێك بۆ تێگەیشتن لە لۆژیکی تۆندوتیژی و ئەو ستراتیژیەتانەی کە دەبێت دژیان بوەستینەوە. وەك بێنیامین دەڵێت: "تەنانەت مردووەکانیش لە مەترسیدان ئەگەر دوژمن سەرکەوێت" - بۆیە ئەرکی ئێمەیە کە نەك تەنها یادی قوربانییەکان بکەینەوە، بەڵکو ئەو لۆژیکەش بشکێنین کە بووە هۆی کارەساتەکە.

داواکاری بۆ دادپەروەری: بانگەوازێک بۆ داهاتوو

هەرچەندە هیرۆشیما و ناگازاکی لە میدیا و مێژووی جیهانیدا جێگەیەکی تایبەتیان هەیە، قەڵادزێ و دەیان شاری دیکەی جیهانی سێیەم کە قوربانی هەمان لۆژیکی تۆندوتیژی بوون، زۆر جار بێدەنگ دەکرێن. دادگای باڵای تاوانەکانی عیراق کە بۆ لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی ڕژێمی بەعس دامەزرا، تا ئێستا بە شێوەیەکی چاوەڕوانکراو سیاسی، دۆسیەی قەڵادزێی وەك بەشێك لە هێرشەکانی تر سەیر کردووە، نەك وەك کارەساتێکی جیاواز کە دەبێتە ناوەندی جینۆسایدێکی کولتووری و فیزیکی. لێرە پێشنیار دەکەم کە قەڵادزێ ببێت بە ناوەندێکی مێژوویی و یادەوەری لە ئاستی نێودەوڵەتیدا. پێشنیار دەکەم مۆزەخانەیەکی پێشکەوتوو لە شارەکە دابمەزرێت کە بەڵگەنامەکانی بۆردومانەکە، وێنە و جیرۆکی شایەتحاڵەکان و وێرانەکانی ڕاگواستنی زۆرەملێ بە شێوەیەکی پرۆفیشنااڵ نمایش بکات.

قەڵادزێ، وەك هیرۆشیما، دەتوانێت ببێت بە سیمبولێکی نەك تەنها قوربانیبوون بەڵکو بەرگری و بەرهەڵستی. ڕاپەڕینی ١٩٨٢، ئازادکردنی شارەکە لە ١٩٩١، و دەستکەوتەکانی هەرێمی کوردستان لە ٣٠ ساڵی ڕابردوودا دەتوانن ببنە بەڵگەی ئەوەی کە ویستی نەتەوەیەك بۆ مانەوە بەهێزترە لە هەموو چەکەکان. لە ژێر ئاسمانی قەڵادزێدا، کە ئێستا دوای ٥١ ساڵ لە بۆردومانەکە ئازاد و ئارامە، دەنگی مێژوو بەڕوونی دەبیسترێت: "نەتەوەکان نامرن ئەگەر یادەوەرییەکانیان بژین." ئەرکی ئێمەیە وەك تاکەکانی سەدەی بیست و یەك کە ئەم یادەوەرییە زیندوو بهێڵینەوە.

بەرپرسیارێتی فەراموشکراو

ئەرکی زانکۆکانی سلێمانی و ڕاپەڕین لە پاراستنی یادەوەری قەڵادزێدا

لەهەند مەحمود

لە قووڵاییی تێگەیشتنی پەیوەندیی نێوان ئەکادیمیا و بیرەوەریی کۆمەڵایەتی، دەبێت دان بەوەدا بنێین کە زانکۆ تەنها دامەزراوەیەک نییە بۆ فێرکردن، بەڵکو ناوەندێکە بۆ بەرهەمهێنانی مەعریفە، ڕاڤەی ئایدیۆلۆژی و بیرەوەری کۆمەڵایەتی. ٢٤ی نیسانی ١٩٧٤، ئاسمانی ئارامی قەڵادزێ دەبێتە شانۆی تەقینەوە و مەرگ. فڕۆکەکانی حکومەتی بەعس شارێك بۆردومان دەکەن کە گرنگی تەنها لەوەدا نییە شارێکی کوردنشینە، بەڵکو لەوەدایە کە بووەتە ناوەندێك بۆ خوێندنی باڵا. ئەو بۆمبارانە نەك هەر هێرشێك بوو بۆ سەر جەستەی خەڵك، بەڵکو هەوڵێکبوو بۆ کوشتنی ڕۆحی ڕۆشنگەری و پەروەردەیی لە ناوچەکەدا.

ڕەهەندی جیۆپۆلەتیکی: هێرش بۆ سەر ناوەندی بەرخۆدانی فیکری

بۆردومانی قەڵادزێ نموونەیەکی ڕوونە لەسیاسەتی دەسەڵاتی ناوەندی بەرامبەر پەراوێز. لە مێژووی هاوچەرخدا، دەبینین کە زانکۆکان هەمیشە ئامانجی سەرەکی دەسەڵاتە سەرکوتکارەکان بووون. لە فیەتنام "١٩٦٥-١٩٧٠" هێرشی ئەمریکا بۆ سەر زانکۆکان بەشێکی دانەبڕاو بوو لە ستراتیژی "ئازاردانی مەعنەوی". لە گواتیمالا،"١٩٨٠" حکومەتی دیکتاتۆری زانکۆی سانکارلۆسی کردە ئامانج بۆ لێدانی جووڵانەوەی خوێندکاری. لە کەمبۆدیا، ڕژێمی پۆل پۆت ئەکادیمییەکانی کردە ئامانج وەك هەوڵێك بۆ سڕینەوەی هەر چەشنە بیرکردنەوەیەکی ئەڵتەرناتیڤ.

لە ڕوانگەی جیۆپۆلەتیکییەوە، بۆردومانی قەڵادزێ بەشێك بوو لە هەوڵی ڕژێمێك بۆ سڕینەوەی "ناوەندی بەرخۆدانی فیکری" کە زانکۆ دەیخولقێنێت. ئەمە ستراتیژیکی تاقیکراوە لە لایەن زۆربەی ڕژێمە تۆتالیتێرەکانەوە. دەسەڵاتەکان باش دەزانن کە زانکۆکان نەك تەنها شوێنی فێربوونن، بەڵکو ناوەندی گۆڕینی هاوکێشەی هێزیشن لەڕێگەی تێگەیشتن و زانیارییەوە. کاتێك بەعس قەڵادزێی کردە ئامانج، لە ڕاستیدا پەیامێکی ڕوونیدا: ئەوەی دەیەوێ ببێتە خاوەنی مەعریفەی سەربەخۆ سزا دەدرێت.

ڕەهەندی کۆمەڵناسی: بیرەوەری کۆمەڵایەتی و ناسنامەی نەتەوەیی

ئەگەر بە تیۆری "بیرەوەری کۆمەڵایەتی"ی سۆسیۆلۆژیستی فەرەنسی موریس هالبواکس شیکاری بۆردومانەکە بکەین، دەردەکەوێت کە کارەساتی قەڵادزێ بەشێکی گرنگی گرنگی بیرەوەری کۆمەڵایەتی کوردە. هالبواکس ڕوونی دەکاتەوە کە بیرەوەری کۆمەڵایەتی سەرچاوەیەکی سەرەکییە بۆ پێکهێنانی ناسنامەی کۆمەڵایەتی. بێدەنگی دامەزراوە ئەکادیمییەکان بەرامبەر بە بۆمبارانی قەڵادزێ نیشانەی "بیرەوەریی هەڵبژێردراو"ـە کە تێیدا دەسەڵات بڕیار دەدا کام ڕووداو دەبێتە بەشێك لە گێڕانەوەی فەرمی و کامە نا. هالبواکس دەڵێ "هەر بیرەوەرییەك کۆمەڵایەتییە، بەڵام هەموو کۆمەڵایەتییەك بیرەوەری نییە." ئەمە لێرەدا واتای ئەوەیە کە ڕووداوی قەڵادزێ لە بیرەوەریی تاکەکەسیی ئەو کەسانەدا ماوەتەوە کە بوون بە شاهیدی ڕووداوەکە، بەڵام نەیتوانیوە ببێتە بەشێك لە "بیرەوەری دامەزراوەیی" کە لەڕێگەی دامەزراوە ئەکادیمییەکانەوە بەرهەم دەهێنرێتەوە. ئەم دابڕانە لە نێوان یادەوەری کۆمەڵایەتی و دامەزراوەییدا مەترسی بۆ سەر بەردەوامی بیرەوەری قەڵادزێ دروست دەکات.

ڕەهەندی فەلسەفی: مێژوو وەک دەسەڵات

لە ڕوانگەی فەلسەفەی مێژووەوە، بێدەنگی بەرامبەر بە ڕووداوی قەڵادزێ دەخزێتە ناو چەمکی "مێژووی یەکلاکەرەوە" کە فوکۆ باسی لێوە دەکات. بەپێی بۆچوونی میشێل فوکۆ، مێژوو نەك هەر تۆمارکردنی ڕووداوەکانە، بەڵکو پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەیە بە دەسەڵاتەوە. فوکۆ پێی وایە: "ئەوانەی مێژوو دەنووسنەوە، دەسەڵاتیان بەسەر داهاتوودا هەیە." ئەمەش ڕوون دەکاتەوە بۆچی دامەزراوەکان، لە بێباکیدا بڕیار دەدەن کام ڕووداو ببێتە بەشێك لەمێژووی فەرمی و کامە نا. بێدەنگی ئەکادیمیاکان بەرامبەر بە ڕووداوی قەڵادزێ، پەیوەندی بە گوتارێکی بێموبالاتی باڵادەستەوە هەیە کە دەسەڵات دیاری دەکات چ شتێك بایەخی مێژوویی هەیە. ئەوەی تیایدا سەرنجڕاکێشە ئەوەیە کە هەتا لە سەردەمی ئازادی و خۆبەڕێوەبەریشدا، دامەزراوە ئەکادیمییەکان نەیانتوانیوە خۆیان لەم گوتارە باڵادەستە ڕزگار بکەن، وەك بڵێی ئەوە بەشێکە لە میراتێکی کۆلۆنیالی فەرهەنگی کە بەردەوام دووبارە بەرهەم دەهێنرێتەوە.



کاریگەری نادیار: ئەوەی دەڕمێردرێت و ئەوەی نەدیترێت

ئەگەر بۆردومانی قەڵادزێ لەگەڵ ڕووداوی هاوشێوە لە جیهاندا بەراورد بکەین، دەردەکەوێت چەند نموونەی دیار هەن کە بوونەتە سیمبولی بەرخۆدان و یادەوەریی نەتەوەیی. بۆردومانی گێرنیکا (١٩٣٧) لە ئیسپانیا بەهۆی تابلۆکەی پیکاسۆوە کە بووە سیمبولی دڕندەیی فاشیزم و ناویلکەیی جەنگ. بۆردومانی دریسدن (١٩٤٥) بووە هاندەری چەندین بەرهەمی ئەدەبی و هونەری و ئێستا سەنتەرێکی گەورەی لێکۆڵینەوەی لەسەرە. قەتڵوعامی مایدانەك (١٩٨٩) بووەتە بەشێکی سەرەکی لە بەرنامەی خوێندنی چین. بەڵام بۆردومانی قەڵادزێ بووەتە نموونەیەك لە "یادەوەریی سڕدراوە". پرسیاری گرنگ ئەوەیە: لە کاتێکدا لە ئۆکرانیا زانکۆی کییەف سەنتەرێکی تایبەتی هەیە بۆ توێژینەوە لە داگیرکردنی سۆڤیەت، ئایا هەرێمی کوردستان و زانکۆکانی "سلێمانی و ڕاپەڕین" لە کوێی ئەم پرس و کەیسەیەی قەڵادزێدان؟ ئایا هیچ سەنتەرێکی لەو چەشنەیان هەیە؟

سەرنجڕاکێشە کە لە زەمەنی سەرکوتکاریدا، یادەوەریی ڕووداوێکی وەك بۆردومانی قەڵادزێ بە نهێنی و بە شێوەی نافەرمی دەپارێزرا، بەڵام لە زەمەنی ئازادی و خۆبەڕێوەبەریدا، هەمان یادەوەری کەوتووەتە بەر مەترسی لەبیرچوونەوە. ئەمە ئەو پارادۆکسەیە کە پێی دەگوترێت "بێدەنگی ئازادی" - کاتێك ئازادی بەدەست دێت، بەڵام بیرەوەریی ئەو ڕێگەیەی گەیشتن بە ئازادی لەبیر دەکرێت.

بەراوردی سیستەماتیک: کارکردنی دامەزراوە ئەکادیمییەکان لەسەر تراژیدیا مێژووییەکان

نموونەی کارکردنی دامەزراوە ئەکادیمییەکان لەسەر تراژیدیا مێژووییەکان لە جیهاندا زۆرن و بەرچاون. یەکێك لەوانە زانکۆی بەلگراده کە سەرەڕای فشاری بەردەوام، توانیویەتی بەشێکی گرنگ تەرخان بکات بۆ توێژینەوە لەسەر گەلکوژی سرێبرێنیتسا، لەڕێگەی سەنتەری لێکۆڵینەوەی مافی مرۆڤ و گەلکوژی. ئەم زانکۆیە بەرنامەی تایبەتی ماستەر بۆ خوێندنی پرۆسیسی تراوما لە بالکان و پشتگیری لە پێشانگە و کۆنفرانسی سالانە دەکات. ئەم دەستپێشخەریانە تەنانەت کاتێك دژی گێڕانەوەی فەرمی حکومەتی سربیا بوون، بەردەوام بوون. پرۆفیسۆر ساندرا ناتالی، بەرپرسی سەنتەرەکە، لە وتووێژێکدا گوتی: "زانکۆکان دەبێ ویژدانی کۆمەڵگە بن، نەك تیۆرسێن و داردەستی نا پراکتیکی."

نموونەیەکی دیکە زانکۆی ڕواندایە کە پاش گەلکوژییەکەی ١٩٩٤، نەك هەر دەستپێشخەری کرد لە دۆکۆمێنتکردنی گەلکوژییەکە، بەڵکو بووە ناوەندێکی سەرەکی بۆ پرۆسەی ئاشتەوایی. ئەم زانکۆیە سێ سەنتەری جیاوازی هەیە بۆ لێکۆڵینەوە لە گەلکوژی و بەشێك لە خوێندنی بنەڕەتی هەموو خوێندکارێك، خوێندنەوەی مێژووی گەلکوژییەکەیە. هەروەها ساڵانە ٢٠-٢٥ بڵاوکراوەی ئەکادیمی لەسەر گەلکوژی و کاریگەرییەکانی بڵاو دەکاتەوە. بەراوردکاری لەنێوان ئەم دوو نموونە و حاڵەتی زانکۆکانی سلێمانی و ڕاپەڕین، نیشان دەدات کە ئەرکی ئەکادیمی تەنها فێرکردن نییە، بەڵکو بەشداریکردنە لە دروستکردنی بیرەوەری کۆمەڵایەتی. پرسیار ئەوەیە: بۆچی زانکۆکانی کوردستان خۆیان دەبینن وەك پۆنتیۆس پیلاتە - دەستیان دەشۆن لە مێژووی خۆیان؟

دەروازەی چارەسەر: پێشنیارە بنیاتنەرەکان بۆ زانکۆکان

زانکۆی سلێمانی و ڕاپەڕین دەتوانن بە هاوبەشی سەنتەرێك دابمەزرێنن کە تایبەتبێت بە توێژینەوە لەسەر بۆردومانی قەڵادزێ. ئەم سەنتەرە دەکرێت چەند ئەرکێکی هەبێت، لەوانە: کۆکردنەوەی زانیاری و شایەتحاڵی، دیجیتاڵکردنی بەڵگەنامەکان، دروستکردنی باڵەخانەی یادەوەری، ڕێکخستنی پێشانگەی بەردەوام و پاراستنی ئەرشیفی سەردەمی ڕووداوەکە. تەنانەت زانکۆکانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات دوای ڕزگاربوون لە یەکێتی سۆڤیەت، بەپەلە دەستیاندایە کۆکردنەوەی بەڵگەنامەکانی سەردەمی سۆڤیەت، بەر لەوەی لەناوبچن. سەنتەری ئەرشیفی سۆڤیەتی لە زانکۆی پراگ نێستا دەوڵەمەندترین سەرچاوەیە بۆ توێژینەوە لە مێژووی باڵادەستی سۆڤیەت بەسەر چیکۆسلۆڤاکیادا. هەروەها زانکۆکان دەتوانن ڕووداوی بۆردومانی قەڵادزێ بکەن بە بابەتی سەرەکی توێژینەوە لە چەندین دیسیپلیندا: بەشی مێژوو دەتوانێت گرنگی سیاسی و مێژوویی ڕووداوەکە توێژینەوەی لەسەر بکات، بەشی کۆمەڵناسی دەتوانێت کاریگەری ڕووداوەکە لەسەر پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ناوچەکە شیبکاتەوە، بەشی ئەدەب دەتوانێ کاریگەری بۆردومانەکە لەسەر ئەدەبی کوردی لێکبداتەوە، بەشی یاسا دەتوانێت شیکردنەوەی ڕووداوەکە لە ڕووی یاسای مرۆیی نێودەوڵەتییەوە بکات، بەشی دەروونناسی دەتوانێت کاریگەری ڕووداوەکە لەسەر تراومای کۆمەڵایەتی و تاکەکەسی بخاتەڕوو. ئەمە دروستکردنی "گێڕانەوەی تەواوکارە" کە تێیدا هەر دیسیپلینێك ڕەهەندێکی ڕووداوەکە ڕوون دەکاتەوە.

زانکۆکان دەتوانن هەوڵی جیهانیکردنی کەیسی قەڵادزێ بدەن لەڕێگەی وەرگێڕانی بەڵگەنامەکان بۆ زمانی ئینگلیزی و زمانەکانی دیکە، بانگهێشتی توێژەری نێودەوڵەتی بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە، ئەنجامدانی کۆنفرانسی نێودەوڵەتی ساڵانە و هانی خوێندکاران بۆ بەراوردکاری لەگەڵ ڕووداوی هاوشێوە لە جیهاندا. ئەمە دەتوانێ ببێتە هۆی گۆڕینی کەیسی قەڵادزێ لە ڕووداوێکی ناوخۆییەوە بۆ نموونەیەکی جیهانی لە پێشێلکاری مافی مرۆڤ.

دەرەنجام: بەرپرسیارێتی ئەکادیمی لە پاراستنی یادەوەریدا

مەسەلەی یادکردنەوەی بۆردومانی قەڵادزێ تەنها پرسێکی مێژوویی نییە، بەڵکو پرسێکی ئەکادیمی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئەخلاقیشە. زانکۆکانی سلێمانی و ڕاپەڕین نەك هەر دەرفەتیان هەیە، بەڵکو ئەرکیان لەسەر شانە کە هەڵگری بیرەوەری کۆمەڵایەتی، بەڵگەکاری مێژوو، پرسیارکاری هۆکارەکان و پارێزەری ڕەهەندی مرۆیی تراژیدیاکە بن. وەك ئیدوارد سەعید دەڵێت: "ئێمە ناتوانین مێژوو دروست بکەین، بەڵام ئەگەر پشتگوێی بخەین، مێژوو دەمانخنکێنێت." ئەگەر زانکۆکان ئەرکی خۆیان لە بەرامبەر یادەوەری مێژووییدا بەجێ نەهێنن، کێ ماوە ببیەخشێتەوە بە نەوەکانی داهاتوو؟ کاتێك دەڵێین ڕۆژی ٢٤-٤ "ڕۆژی شەهیدی زانکۆ"یە، ئایا تەنها دەستەواژەیەکی بێ ناوەڕۆکە، یان بەڵێنێکە بۆ پاراستنی ئەو کەلەپوورەی کە ئەمڕۆ سەربەستی ئەکادیمیمان بەنرخی خوێنی ئەو شەهیدانە پێ بەخشراوە؟

قەڵادزێ لە تراژیدیاوە بەرەو وەبەرهێنانی یادەوەری



دەشتی ڕەسوڵ

لە قووڵایی مێژووی کوردستاندا، قەڵادزێ و قەزای پشدەر وەک ئاوێنەیەکن کە هەم ئازارەکان و هەم خەونەکانی گەلێک دەردەخەن. یادەکانی ٢٤ی نیسانی ١٩٧٤، کاتێک بۆردومانی قەڵادزێ ژمارەیەک خوێندکار و هاوڵاتی شەهید کرد، یان ڕاپەڕینەکانی هەشتاکان کە خۆڕاگریی گەلی کوردی پیشاندا، سەرەنجام ڕاگواستنی زۆرەملێی ٢٦ی حوزەیرانی ١٩٨٩ کە خەڵکی شارەکە بەرەو کۆمەڵگە زۆرەملێیەکانی خەبات و بازیان ڕاگوێزرا، هەموویان وەک خاڵە سەرەکییەکانی مێژوویەکی پڕ لە تراژیدیا لەسەر شانەکانی ئەم ناوچەیە دانراون. بەڵام لە نێو ئەم ئازارەدا، پرسیارێکی فەلسەفی سەرهەڵدەدا: چۆن دەتوانین ئەم یادەوەرییانە لە چێوەی تراژیدیاوە بگوازینەوە بۆ سەرچاوەیەکی وەبەرهێنان بۆ داهاتوویەکی گەشتر؟

تراژیدیا وەک بناغەی ناسنامە

فەلسەفەی مێژوو، لە نیچەوە تا هایدگەر، پێمان دەڵێت کە تراژیدیا تەنها کۆمەڵێک رووداوی دڵتەزێن نییە، بەڵکو بناغەیەکە بۆ دروستکردنی ناسنامەی کۆمەڵایەتی. بۆردومانی قەڵادزێ لە ١٩٧٤، کە زانکۆی سلێمانی کە ئەوکاتە بۆ ئەو شارە گوازرابوویەوە، کردە ئامانج، نەک تەنها ژمارەیەک قوربانی بەجێهێشت، بەڵکو وەک هێمایەک بۆ سەرکوتکردنی گەنجانی کورد لە مێژوودا تۆمارکرا. بەهەمان شێوە، ڕاپەڕینەکانی هەشتاکان، کە هەروەها، ڕاپەڕینەکانی هەشتاکان، کە قەڵادزێ وەک سەرمەشقی خۆڕاگری پیشاندا، دەتوانرێت ببێتە هێمایەک بۆ هاندانی گفتوگۆی کۆمەڵایەتی لەسەر مافەکانی مرۆڤ و دیموکراسی. لە کاتێکدا ڕاگواستنی ١٩٨٩، کە هەوڵێک بوو بۆ لەناوبردنی ناسنامەی کورد، دەتوانرێت وەک دەرفەتێک بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی بەهێز بەکاربهێندرێ لە ڕێگەی وەبەرهێنان لە ئاوەدانکردنەوەی شارەکە و پەرەپێدانی ژێرخانی ئابووری و کۆمەڵایەتی. ئەمە سەلماندنی ئەوەیە کە هەوڵی سڕینەوەی ناسنامەیەک نەک تەنها سەرکەوتوو نەبووە، بەڵکو بووەتە هۆی بەهێزتربوونی ئەو ناسنامەیە.

هاوسەنگی نێوان ئازار و هیوا

فەلسەفەی کەیەرکگارد پێمان دەڵێت کە ژیان لە نێوان دڵەڕاکە و هیوادا بەردەوامە. قەڵادزێ، کە لە مێژوودا هەم ئازاری بەخۆوە بینیوە و هەم خەبات، شوێنێکی ئایدیاڵە بۆ جێبەجێکردنی ئەم هاوسەنگییە. ئەگەر یادەوەرییەکان تەنها لە چوارچێوەی ئازاردا بهێندرێنەوە، کۆمەڵگە لە نێو چەقبەستنێکدا دەمێنێتەوە. بەڵام ئەگەر ئەم یادەوەرییانە ببنە سەرچاوەیەک بۆ هاندان و پێشکەوتن، ئەوا دەتوانن کۆمەڵگەیەک بەرەو داهاتوویەکی گەشتر ببەن. بۆ نموونە، وڵاتانی وەک ڕواندا، کە کۆمەڵکوژییەکی مەزن لە مێژووياندا تۆمارکردووە، توانیویانە یادەوەرییەکان بکەنە هێزێک بۆ ئاشتەوایی و پێشکەوتن. قەڵادزێش دەتوانێت لەم شێوازە کەڵک وەربگرێت. بە دامەزراندنی فیستیڤاڵە کەلتوورییەکان کە یادەوەرییەکان بە شێوەیەکی ئیجابی بەرجەستە دەکەن، یان بە پەرەپێدانی ژێرخانی گەشتیاری لەسەر بنەمای شوێنە مێژوویییەکانی وەک قەڵای قەڵادزێ، ئەم شارە دەتوانێت ببێتە ناوەندێکی کەلتووری و ئابووری. لەم پەیوەندییەدا، مێژووی شارەکان و خەڵکەکانیان تەنها بەشێک نین لە ڕابردوو، بەڵکو پردێکن بەرەو داهاتوو. ئەزموونەکانی قەڵادزێ لە ڕابردوودا دەتوانن ببنە دەرسی بەنرخ بۆ نەوەکانی نێستا و داهاتوو و هاوکات ببنە سەرچاوەیەک بۆ سەرمایەگوزاری لە پرۆژەکانی گەشەپێدان.

پێشنیارەکان بۆ داهاتوو

بۆ ئەوەی قەڵادزێ و یادەکانی لە تراژیدیاوە بگوازرێنەوە بۆ وەبەرهێنان، چەند پێشنیارێک دەکرێت کە دەتوانن وەک چوارچێوەیەک بۆ هەنگاوی کرداری بەکاربهێنرێن: دامەزراندنی ناوەندە کەلتوورییەکان/ دروستکردنی مۆزەخانە یان ناوەندێکی کەلتووری کە مێژووی قەڵادزێ تۆماربکات و گەنجان لەسەر ئەم یادەوەرییانە پەروەردە بکات. ئەم ناوەندانە دەتوانن ببنە شوێنێک بۆ کۆبوونەوەی کەسایەتییە کەلتووری و فیکرییەکان و زانکۆییەکان، بۆ باسکردن و شیکردنەوەی مێژووی ناوچەکە لە چوارچێوەیەکی زانستی و ئەکادیمیدا. یان پەرەپێدانی گەشتیاری مێژوویی/ وەبەرهێنان لە شوێنە مێژوویییەکانی قەڵادزێ یان مەزارگەی فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە بۆ کێش کردنی گەشتیاری. ئەم جۆرە گەشتیارییە کەلتوورییە دەتوانێت هەم لە ڕووی ئابوورییەوە سوودی هەبێت، هەم یارمەتیدەر بێت بۆ ناساندنی مێژووی ناوچەکە بە جیهانی دەرەوە، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری جیهانی دەربارەی کارەساتەکانی ڕابردوو.

هەروەها گفتوگۆی کۆمەڵایەتی/ بەکارهێنانی یادەکانی وەک ٢٤ی نیسان و ٢٦ی حوزەیران بۆ دروستکردنی پلاتفۆرمێک کە گفتوگۆ لەسەر دادپەروەری و مافەکانی مرۆڤ هاندەدات. ئەم گفتوگۆیانە دەتوانن لە ڕێگەی وۆرکشۆپ، سیمینار و کۆنفرانسەکان ئەنجام بدرێن و هاوکات دەرفەتی ئەوە بڕەخسێنن کە کۆمەڵگە بەشێوەیەکی تەندروست مامەڵە لەگەڵ ڕابردوو بکات و ببێتە پردێک بۆ داهاتوو. یەکێکی تر پەرەپێدانی ئابووری ناوخۆییە/ هاندانی وەبەرهێنان لە ژێرخانی شارەکە لە بواری کشتوکاڵ و پیشەسازیی بچووک، بۆ بەهێزکردنی کۆمەڵگە. ئەم پەرەپێدانە ئابووریە دەتوانێت بە شێوەیەک بێت کە ڕەنگدانەوەی ناسنامەی کەلتووری و مێژوویی ناوچەکە بێت. بۆ نموونە، پەرەپێدانی پیشەسازی دەستی و بەرهەمە کەلتوورییەکان دەتوانێ هەم سەرچاوەی داهات بێت، هەم پارێزگاری لە کەلتوور و میراتی مێژوویی بکات.

پوختە

قەڵادزێ، کە لە مێژوودا هەم ئازاری دیتیوە و هەم خەباتی کردووە، لە نێوان تراژیدیا و وەبەرهێناندا وەستاوە. ئەم یادەوەرییانە، کە لە بۆردومانی ١٩٧٤ەوە تا ڕاگواستنی ١٩٨٩ درێژدەبێتەوە، نەک تەنها کۆمەڵێک رووداوی دڵتەزێنن، بەڵکو سەرچاوەیەکن بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی بەهێزتر. وەک ئەوەی فەیلەسووفی فەرەنسی پل ریکۆر دەیوت، "یادەوەری لەسەر شانی خەباتەوە گەشەدەکات." ئەرکی ئێمەیە کە ئەم یادەوەرییانە بکەینە هێزێک بۆ دروستکردنی داهاتوویەکی گەشتر بۆ قەڵادزێ و تەواوی کوردستان. تەنها لە ڕێگەی مامەڵەکردنی تەندروست لەگەڵ ئەم یادەوەرییانەدا دەتوانین هەنگاوێکی گەورە بەرەو پێشەوە بنێین و لە خولگەی ئازار و چەقبەستن دەربچین. ئەم پرۆسەیە پێویستی بە بەشداری هەمەلایەنەی کۆمەڵگە، دامەزراوەکان و دەسەڵاتە، بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا ئەو پردە دروست بکرێت کە لە ڕابردووەوە بەرەو داهاتوویەکی گەشتر دەڕوات. پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا ئامادەین ئەم خەونە بکەینە واقیع؟ یان وەک هەمیشە دەخوڵێینەوە لە تراژیدیاو کۆبوونەوەی جەماوەری و ڕشتنی فرمێسک.

بۆردومانی قەڵادزێ و دۆخی پشدەر لە پەرسپێکتیڤی ژیوپۆلەتیکی هاوچەرخدا

نالە فەریدون باپیری

دیالەکتیکی بێدەنگی: تاوان، لێبوردن و پرسیاری بەرپرسیارێتی

لە بنەمادا، دەبێ ئێمە تێبگەین کە ئەو بێدەنگییەی بەرامبەر بە ڕووداوی بۆردومانی قەڵادزێ لە ساڵی ١٩٧٤ و ڕاگواستنی زۆرەملێی قەزای پشدەر لە ساڵی ١٩٨٩ هەیە، تەنها بەرهەمی هەڵکەوت یان نەزانین نییە، بەڵکو نموونەیەکی ڕوونی ئەوەیە کە چۆن سیستەمی ئیمپریالیزمی جیهانی مامەڵە لەگەڵ ئەو تاوانانە دەکات کە لە ڕێگەی هاوپەیمانەکانییەوە ئەنجام دەدرێن. داتا دەقیقەکان ڕاستی ئەم قسەیە دەسەلمێنن: لە بۆردومانی قەڵادزێدا ١٦٣ هاوواڵاتی شەهید بوون کە ٩یان خوێندکاری زانکۆ بوون و نزیکەی ٣٠٠ کەسیش بریندار‌بوون. لە ساڵی ١٩٨٩دا، سەدام حسێن بە فەرمانێکی کۆماری ژمارە ١٦٠، قەزای پشدەری بە "ناوچەی قەدەغەکراو" ناساند و خەڵکی ٢٣٧ گوندی ڕاگواست و زیاتر لە ٧٠،٠٠٠ کەس دوورخرانەوە لە ماڵ و زێدی خۆیان.

لێرەدا ئاڕاستەیەکی پێچەوانەی سەیر هەیە: عیراقی دوای-ساەدام، کە گوایە وڵاتێکی دیموکراتی و فیدرالە، وەک بنەمایەک بۆ شەرعییەتی خۆی، پشت بەستراوە بە گێڕانەوەی چیرۆکی "ئازادکردن" لە دەسەڵاتی دیکتاتۆری بەعس. کەچی هەمان سیستەمی سیاسی نوێ، بە ئەنقەست و بە پلانی سیستەماتیک، لە ئاست تاوانە گەورەکانی دژی کورد بێدەنگە و هێشتان خۆی لە بەرپرسیارێتی ئاوەدانکردنەوەی دێهات و شارە وێرانکراوەکان و قەرەبووکردنەوەی قوربانییەکان دەدزێتەوە. بودجەی تەرخانکراو بۆ ئاوەدانکردنەوەی قەڵادزێ و قەزای پشدەر لە ساڵی ٢٠٢٣دا تەنها ٤٪ ی پێداویستییە ڕاستەقینەکان بووە، بەپێی لێکۆڵینەوەی سەنتەری توێژینەوەی ستراتیژی کوردستان.

لە سەرشانۆی نێودەوڵەتیشدا ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، میدیای ڕۆژاوایی و زلهێزەکان بەشێوەیەکی گشتی ئەم جینۆسایدە لۆکاڵیزە دەکەن و وەک پرسێکی ناوخۆیی دەبینن. ئەمە لە کاتێکدایە ئەو فڕۆکانەی بە بۆمبای ناپاڵمی قەدەغەکراوی نێودەوڵەتی قەڵادزێیان بۆردومان کرد، بەرهەمی ڕووسیا و هاوپەیمانی جیهانی بوون کە لە جەمسەرگیری ساردی سەردەمی شەڕی سارد پشتگیرییان لە دیکتاتۆری عیراق دەکرد. بۆمبی ناپاڵمی بەکارهاتوو لەم هێرشەدا لە ڕێگەی کۆمپانیای "دیفێنس داینامیکس" لە بەریتانیاوە بۆ عیراق هەناردە کرابوو، کە لە دادگا نێودەوڵەتییەکاندا هیچ کات نەبۆتە جێگەی مشتومڕ و لێپرسینەوە.

قەزای پشدەر: لە پەراوێزخراوی ڕووتەوە بۆ "ناوچەی قەدەغەکراو"

ئەوەی سەبارەت بە ڕاگواستنی زۆرەملێی پشدەر لە ساڵی ١٩٨٩ ڕوویدا، تەنها پڕۆسەیەکی ساکاری ڕاگواستنی دانیشتوان نەبوو. لە سیستەمێکی ژیوپۆلیتیکی قوواڵتردا، ئەمە هەوڵێك بوو بۆ سڕینەوەی "خودی جوگرافی" و مێژوویی ناوچەیەك و گۆڕینی بۆ "زۆنێکی قەدەغەکراو" کە تێیدا بوون یان نەبوونی مرۆڤ پرسێکی سەربازی-ئەمنی بێت، نەك پرسێکی کۆمەڵگەیی یان مرۆیی. ئەم پڕۆسەیە هاوشێوەی ئەو ستراتیژییە سەربازییانە بوو کە لە بۆسنیا-هێرزەگۆڤینا لە ساڵانی ١٩٩٠ بەکارهاتن، کە تێیدا ناوچەی "پاکسازی ئیتنی" کرا و نزیکەی ٢،٢ ملیۆن کەس ڕاگوێزران، یان سیاسەتەکانی ئیسرائیل بەرامبەر بە فەلەستینییەکان لە ناوچەکانی وەک غەززە. ئەم پڕۆسەیە لە زمانی یاسای نێودەوڵەتیدا بە "forcible transfer of population" ناسراوە و بەپێی دادگای نێودەوڵەتی تاوانەکان (ICC)، وەك تاوانی دژی مرۆڤایەتی ناسراوە. لە هەموو ئەمانەدا پرسیارێکی سەرەکی هەیە: چ هێزێك یان چ لۆژیکێکی پشت پەردە، لە شەرعیەتدان بە کۆمەڵکوژکردنی شارێکی وەك قەڵادزێ و پاشان بە فەرمی لێسەندنەوەی مافی ژیان لە قەزایەکی گەورەی وەك پشدەر، لە کاردایە؟ ئایا ئەمە تەنها کەیسێکی تایبەتی مێژوویی کوردە، یان هەر نموونەیەکە لە دینامیکی گشتگیری چەوساندنەوەی نەتەوە بێدەوڵەتەکان؟ توێژینەوەکانی دکتۆر جۆیس بلاو لە زانکۆی کۆڵۆمبیا (٢٠١٨) نیشانیدەدا کە سیاسەتی ڕاگواستن و قەدەغەکردنی ناوچەکان، پاترۆنێکی دووبارەیە کە دەوڵەتە ئەندامەکانی ئەنجومەنی ئاسایش بێدەنگی لێدەکەن کاتێك هاوپەیمانەکانیان پەیڕەوی دەکەن، بەڵام بە تووندی سزای دەوڵەتەکانی دەرەوەی بازنەی خۆیان دەدەن ئەگەر هەمان کردەوە ئەنجام بدەن.

سیمایەکی نوێ لە میکانیزمی دەسەڵاتی نیولیبرالیزم: دوای ٥١ ساڵ لە بۆردومانی قەڵادزێ

سیاسەتی نیولیبرالیستی ٣٠-٤٠ ساڵی ڕابردوو، کە لەگەڵ ڕووخانی سۆڤیەت و لاوازبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی هاوکات بووە، شێوازێکی نوێی بەخشیوە بە میکانیزمی چەوساندنەوە. ئێستا، زیاتر لە ٥١ ساڵ دوای بۆردومانی قەڵادزێ، دینامیکی جەنگ و چەوساندنەوەی نەتەوە بێدەوڵەتەکان ڕووبەڕووی گۆڕانێکی بنەڕەتی بووەتەوە. ئەگەر جاران کۆمەڵکوژی شارێکی وەك قەڵادزێ و پاشان بە فۆرمێك لە زەبروزەنگی ڕاستەوخۆی سەربازی ئەنجام دەدرا، لە ئەمڕۆدا میکانیزمی چەوساندنەوە فرە-ڕەهەندترە. ئێستا، زیاتر لە جاران، هاوکێشەی ئابووری، سەرمایەی جیهانی و سیاسەتی بازاڕی ئازاد، هێزێکی بچووکی وەك کوردستان ناچار دەکەن چاو لە مافەکانی خۆی بپۆشێت، تەنانەت ئەو مافە سەرەتاییانەش کە پەیوەندیان بە قەرەبووکردنەوەی قوربانیانی هەردوو کارەساتی بۆردومانی قەڵادزێ و ڕاگواستنی زۆرەملێی قەزای پشدەرەوە هەیە.

بەپێی لێکۆڵینەوەی د.کەریم یەلدز (٢٠٢١)، کاریگەرییە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەم کارەساتانە تا ئێستاش لە نەوەی دووەم و سێیەمی ئەو خێزانانەدا دەبینرێن کە ڕووبەڕووی ڕاگواستن بوونەتەوە. نیشانەکانی تراومای نەوێتی (intergenerational trauma) وەك ئاستی بەرزی تێستی خەمۆکی و دڵەڕاوکێ، ڕێژەی بەرزی بێکاری و دابڕان لە کۆمەڵگە، لە ناو کۆمەڵگەی قوربانیانی قەڵادزێ و پشدەردا بە ڕوونی بەدی دەکرێن. بۆ نموونە، لە سیستەمی سیاسی ئێستای عیراقدا، بودجەی پێویست بۆ ئاوەدانکردنەوەی ناوچە کاولکراوەکانی کوردستان، بەشێك نییە لە گفتوگۆی ئابووری ئاسایی نێوان هەرێم و بەغدا.



بەڵکو، ئاوەدانکردنەوە ناڕاستەوخۆ کراوەتە کارتی گوشار؛ ئەگەر حکومەتی هەرێم لە پرسێکی سیاسی دیاریکراودا کەمێك لە بەغدا لای دا، هەنگاوەکانی ئاوەدانکردنەوە کەمتر دەبنەوە. لە ڕاپۆرتی نێودەوڵەتی مافی ئاوەدانکردنەوەی ناوچە جینۆسایدکراوەکان (ICRD ٢٠٢٣)، عیراق لە ڕیزبەندی "وڵاتانی خاوەن ستانداردی نزم" لە پرسی ئاوەدانکردنەوەی ناوچە جینۆسایدکراوەکان داندراوە.

یادەوەری وەک شێوازێکی بەرخۆدان: قەڵادزێ و پشدەر لە زاکیرەی کۆمەڵگەی کوردیدا

پرسی یادەوەری، یان وەك فەیلەسووفی فەڕەنسی پۆل ڕیکۆر دەڵێت "سیاسەتی یادەوەری"، چەمکێکی سەرەکییە لە مامەڵەی ئێمە لەگەڵ تراژیدیا مرۆییەکاندا. لە کۆمەڵگەی کوردیدا، زیندووڕاگرتنی یادی بۆردومانی قەڵادزێ و ڕاگواستنی زۆرەملێی قەزای پشدەر تەنها ئەرکێکی مێژوویی یان کولتووری نییە، بەڵکو شێوازێکی بەرخۆدانە لە دژی ئەو سیستەمە جیهانییەی کە هەوڵی سڕینەوەی ئەم کارەساتانەیداوە لە زاکیرەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی. لەم ڕووەوە، یادکردنەوەی ٥١ ساڵەی بۆردومانی قەڵادزێ، زیاتر لە یادێکی خۆجێیی و ناوچەیی، دەبێت ببێتە بەشێك لە گفتوگۆی کوردستانی و جیهانی دەربارەی بەرپرسیارێتی ئەخلاقی میللەتان و حکومەتەکان لە ئاست مێژووی ڕابردوویان و چارەسەرکردنی ئەو زوڵمانەی کە لە ڕابردوودا، بە ناوی مۆدێرنەکردن، ئەمنییەت، یان هەر بیانوویەکی تر ئەنجامدراون.

دەرەنجام: بەرەو گۆڕێنەوەی گوتاری بێدەنگی بە دیالۆگی بەرپرسیارێتی

بێدەنگی جیهان، میدیای نێودەوڵەتی و کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لە ئاست مەرگەساتەکانی قەڵادزێ و ڕاگواستنی زۆرەملێی قەزای پشدەر، بەشێکە لە گوتارێکی گشتی بەرفراوانتر کە تێیدا ژیانی گرووپە نادیارەکان - بەتایبەتی لە جیهانی سێیەم - نرخێکی کەم و ئامادەبوونێکی هەژاری هەیە لە میدیا و گوتاری سیاسیدا. ئەرکی بیریاران، نووسەران و کەسایەتییە فیکرییەکانی ئەمڕۆ ئەوەیە کە ئەم گوتارە بێدەنگە بگۆڕن بۆ دیالۆگێکی چالاك و ئەو مەساحە فیکرییە بەرفراوان بکەن کە تێیدا "ئەوی تر" (the Other) - وەك خەڵکی قەڵادزێ و پشدەر - هەم وەك بابەتی باس و هەم وەك بەشداری گفتوگۆ سەرهەڵبدەن.

وەك نیتشە دەڵێت: "چیرۆکی گەلێك یان نەتەوەیەك دەبێت بەشێوەیەك بنووسرێتەوە کە خودی گەلەکە خۆی خوێنەری چیرۆکەکە بێت، نەك تەنها بابەتی چیرۆکەکە". ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە یادەوەری کارەساتی قەڵادزێ و قەزای پشدەر دەبێت بە شێوازێك بێت کە خەڵکی کورد خۆیان نەك تەنها وەك قوربانی، بەڵکو وەك بکەرێکی چالاك (active agent) لە شرۆڤەکردن و تێگەیشتن لە تراژیدیا مرۆییەکانی خۆیان بەشدار بن.

کەلتوور و کەتوار لە یاداشتە رۆمانی "ئەوێ (قەڵادزێ) گوڵە ئەستێرەی شارەکەم بوو"

بەکر مەحمود



پێشەکی: گرنگی یاداشتە رۆمان

رۆمان وەک تێکستێکی ئەدەبی و یاداشتە رۆمان یاخود یادەوەریە رۆمان ئەگەر بە زمانێکی ئەدەبی جوان نووسرابێت، بایەخی تایبەتی خۆی هەیە لە ڕووی ئەدەبی و ڕوناکبیریەوە. رۆمان وەک یەکێک لە ژانرە گرنگەکانی ئەدەب لە کۆی ژیان و کۆمەڵگادا ئاوێنەیەکە کە ڕەنگدانەوەی واقعی ئەو نەتەوە و کۆمەڵگایەیە لە ڕووی سیاسی، مێژوویی و کۆمەڵایەتیەوە.

یاداشتە رۆمان بەشێکی زیندوو و دانەبڕاوی ئەو ژینگە، کەتوار و کلتوورەیە کە نووسەرەکە تیایدا ژیاوە و دەژیت. بەرهەمی فکر و ئایدیای ئەو بوقعە جوگرافیەیە کە رۆمانەکەی تیادا لێ بەرهەم هاتووە. هەموو ئەو کارەکتەرانەی رۆڵ دەبینن و هەموو ڕووداوانەی تیایدا ڕوودەدەن، ڕەنگدانەوەی واقعی کۆمەڵگاکەن و بە ئەندێشە و فەنتازیای خەیالی نووسەرەکە، ئەو بەرهەمەی لێی دەکەوێتەوە لە ڕووی سۆسیۆلۆژی و سایکۆلۆژیەوە هەڵگری هەموو ئەو کلتوور و کەتوارانەیە کە لەو ژینگەیەدا لە ئارادان.

دەربارەی یاداشتە رۆمانی "ئەوێ گوڵە ئەستێرەی شارەکەم بوو"

یادەوەریە رۆمانی "ئەوێ گوڵەستێرەی شارەکەم بوو" لە نووسینی مامۆستای چیرۆک نووس "ئەحمەد قادر سەعید"ە کە خاوەنی نزیکەی ٢٥ بەرهەمی چاپکراوی ئەدەبیە لە نووسین و وەرگێڕان و ئەزموونێکی دوورو درێژی لەگەڵ نووسین و خوێندنەوەدا هەیە. نووسەر یەکێکە لە قەڵەمە دیارەکانی شاری قەڵادزێ و کوردستان.

"ئەوێ" مەبەست لە شوێنێکی دیاریکراوی شارەکەیە کە شوێنی ژیان و گوزەرانی خۆی و خێزانەکەیان بووە. ئەو شوێنە حەوشەی مزگەوتی گەورەی قەڵادزێیە کە دەکەوێتە مەیدانی مەنگوڕانی قەڵادزێ، لە نزیک قەڵاتی قەڵادزێ، کە کاتی خۆی ناوجەرگەی شارەکە بووە. هەموو کڕین و فرۆشتنێک بە زۆری لە ئاپۆڕای ئەو مەیدانەدا بووە.

ژیانی کۆمەڵایەتی لە حەوشەی مزگەوت

نووسەر بەشێکی ژیانی سەردەمی منداڵی بە هەژاری و کولەمەرگی لەو کۆڵان و گەڕەکەدا بەسەر بردووە. ئەو حەوشەیەی کە نووسەر باسی لێوە دەکات هەر بە تەنیا ماڵی ئەوانی لێ نەبووە، بەڵکوو وەک خۆشی دەڵێت، زیاد لە پازدە ماڵی هەژار لەوێدا ژیاون لە حەوشەیەکی پان و پۆڕی ئەو مزگەوتەدا. هەر ماڵەی یان خێزانێک تەنها لە ژوورێک و هەیوانێکی بچوکدا ژیاون.

هەموو ئەو ماڵانەی کە لەو شوێنەدا دەژیان، ماڵە هەژار و کەم دەرامەت بوون، ئەو خێزانانە بوون کە خانوویان نەبووە، تەنانەت نەیان توانیوە کرێ خانووش بدەن. بۆیە لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە ئەو شوێنە بۆ ئەو ماڵانە ڕۆڵی وەزارەتی کۆمەڵایەتی ئێستای بینیوە.

کۆمەڵگەی یەکگرتوو سەرەڕای هەژاری

نووسەر لە بەشێکی یادەوەریەکانیدا، وێڕای ئەو هەموو هەژاری و نەداریە، ئەو هەموو کەم و کوڕی و پێویستیانەی کە خێزانەکان هەیانبووە و نەیانتوانیوە دابینی بکەن بۆ خۆیان و منداڵەکانیان، کەچی باس لە جۆرێک ژیان و پەیوەندی بەهێزی کۆمەڵایەتی دەکات کە بۆ ئەم سەردەمە وەک جۆرێک لە خەون دێتە بەرچاو.

بەهای ئەم باسە لەوەدایە کە تەکنەلۆژیای ئەمڕۆ هیچی نەکردبێت، ڕوحی هەموو ئەو پەیوەندیانەی بە جۆرێک کوشتووە کە مرۆڤەکانی تووشی دابڕان و گۆشەگیری و دوورەپەرێزی ڕۆبۆت ئاسای بەرهەم هێناوە. ئەمەش دونیای شارستانیەت و تەکنەلۆژیا و سەرمایەداریە.

ڕەخنە لە تەکنەلۆژیا

نووسەر ڕایەکەی "کلود لیڤی شتراوس"ی کە "بەختیار عەلی" پشت ڕاستی کردووەتەوە دەهێنێتەوە، کە دەڵێت: تەکنەلۆژیا تا دێت مرۆڤ پتر مرۆڤ دەکات بە کۆیلەی خۆی، تا دێت پەیوەندی مرۆڤ و شتەکان نرخێکی بالاتر وەردەگرێت لە پەیوەندی مرۆڤ و مرۆڤ. تەکنەلۆژیا هەم ئینسان لە خۆی دوور دەخاتەوە هەم لە وانی دی.

کۆمەڵگەی تەبای سەردەمی کۆن

ئەو سەردەمانەی لەو حەوشەیەدا کە زیاد لە پانزە خێزانی تێدا بووە، کە نە ئاو بەردەکەوت نە سەرئاو، کەچی ڕۆژێک پرتە و بۆڵەیەک لە کەسەوە نەهاتووە. خانووەکان هەمویان دار و گڵ بوون، خێزانەکان کوڕ و کچی گەنجیان هەبووە، شەوانەی هاوینان هەموویان لەسەر بان دەخەوتن، بە دیار ورشەی ئەستێرەکانەوە دەچوونە دونیای خەیاڵاتی هەژارانەیانەوە.

هەموو سەربانەکان بە تەنیشت یەکتریەوە بوون، کەچی ڕۆژێک لە ڕۆژان کێشەیەک لە نێوان ئەو کچ و کوڕانە، لە نێو ئەو خێزانانەدا ڕوی نەداوە، چونکە هەموویان وەک خوشک و برا سەیری یەکتریان دەکرد. کە دەچونە شوێنێک کلیلی ماڵەکانیان لای یەکتری بەجێ دەهێشت، لە ماڵ و ناموسی یەکتری ئەمین بوون.

پیشەگەرەکانی شارەکە

لە بەشێکی یاداشتەکانیدا باس لە هەموو ئەو وەستا و پیشەگەریانە دەکات کە چ لە شاری سلێمانیەوە هاتبن یان لە شاری کۆیەوە. دانیشتوانەکەی لە خەڵکی هەمەجۆری باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان و جووەکان و عەشیرەتی نوەردینی و میراودەلیەکان پێک هاتبوو. جۆلایی و ڕستن و چنین و مشت و ماڵی خەنجەر و سپیکردنەوی تەشت و مەنجەڵی مس و خم و ڕەنگی جلوبەرگ و چەخماخسازی و تەنەکە سازی و زۆر پیشەی تر بەرهەمی دەست ڕەنگینی وەستا محێدینی تەنەکەساز و وەستا سەعیدی چەخماخساز و وەستا ئەحمەدی مزگەر و وەستا کەمالی شیرگەر و زۆر وەستای لێهاتووتر بوون.

داڕووخانی قەڵات

لە دیمەنێکی یادەوەریەکانیدا باس لە شەوێکی زستانێکی تەڕ و تووش دەکات کە چۆن لایەکی قەڵاتی قەڵادزێ داڕووخاوە و ماڵی خلە لۆزی حەمباڵ و چەندین خێزانی دی دەبنە قوربانی. خێزانەکان دەکەونە بن دار و پەردووی هەرەسهێنانی بەشێک لە جەستەی قەڵات و بانەکانی خانووە ڕزیوەکان. نووسەر دەڵێت: "داروخانی بەشێک لە جەستەی قەڵات نیشانەی ئەو کەمتەر خەمی و بێباکی دەسەڵات بوو کە هەمیشە گوێی خۆی لەو جۆرە کارەساتانە دەئاخنی و دەربەستی گیانی هاوڵاتیان نەدەهات و داڕوخانی بەشێک لە کەلەپوور و پاشماوەی دێرینی وڵاتەکەی خۆشی هەر دەچووە ناو ئەو چوارچێوەیەوە."

بۆردومانەکانی ١٩٦٤ و ١٩٧٤

لە بەشێکی تری یاداشتەکانیدا باس لە بۆردومانکردنی ساڵی ١٩٧٤ و ڕاگواستنی گوند و شار دەکات. تەنانەت پێش ئەو ڕووداو و کارەساتانەش باس لە بۆردومانی ساڵی ١٩٦٤ دەکات کە لەو سەردەمە چۆن لە لایەن فڕۆکەکانی دەسەڵاتی ئەوکاتەوە بە گوللەی شەستیر بۆردومانی گوند و شاریان کردووە و چەندین کەسیان کردۆتە قوربانی سیاسەتە گلاوەکانیان. بۆ ساتی بۆردومانی ١٩٧٤، نووسیویەتی: "ئێستا ڕۆژی چوارشەممەی بیست و چواری مانگی چواری ساڵی هەزار و نۆسەد و حەفتا و چواره، کاتژمێرەکانی مەرگ ورده ورده لە دەی بەیانی نزیک دەبنەوە، پۆلێک فڕۆکەی سیخۆی ڕژێم لە ناوەندی ئاسمانەوە شارەکەیان داگیر کرد و لە چاو تروکانێکدا لەو ئاسمانەوە شاریان خەڵتانی خوێن کرد و دەیان کەسیان لە ژێر دار و پەردوی خانووەکانیان پانکردەوە و لەگەڵ خاکیان یەکسان کردن و قوتابیان و خوێندکارانی زانکۆی سلێمانیان شەهید و لەناوبرد."

هونەر و ڕووناکبیری

لە بەشێکی تری یاداشتە ڕۆمانەکەیدا بە زمانێکی ئەدەبی زۆر ناسک باس لە دروست بوون و سەرهەڵدانی شانۆی میللی و کارەکتەرەکانی دەکات کە لەو سەردەمەدا ڕۆڵێکی دیار و بەرچاویان هەبووە لە پێشکەشکردنی کارە شانۆییەکان و چیرۆکی تەمسیلی نەورۆزان و مل ملانێی پاڵەوان بازان و کەسایەتیە دیارەکانی ئەو بوارانە.

کەسایەتی هەمزە حەسەن

"هەمزە حەسەن مەحمود ئاغا" ئەو ناوەی کە ماوەیەکی زۆر وەک ناوێکی دیار و وردیەکی پتەوی پڕ لە بەها لە گوێی خەڵکی شارەکەدا، بەتایبەتی ئەو قوتابیانەی کە لە سەردەمی ئەودا لە پۆلەکانی سەرەتاییدا دەیانخوێند، دەزرنگایەوە. ئەو کورە ئازا و بەجەرگە هەموو بەیانیان کاتێک قوتابیان ڕیز دەکران، هەر لە سەرەتاوە مامۆستایان دەهاتنە ناو ڕیزەکانی قوتابیان و هەمزەیان بانگ دەکردە ناوەڕاست یان دامێنی قوتابیان و دەیان گووت: "دەی هەمزە گیان ئاهێکمان بە بەردا بکە و سروودە خۆشەکەی شاعیری جوامێر و چاونەترس 'بێکەس'مان بۆ بخوێنەوە." ئەویش بە دەنگە زوڵاڵەکەی وەک ئەکتەرێکی بەئەزموون، دەستەکانی هەڵدەبڕی بۆ سەرەوە و بە هێمایەکی زۆر گونجاوەوە دەیچریکاند و دەیگووت: "ئەی وەتەن مەفتونی تۆم و شێوەتم بیر کەوتەوە، وەختی بەندی و ئەسارەت پێ بە تەوق و کۆتەوە."

میرزا ئەحمەدی ئەشکانی


دەربارەی نەدەب و ڕوناکبیری، نووسەر باس لە میرزا ئەحمەدی ئەشکانی دەکات کە لەبەر شارەزایی و زمان زانینی فارسی و عەرەبی، زۆرێک لە قوتابیانی لە حوجرەی مزگەوتدا فێری خوێندن و نووسین کردووە. ئەو شاعیرێکی دەگمەن و دانسقە بووە، بەڵام بە داخەوە دوای ئەوەی ماڵیان دەچێتە سلێمانی لە ساڵی ١٩٦٣دا، بەهۆی زوڵم و زۆری حەرەس قەومیەکانەوە، هەموو شیعرەکانی لەژێر گڵدا دەشارنەوە و پاش ساڵانێکی زۆر کە دەریان دەهێننەوە، بەهۆی باران و تەڕبوونەوە ڕزیون و هیچ کەڵکێکیان پێوە نەماوە. میرزا ئەحمەد هەر لە سلێمانی کۆچی دوایی دەکات و هەر لەوێش بەخاک دەسپێردرێت.



قەڵادزێ

تۆ کۆرپەی باوەش قەندیل و، بەوری بلفەت و سادری
بەناخی مێژوودا هاتووی، تۆ سەرزەمینی نامریی
تۆ هێلانەی هەڵۆی سووری، بۆلانەواز لانەو ژووری
بۆ دۆست بەهەشت و جەننەتی، بۆ دوژمن کڵپە ئاگری
زامداری بۆمباباران و، شەهیدی دوو وێران بوونی
پێشەنگی خۆپیشاندان و هێمای ڕاسان و ڕابوونی
خانەخوێی شۆڕشی تازەو، یەکەم بڵێسەی هەڵبوونی
تۆ ڕووس و بەعس شکێنی، ئەتۆ سوپای شەبەیخوونی
لەناو خۆڵەمێش و پەردو، هەستانەوەی دوای وێرانی
ئێستا ڕووگەی گەشتیاری و، واری گەرمیان و کوێستانی
ئاڵا هەڵگری زانست و، ئاوەدانی و شارستانی
تۆ مەڵبەندی شەهیدان و، هێمای بەرەنگاری و مانی

محەمەد ئەمین عارف



کڵاوڕۆژنەیەک لە هونەر و ڕۆشنبیری قەڵادزێ

جەعفەر حەسەن

سەرەتای پەرەسەندنی هونەری شانۆ (١٩٣٠-١٩٥٠)

سییەکانی سەدەی بیستەم شایەتی سەرهەڵدانی هونەری شانۆ بوو لە قەڵادزێ، کاتێک کۆمەڵێک لە خەڵکی کۆیە و قەڵادزێ، بە سەرپەرشتی مام بەکری سەعید چاوشین (حاجی بەکری قەساب) دەستیانکرد بە پێشکەشکردنی شانۆی شەقام لە بازاڕی شارەدا. ئەم چالاکییانە، کە گۆرانی، شیعر و هەڵپەڕکێی لەخۆ دەگرت، زۆرجار لە وەرزی بەهاردا پێشکەش دەکران. میرزا ئەحمەدی ئەشکانی (لافاو)، کە بەهۆی شارەزاییەکەی لە زمانی عەرەبی و فارسی لە حوجرەی مزگەوتدا خەڵکی فێری خوێندن و نووسین دەکرد و شیعرەکانی لەم چالاکییانەدا دەخوێندرانەوە. بەداخەوە بەرهەمەکانی لە ساڵی ١٩٦٣ لەناوچوون. ئەم کەسایەتییانە تەنها لەناو شاردا چالاکییان نەدەکرد، بەڵکو سەیران و گەشتیان لە دەرەوەی شار ڕێکدەخست، بەتایبەت لە گوندەکانی بنەوشان، داودێ، شێخ فەرخ، شێخ ڕیشوان و گردی حوسنی. شانۆی کاوەی ئاسنگەر، نەژدەهاک و چەندانی تریان پێشکەشکرد.

کاریگەری خوێندن و پەروەردە (١٩٤٠-١٩٥٨)

ساڵی ١٩٤٠ بەدواوە، کردنەوەی خوێندنگە لە قەڵادزێ و دواتر دامەزراندنی قوتابخانەی ناوەندی لە پەنجاکان و پاشان ئامادەیی، بوونە هۆی دەوڵەمەندبوونی ژیانی ڕۆشنبیری شارەکە. مامۆستایانی نووسەر و ڕۆشنبیری سلێمانی وەک مامۆستا مستەفا ساڵح کەریم و مامۆستا محمد تۆفیق وردی هاتنە شارەکە. هاوکات چەندین کتێبخانە کرانەوە و ڕۆژنامەی «ژین»ی پیرەمێرد گەیشتە قەڵادزێ. لەو سەردەمەدا، نووسەر و هونەرمەند عەبدوڵای خدرە سپیلکە (عەبدوڵا پشدەری) ڕۆڵێکی دیاری هەبوو لە نووسین و ئامادەکردنی چیرۆکی شانۆیی و نواندنی ڕادیۆیی، کە بەشێک بوو لە پەرەسەندنی هونەری قەڵادزێ.

شانۆی میللی و کەسایەتییە پێشڕەوەکان (١٩٥٨-١٩٧٠)

دوای شۆڕشی چواردەی تەمووزی ١٩٥٨، گروپی شانۆی میللی قەڵادزێ دامەزرا. کەسایەتییەکی دیاری ئەم گروپە، شەهیدی جوانەمەرگ هەمزە حەسەن بوو کە ڕۆڵێکی بەرچاوی لە چالاکییەکانی قوتابخانەکاندا هەبوو. ئەم لاوە پێشڕەوە دوای پێشکەشکردنی شانۆیی «داسەکەی شاسوار» لە گردی حوسنی، بۆ شەوەکەی شەهید کرا. دواییەن وتەکانی: «من کرێکارم، من جوتیارم، دژی زۆردارم» بوون. ئەکتەرە دیارەکانی تری ئەم سەردەمە کەسانی وەک خالیدی فەڕاش، حەمەی ئایشێ، غەفووری مام سمایل، وەستا محێدین، مام هۆمەری برایمی قوربانی و حوسێنی مەحمود دەڵاک بوون، کە چەندین کاری شانۆیی کۆمیدییان پێشکەش کرد، لەوانەش «ڕەشەی گامێش خۆر» و «فڕی فڕی قەڵ فڕی».

گەشەسەندنی هونەری مۆسیقا و ڕۆشنبیری (١٩٧٠-١٩٨٠)

لە حەفتاکاندا، هونەرمەندانی گۆرانیبێژی ڕادیۆیی وەک مامۆستا ڕزگاری حاجی سەعیدی ڕەسام (ڕزگار سەعید) کە گۆرانی «جەمیلە»ی لە ڕادیۆی کوردی بەغدا تۆمارکرد، و سەلاحی مەلا ڕەش (سەلاح پشدەری)، خاوەنی گۆرانی «هەرمێ وەی وەی هەرمێ» دەرکەوتن. باوکی ڕزگار، حاجی سەعید، یەکەم کەس بوو کە کامێرای فۆتۆی شەمسی هێنایە قەڵادزێ و گەرماوی بۆ ژنان و پیاوان کردەوە. هەر لەو ساڵانەدا، سینەما لە قەڵادزێ کرایەوە. لە بواری فەلسەفەشدا، دوو ڕۆشنبیر دەرکەوتن: د. حەمید عەزیز و د. کەمال مەمەند ئاغای میراودەلی، کە بەرهەمە فەلسەفییەکانیان «فەلسەفەی جوانی هونەر» و «سەرەتایەک لە فەلسەفەی کلاسیکی یۆنان» بوون.

سەردەمی زێڕینی هونەر و چالاکی (١٩٨٠-١٩٩٠)

لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٨٤، هەردوو تیپی نواندنی قەڵادزێ و تیپی مۆسیقای قەڵادزێ دامەزران. پێش ئەوەش، کەسایەتییەکانی وەک حەسەن و حوسێنی حاجی عەلی، کوڕەکانی حاجی ئیبراهیمی زێڕنگەر، محەمەدی حاجی ئیبراهیم و خالیدی برای، مامۆستا عەبدولغەفار خانەقینی، و ڕەحمانی وەستا حاجی ڕۆڵێکی گرنگیان لە پەرەپێدانی میوزیکی شارەکەدا هەبوو. هاوکات، تیپی شانۆی پێشڕەو دامەزرا و شانۆییەکانی «پێکەنین بەپێی یاسا»، «فایلی شەست و حەوت»، «هاوارێکی تاساو» و وەرگێڕانی «دەستوور و دەرهاویشتن»ی بریخت پێشکەش کران. تیپی شانۆی منداڵانیش دامەزرا و ئۆپەرێتی «ڕووبار»ی حەمە فەریق حەسەنیان پێشکەش کرد.

بڵاوکراوەکان و ڕۆڵی ژنان

چەندین گۆڤار و بڵاوکراوە، لەوانە گۆڤاری «هەنگاو، زنار، پشدەر، قەڵادزێ و چەپکە گوڵ» لەم شارەدا دەرچوون، کە گرنگییان لە دەوڵەمەندکردنی ژیانی فکری و ڕۆشنبیری شارەکەدا هەبوو. ژنان و کچانی هونەرمەند و نووسەر ڕۆڵێکی پێشەنگیان لە ژیانی کەلتووری قەڵادزێدا هەبووە. لە بواری شیعردا کەژاڵ ئیبراهیم خدر و سارا فەقێ خدر؛ لە بواری شانۆدا، خەجیج خانی خوشکی ڕەزا قولی، کوردستان عەلی ئەمین، بەیان ئیبراهیم دەڵاک، گەلاوێژ خدر، گەلاوێژ محمد ساڵح، نیهایەتی مەحمودە ڕەش و زریان مەحمود حاجی؛ لە بواری بەرەنگاری و خۆپیشاندانەکانی ساڵی ١٩٨٢، شەهیدان دایکە ئامینە و خوشکە سنەوبەر نموونەی ئەم پێشەنگییەن.

بەردەوامی کەلتوور تا ئەمڕۆ

ئێستاش چەندین تیپ، دەستە، گروپ و ماڵی کەلەپووری، ڕۆشنبیری و ئەدەبی لە شاری قەڵادزێدا بەردەوامن لە چالاکییەکانیان، کە بەڵگەیە لەسەر بەردەوامی ڕەوتی کەلتووری و هونەری ئەم ناوچە دێرینەی کوردستان.

قەڵادزێ

پارادایمێک لە مێژووی خۆڕاگریدا

ئەرسەلان مەحمود

قەڵادزێ تەنها ناوچەیەکی جوگرافی نییە، بەڵکو نموونەیەکی دەگمەنە لە خۆڕاگری و بەرەنگاربوونەوە. شارێکە کە دەتوانین بە پارادایمێکی مێژوویی دابنێین بۆ لێکۆڵینەوە لە پەیوەندی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگە. قەڵادزێ خاکێکە کە خەڵکەکەی لە ١٩٧٤بەوە خوێنی خۆیان ئاویاندا، بەڵێنێکە لە ١٩٨٢بردیانە سەر، پرسیارکەی سەفەرێکە زۆرەملێ، لە ١٩٨٩ەوە ناگاتەوە بەخۆی.

نەخێر، قەڵادزێ و قەزای پشدەر، ئەو کاغەزە کۆنە نین کە حکومەتی ئێستای عیراق لەسەر مێزی چاوەڕوانی ئاوەدانی و قەرەبوو کردنەوە، بێوڵام جێیهێشتووە، نا هەرگیز ئەو جەستە بێگیان و بێزمانەش نییە کە حکومەتی هەرێم ئەسپاردەی قەدەری کردوە. ئەم شارە هێشتا خوێن لە زامە قوولەکانی دەتکێ، بەپێی ئەم کیسەڵی ئاوەدانی و بە لاملەی ئەو بەرازی ئاوڕدانەوەیە، ولاممەکان ناگەنە گوێچکەی.

"بەعس ئەم شارەی وێرانکرد، چاوەکانی حکومەتی ئێستای عیراقیش ئەم وێرانەیە نابینێت" - ئەمە قسەی "هەرمان"ـە، گەنجێکی ٢٥ ساڵ، کە زانکۆی تەواو کردووە و ئێستا لە کافێیەکی بچووکی ناو شاردا، خەونەکانی دەخنکێنێت. لە تەنیشتیەوە، "ڕۆفان"ی ٢٣ ساڵە، بە پێکەنینێکی تاڵەوە دەڵێت: "حکومەتی هەرێم؟ نا هێشتا خەوی خەفڵەتی جیکاری و حیزبۆکراتی بەرینەداوە".

ئەمڕۆ قەڵادزێ، دەبوو نیشانەیەک بێت بۆ گەشەپێدانی کولتووری و ئابووری هەرێم - عیراق، کەچی دوای سێ دەیە لە خۆییبوون و دەیانسال لە فیدڕاڵی، هێشتا لە ژێر سێبەری وێرانەیی و نەبوونی بودجە و بێپلانی ستراتیژیدا دەنالێنێت. قەڵادزێ لە نێوان پێناسەی مێژوویی و واقیعی ئێستایدا دەژی، شارێک کە لە هەناویدا دەیەها پرسیاری بێوەڵام هەڵیگرتووە و دەکوڵێت.

سەیرەکە لەوەدایە کە ناوچەیەک بە مێژوویەکی دڕەوشاوەی خەبات و قوربانیدان، لە پلانی گەشەپێدانی نیشتمانیدا فەرامۆش کراوە. ئەمەش بۆ چەندین هۆکار دەگەڕێتەوە، لەوانە: نەبوونی دیدگەی ستراتیژی لە لایەن هەردوو حکومەتەوە، کەموکوڕی لە پەیکەری دامەزراوەیی و قەیرانی پێناسە.

ئەوەی بییەوێ دەتوانێ لەوە تێبگات کە ئەم گەنجانە و خەڵکی شارەکە پێویستیان بە حکومەتێکە کە نەک تەنها خزمەتگوزار، بەڵکو پلانێکی ڕوونی بۆ ئێستا و داهاتوو هەبێت. بەغدا دەبێت قەرەبووی زیانلێکەوتووەکانی بکاتەوە، ژێرخانەی مۆدێرنی تێدا دروست بکات و قەڵادزێ بکاتە بەشێک لە سیاسەتی گەشەپێدانی عیراق. حکومەتی هەرێم دەبێت قەڵادزێ بکاتە ناوەندێک بۆ وەبەرهێنان و کولتووری فرەڕەهەند.

قەڵادزێ پێویستی بە پلانێکی ژێرخانی تەکاملی، گەشەپێدانی سەرمایەی مرۆیی، مۆدێلی بەڕێوەبردنی هاوچەرخ و قەرەبووکردنەوەی مێژوویی هەیە. ئەم شارە دەتوانێت ببێتە مۆدێلێک بۆ فێربوون و گەشەپێدانی کۆمەڵگە، بەڵام تەنها ئەوکاتە ئەمە ڕوودەدات کە دیدگەی حکومڕانی بگۆڕدرێت و سیستەمێکی بەرپرسیار دابمەزرێت.

پرسیارەکانی قەڵادزێ ئاڵۆز نین: تەنها وەڵامێکیان دەوێت، وەڵامێک کە شایستەی خوێنی ١٩٧٤ و هیوای ١٩٨٢ و قوربانیدانی ١٩٨٩ بێت.

قەڵادزێ 4/24 | کوردستانی نوێ
دوو تۆپەکی تایبەتە بە ٥١هەمین ساڵیادی بۆردومان و ٤٣ ساڵەی یادی ڕاپەڕینی قەڵادزێ مەڵبەندی ٣٤ی ڕاپەڕین بەهاوکاری کوردستانی نوێ ئامادەیکردووە
سەرپەرشتیار: ئەرسەلان مەحمود
ستافی ئامادەکار: ڕێباز مام شۆڕش - بەکر مەحمود - جەعفەر حەسەن - بێستون عەلی - دەشتی ڕەسوڵ - بەرهەم فەهمی
دیزاین: شیروان عزەت